

د. نەرمین مەعرووف:

## جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا تسونامییەکی ئابوورییە و جیهانی ڕووبەڕووی قەیران و پەتایەکی کوشندە کردەوە

# گوڵان

ساڵی بیست و هەشتەم (١٣٠٨)- (٧)ی ئاداری ٢٠٢٢

دادوەر عەبدولکەریم ئەبوبەکر هەمەوەندی:

# دادگای فیدراڵی لەژێر سێبەری دەستوور دانەمەزراوە و دەبێت پەرلەمان هەڵیبوەشێنێتەوە

ئازادکردنی مافیا و بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان لە ڕووی یاساییەوە پێشێلکارییەکی گەورەی دەستوورییە

تا دێت پابەندبوون بە دەستوور و یاسا لە عێراقدا لاوازتر دەبێت









دوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥دا، ڕژێم هەموو توانا و هەوڵێکی خستە گەڕ لە پێناو ڕێگرتن لە سەرهەڵدانەوەی شۆڕش و سنووردارکردنی چالاکیی پێشمەرگە و کاری پارتایەتیی هەڤاڵان و جەماوەر، بۆ ئەم مەبەستە چەندین ڕێگای گرتەبەر:

* دامەزراندن و پێکهێنانی مەفرەزی تایبەت (مفارز خاصة) لەو بەناو کوردانەی سەر بە خۆی بوون و دژی گەلەکەیان و دۆزە ڕەوایەکەی بوون. ئەوانە زۆربەیان بە تەواوی بە بەعسەوە گرێدراو بوون و دژی هەر کەسێک بوون کە بیر و هزری لای کوردایەتی بوو، بە هەموو توانایانەوە هاوکار و پاڵپشتی بەعس و دامەزراوەکانی بوون لە لێدان و ئەشکەنجەدانی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و گەڕان بە دوای پێشمەرگەدا.

* دوای دەستپێکردنی شەڕی نێوان عێراق و ئێران لە ئەیلوولی ١٩٨٠دا، ڕژێم هەڵمەتی ناونووسکردنی هاووڵاتییان و لاوانی کوردی بۆ دامەزراندن و ڕێکخستنیان لە چوارچێوەی ئەو فەوجانەدا بەرپا کرد، کە بە فەوجە سووکەکان (الافواج الخفيفة) ناسرا بوون. زۆرینەی ئەو کەسانە بەر لە ناونووسین و لە سەروبەندی ناونووسین و دوای ناونووسینیش پرسیاریان لە حیزبە سیاسییەکان کرد. هەر یەکە پرسیاری لەو حیزبە کرد کە سۆزی بۆی هەبوو، یان پەیوەندیی لەگەڵی هەبوو؛ لە پارتی، لە یەکێتی و حیزبەکانی تر. چونکە ئێمە لە ڕووی داراییەوە توانای لەخۆگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی لاوانمان نەبوو، حەزیشمان نەکرد ببن بە ئاوارە و پەنابەر لە ئێران، بۆیە لە وەڵامدا پێمان باشتر بوو لاوانی کورد بە شێوەیەک لە شێوەکان لە کوردستان بپارێزرێن، نەک لە ناوەڕاست و باشوور و لە بەرەکانی شەڕی نێوان هەر دوو وڵات ببنە سووتەمەنیی نیازە شەڕخوازەکانی بەعس، بە مەرجێک دژی جەماوەر و پێشمەرگە نەبن و، تا بۆیان دەکرێت خۆیان بەدوور بگرن لە زیانگەیاندن و ئازاردانی هاووڵاتییان لە کوردستاندا. ژمارەیەکی زۆریش باش بوون و خراپەیان نەبوو، تەنانەت پەیوەندیشیان لەگەڵ ئێمە هەبوو. لە کاتی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی گەلەکەمان زۆرینەی مستشارەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە دژایەتیکردن و بەرەوڕووبوونەوەی هێز و دامەزراوەکانی بەعس لە کوردستاندا گێڕا.

* سەرتاسەری کوردستانی بە هێزە زەبەلاح و چەکدارەکە تەنی و چەندین فیرقە و لیوا و فەوجی سوپاکەی لە کوردستان جێگیر کرد.

# چاپکراوی نوێ




چاپی دووەمی کتێبی (رسالتي من أجل كوردستان) بە زمانی عەرەبی لە نووسینی غەفوور مەخمووری نووسەر و سیاسەتمەدار، بە دیزایینی هاوکارمان لوقمان ڕەشیدی و لە دوو توێی **٣٣٩** لاپەڕەدا کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە، ئەم کتێبە ئاماژە بە چارەگە سەدەیەکی خەبات و بەرخودانی YNDK یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەکات.


نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا باسی لەوە کردووە، کە هەوڵیان داوە لەماوەی ٢٥ ساڵ خەباتی YNDK یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان (١٩٩٥ تاوەکو ٢٠٢٠)، لە ڕێگەی هۆکار و پێگەی جیاوازەوە، سیاسەت و بۆچوونی کوردستان بگەیننە هەموو لایەك.

ئەم کتێبەی نووسەر باسی لە بەشێك لە گوتار و ئەو نامانە دەکات، کە لە کۆنفراس و کۆنگرە و کۆبوونەوە کوردستانی و عێراقی و ناوچەیییەکان پێشکەشی کردوون، ئەمە جگە لە سەرجەم هەواڵ و چالاکییەکانی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان لە کۆڕ و سیمنارەکان کە لە ناوخۆو دەرەوەی کوردستان پێشکەشی کردوون.

مەخمووری لە کتێبەکەیدا دەڵێت: لە بەشی زۆری کۆڕو سیمینارەکاندا دوو پرسیار خراونەتە ڕوو(ئێمە کێین و چیمان دەوێت ؟) ئەو دەڵێت: لە هەمان کاتدا بە ڕاشکاوییەوە وەڵامیان داوەتەوە کە (ئێمە کوردین و وەك هەر نەتەوەیەکی دیکەی جیهان مافمان هەیە سەربەخۆ بین و خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان بین)، بە هەمووانمان گوتووە کە کوردینو سەربەخۆییمان دەوێت.

جێگەی باسە ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو ڕێکەوتی **٢٠٢٢/٣/٣** لە ئێوارە کۆڕێکدا نووسەر لە خانەی ئاشتی لە هەولێر دوای قسەکردن و گفتوگۆ لەسەر کتێبەکە، دواجار بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە ڕۆشنبیرو خوێنەران ڕێورەسمی واژۆکردن و دابەشکردنی بەڕێوەچوو. دەستخۆشی لە کاك غەفوور مەخمووری دەکەین هیوای سەرکەوتن و بەرهەمی زیاتری بۆ دەخوازین.

# چاپکراوی نوێ







لەم ماوەیەدا کۆمەڵێك کتێب بە زمانی کوردی و عەرەبی لەلایەن (پرۆفیسۆر دکتۆر ئیبراهیم ئەحمەد سمو) چاپکران و بە سوپاسەوە گەیشتنە گۆڤاری گوڵان، کە (٦) کتێب لەخۆدەگرێت، کتێبێکیان بە کوردییە بە ناونیشانی (ئەوێ ژ دوور هاتی ) کە لە چل تێکستە چیرۆك پێکهاتووە، کە بریتییە لە چل ژانری جوداجودا، بەڵام هەر تێکستە ناوی خۆی لەسەرە، کاتێ هەر یەکەیان دەخوێنیتەوە هەست بە پەیوەندییەکی تەواوی نێوان ڕووداوەکانیان دەکەیت، کەسایەتیی سەرەکیی هەموو چیرۆکەکان بەیەکەوە بەستراونەتەوە، کە قارەمانی ناو چیرۆکەکەیە، ئەوێ ژ دوور هاتی ئاماژەیە بۆ گواستنەوەی قارەمانەکە لە لایەکەوە بۆ لایەکی دیکە، لە دووریی نێوان هەردوو لادا، مەرج نییە دوورییەکە جوگرافی بێت، بەڵکو پتر ئاماژەیە بۆ دووریی نێوان دوو ڕۆشنبیریی جودا.

پێنج کتێبەکەی دیکەی نووسەر ئەمانەن:

(تجارب الماضي و حكمة الحاضر) ئەم کتێبە چەند ئەزموونێکی ژیان دەگرێتەوە کە بۆ نووسەر زۆر گرنگن و پەنا دەباتە بەر تەوزیف کردنیان لە میانی خستنەڕووی هەموو ئەو ئەزموونانەی ڕابردوو و ئێستای، هەورەها ململانێی خودی نووسەر لەگەڵ دەوروبەری فیکری و ڕەخنەش لە دیاردە نەرێنییە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێت.

کتێبی (أوراق من شجرة الحياة) بریتییە لە کۆمەڵێك وتاری کۆمەڵایەتی و سیاسی، تا ڕادەیەك وەك گەڵای ڕەنگاوڕەنگی درەختی ژیانن، نووسەر بە ڕەنگی جیاواز کۆیان دەکاتەوە، هەر یەکە لەمانە ئەزموونێکی تایبەتییە، بیر و هزری نووسەر کێشانی وێنەیەکی جەنجاڵی ئەم ژیانە دەخاتە بەرچاوی خوێنەر و دواجار دەتوانێت بچێتە بنج و باوانی نووسەرەوە.

کتێبی (قناعات من الواقع) لەمەدا نووسەر ڕاستگۆیانە لەگەڵ ئەزموونێکی پڕ لە بیرو هزر و بۆچوون دەدوێت و وەك مرۆڤێك تێکەڵ بە ژانرێکی ئەدەبی دەکات، لە پێشهاتەکانی نێو کۆمەڵگا و خەم و مەینەتییەکانی کۆمەڵگا ورد دەبێتەوە.

کتێبی (الأنسي الكاتب و الجني الأحمق) ئەمەیان کۆمەڵە وتارو نووسینێکی کۆمەڵایەتییە،







نووسەر خۆی لە سەرکێشییەکی ئەدەبیدا دەبینێتەوە کە خامەی نووسەر دەرك بە جیهانی شاردراوەی دەروونی مرۆڤایەتی دەکات، ئەم کۆمەڵە وتارە بە مۆرکێکی ڕەمزییەوە لای خوێنەر دەبنە تایبەتمەندییەك کە تەنیا ئەدەبی ڕەمزی پەی پێ دەبات.

دوا کتێبی نووسەر ( یومیات کورونا و الخمیس السیاسي) لە کتێبەکەدا جەخت لەسەر ڕۆژی پێنجشەممە دەکاتەوە، کە ئەو ڕۆژە پیرۆزترین ڕۆژە، هەر کەسێك بە شێوەیەك لەم ڕۆژە دەڕوانێت، لای ئەو جیاوازە، کاتێ باسی پەتای کۆرۆنا دەکات دێتە سەر ئەو کەسانەی کە بەم دەردەوە گیان لەدەست دەدەن، هەروەها ئەوانەی تووش دەبن ژیانیان لێ دەبێتە دۆزەخ، دواجار ڕاوبۆچوونی خۆی لەسەر ئەم پەتایە دەردەبڕێت و پێی وایە پەتایەکی دروستکراوی جیهانییە و کاریگەریی بۆ سەر تەندروستیی مرۆڤ و ڕەوڕەوەی ئابووری و پزیشکی هەیە و جوولەی هاووڵاتیانی ئیفلیج کردووە.

دەستخۆشی لە (پرۆفیسۆر دکتۆر ئیبراهیم ئەحمەد سمو) دەکەین بۆ ئەو کۆبەرهەمە نایابەی، بە هیوای بەرهەمی زیاترو دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی.









■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
رێبین رەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر
ناونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری
*Web: www.gulanmedia.com*



# وەرچەرخانێکی دراماتیکی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا
## شەڕی رووسیا- ئۆکرانیا و دەرئەنجامەکانی

جەیمس لیبۆڤیچ :



**شەڕەکە مەترسیدارە و ئەگەری ئەوە هەیە بەرفراوانتر بێت**

د. محەممەد عەلی میران



**سیستەمی سویفت هەوڵەکان بۆ دەرچوونی رووسیا لەم سیستەمە جیهانییە**

مەلا عەبدوڵا شێرکاوەیی



**سیمپۆزیۆمی فەتوا و لێکەوتەکانی بەرەو ئاراستەی یەکخستنەوەی فەتوا لە هەرێمی کوردستان**

هێنری بارکی :



**پوتین قەناعەتی بۆ خۆی دروست کردووە کە ئۆکرانیا بەشێکی دانەبڕاوە لە رووسیا**



ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ وەچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی گەلی کورددا



یاسای توندوتیژیی خێزانی نەیتوانیوە سنوورێک بۆ ژنکوژی دابنێت



مایکرۆسکۆپی مۆبایل



خەوزڕان لە منداڵدا

ساجیدە عەلی :

کاتێک خولیا و حەز یەکدەگرن کەسێکی سەرکەوتوو پێدەگەیەنن






ئەزموون خەڵاتی باشترین فیلمی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی «ڤیکتۆریا» لە کەنەدای بەدەست هێنا


الدورة الانتخابية الخامسة
السنة التشريعية الأولى
الفصل التشريعي الأول
الجلسة رقم (٢)




## پرۆسەی سیاسیی عێراق بەرەو زۆنگاوی

# نەمانی حوکمڕانی و ئەزموونی حزبوڵای لوبنانی

**لە ساڵی ١٩٨٢ حزبوڵای لوبنانی دامەزرا وەک حزبێکی میلیشیایی چەکدار لە دەرەوەی سوپای فەرمیی لوبنان، هەروەها ئەم حزبە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە هەتا ئێستا ئایەتوڵا خومەینی بە ڕابەری خۆی زانیوە**

**سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی جیا لەوەی بەشێکی زۆری میلیشیا چەکدارەکانی شیعەی عێراق و لوبنانی بۆ شەڕی ناوخۆی سووریا برد، لە هەمانکاتدا دوو لیوای گەورەی میلیشیای لە شیعەکانی پاکستان و ئەفغانستان لە سووریا دروست کرد و بەڵێنی ئەوە بە چەکدارەکان درا، کە ڕەگەزنامەی ئێرانییان پێ دەبەخشن**

**لە ساڵی ١٩٩٢ میلیشیای «حەرەکەی ئەنسارولڵا» لەسەر دەستی بەدرەدین حوسی دامەزرا و، پاشان ئەم حەرەکەیە بە «حوسی» ناسرا و، بەردەوام حزبوڵای لوبنانی وەک بریکاری سوپای پاسداران مەشق و ڕاهێنانی بە چەکدارەکانی کردووە**

لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە هەتا دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانی وڵاتانی عەرەبی لە ساڵی ٢٠١١، دەوڵەتانی عەرەبی (سوننە) تەنیا لە بونیادنانی یەك دامەزراوەدا سەرکەوتوو بوون، کە ئەویش دامەزراوەی سوپایەکی بەهێز بووە بۆ پاراستنی ڕژێمە دیکتاتۆر و پادشاییەکانی وڵاتانی عەرەبی سوننە مەزهەب. هەروەها لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ هەتا ئێستا، کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە لەو وڵاتانەی کە بەشێك لە دانیشتووانەکەی شیعەن شۆڕشیان بۆ هەناردە بکات، لەم هەناردەکردنەش تەنیا هەوڵی داوە میلیشیای چەکداری دروست بکات، هەموو ئەو میلیشیایانەش یەك مەرجەعییەت وەربگرن، کە ئەویش ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامییە، ئامانجیش لە دروستکردنی ئەم میلیشیایانە و پڕچەککردنیان بۆ ئەوە بوو کە جێگەی سوپای ئەو وڵاتانە بگرن کە حوکمڕانییان بە دەست تائیفەی شیعەوە نەبووە، بەمجۆرە:

١- لە ساڵی ١٩٨٢ و لە گەرمەی شەڕی عێراق- ئێراندا، کۆماری ئیسلامیی ئێران لیوایەکی بە ناوی «لیوای بەدر» لەو خەڵکە شیعانە دروست کرد کە بەشێکیان لە ترسی ڕژێمی سەدام حوسێن هەڵاتبوون بۆ ئێران و ئەو سەربازانەی کە ڕەتیان کردووە بەشداریی شەڕی ئێران بکەن، هەروەها ئەو سەربازە شیعانەشی کە لە میانەی شەڕەکەدا دەکەوتنە دەستی سوپای ئێران، پاشان ئەم میلیشیایە سەربازییانە زیادی کرد و ناویان لێ نا «فەیلەقی بەدر»، پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن گۆڕییان بۆ «ڕێکخراوی بەدر».

٢- هەر لە ساڵی ١٩٨٢ حزبوڵای لوبنانی دامەزرا وەك حزبێکی میلیشیایی چەکدار لە دەرەوەی سوپای فەرمیی لوبنان، هەروەها ئەم حزبە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە هەتا ئێستا ئایەتوڵا خومەینی بە ڕابەری خۆی زانیوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ئەم میلیشیا چەکدارییەی حزبوڵا لە بەهێزبووندا بووە و، ڕۆڵی دیار و گەورەی لە شەڕەکانی سووریا و عێراق و یەمەندا هەبووە، بە هیچ جۆرێکیش خۆی ناخاتە ژێر دیسیپلینەکانی سوپای لوبنانەوە.

٣- لە دوای ساڵی ٢٠١١ و دەستپێکی شەڕی ناوخۆ لە سووریا، سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی جیا لەوەی بەشێکی زۆری میلیشیا چەکدارەکانی شیعەی عێراق و لوبنانی بۆ شەڕی ناوخۆی سووریا برد، لە هەمانکاتدا دوو لیوای گەورەی میلیشیای لە شیعەکانی پاکستان و ئەفغانستان لە سووریا دروست کرد و بەڵێنی ئەوە بە چەکدارەکان درا، کە ڕەگەزنامەی ئێرانییان پێ دەبەخشن.

٤- لە ساڵی ١٩٩٢ میلیشیای «حەرەکەی ئەنسارولڵا» لەسەر دەستی بەدرەدین حوسی دامەزرا و، پاشان ئەم حەرەکەیە بە «حوسی» ناسرا و، بەردەوام حزبوڵای لوبنانی وەك بریکاری سوپای پاسداران مەشق و ڕاهێنانی بە چەکدارەکانی کردووە، پاشانیش لەلایەن ئێرانەوە بە کەشتی چەکیان بۆ نێردراوە و پڕچەك کراون، هەتا کار گەیشتە ئەوەی ببنە ئەو هێزەی کە شەڕێکی گەورە لە یەمەن هەڵبگیرسێنن، بۆیە وڵاتانی عەرەبی سوننە بە سەرپەرشتیی عەرەبستانی سعودی هاوپەیمانییەکیان پێکهێنا بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ بەهێزبوونی میلیشیای حوسییەکان دابنرێت، بەڵام وڵاتی یەمەن وێران بوو و چەکدارانی حوسی لاواز نەبوون.

٥- سوپای پاسداران هەوڵی دا بە ڕێگەی چەکدارکردنی شیعەکانی بەحرێن، سیستەمی پادشایەتی بەحرێن بڕووخێنێت، ئەوە بوو سوپای عەرەبستانی سعودی دەستێوەردانی کرد و ئەم هەوڵەی شکست پێ هێنا.

٦- بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین، پشتگیری حەرەکەی «حەماس»ی فەلەستینی «سوننە»ی کردو، سەرکردەکانی ئەم حەرەکەیەش زۆر ڕاشکاوانە سوپاسی کۆماری ئیسلامییان کردووە. حەماس تەنیا لایەنی سوننەیە کە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە، ئامانجی ئێرانیش لە پشتگیریی ڕەهای بۆ حەرەکەی حەماس، لەگەڵ ئەوەی لە ڕووکاری دەرەوە پشتگیرییە بۆ گەلی فەلەستین و دژایەتیی ئیسرائیل، بەڵام لە دیوی ناوەوەی ئامانجی ئەوەیە ئەو ڕێککەوتنانە سەرنەگرن و شکست بهێنن کە لە نێوان دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین و ئیسرائیل هەیە بۆ چارەسەر لەسەر

بنەمای دوو دەوڵەت «فەلەستین و ئیسرائیل»، ڕاشکاوانەتر بۆ ڕێگریکردنە لە دروستبوونی دەوڵەتی فەلەستین، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە زیادبوونی دەوڵەتێکی دیکەی سوننەیە لەسەر سنووری حزبوڵا لە لوبناندا.

ئەم باکگراوەندە پێویست بوو، پێش ئەوەی ئەو پرسیارە بکەین، بۆچی لەسەر ئاستی تەواوی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نە سیستمێك ماوە بە ناوی سیستمی «ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»، هەروەها نە حوکمڕانییەك ماوە بە ناوی «حوکمڕانی و حوکمڕانیی باش؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبی «سوننە» و ئەو دەوڵەتانەشی کە کاریگەریی ئێران و میلیشیای چەکداری وەلائیان تێدایە، پەیوەستە بەوەی کە هەم دەوڵەتانی عەرەبی سوننە پشت بە گەلەکەی خۆیان نابەستن و زیاتر دەیانەوێت هێزی دەرەکی کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکات، بە هەمان شێوە میلیشیا چەکدارە شیعەکانی وڵاتانی عێراق و لوبنان و یەمەن و...هتد، ئەوانیش بۆ ئەوە دروست نەبوون کە پشت بە گەلەکەی خۆیان ببەستن، بەڵکو چاوەڕێن لە مەرجەعییەتی باڵای شۆڕشی ئیسلامییەوە فەرمانیان بۆ بێت و ئەوانیش جێبەجێی بکەن.

لەسەر ئەم بنەمایە و دوای ئەوەی ئەو سیستمەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەمریکا دامەزرێنەری بوو و لەبەریەك هەڵوەشایەوە، دەوڵەتانی عەرەبی سوننە پەنایان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل برد و، بەحرێن و ئیمارات بە ئاشکرا ڕێککەوتنی «ئیبراهیم»یان لەگەڵ ئیسرائیل ئیمزا کرد، دەوڵەتانی دیکەی عەرەبی سوننەش نەك هەر سەرکۆنەی ئەم ڕێککەوتنەیان نەکرد، بەڵکو وەك باس دەکرێت، ئەوانی دیکەش لە چەندین کەناڵی جیاوازە هەمان «ڕێککەوتنی ئیمزانەکراو»یان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە، لە بەرامبەریشدا ئەو دەوڵەتانەی لە ژێر کاریگەریی میلیشیا چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامین وەك «عێراق، لوبنان، سووریا»، بە هەمان شێوەی کۆماری ئیسلامی لە دژایەتییان بۆ ئیسرائیل بەردەوامن و داوای نەمان و ڕووخانی دەوڵەتی ئیسرائیل دەکەن.

لێرەدا پرسەکە لەسەر ئەوە نییە کە «ئاساییکردنەوە، یان دژایەتیکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل» کامیان باشە و کامیان خراپە، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە کە دەوڵەتانی عەرەبی «سوننە و شیعە» بە خۆیان و بە پشتبەستن بە گەلەکەیان ناتوانن حوکمڕانی بکەن و هەمیشە چاویان لەوی دیکەیە کە پشتی پێ ببەستن و، پشتبەستوون بەوی دیکە «dependency» نەك سەربەخۆ «In-dependent»، ئەمەش ئەو فاکتەرە گرنگەیە کە وادەکات دەوڵەتە سوننەکان پەنا بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل ببەن و پشتی پێ ببەستن، بەشەکەی دیکەش کە شیعەیە، یان عەلەوی، پەنا بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرن، سەرەنجامیش، یان حوکمڕانیەکی توند و دڕندە، یان پاشاگەردانی و حوکمڕانیی میلیشیایی جێگەی حوکمڕانیی ڕاستەقینە و باش دەگرێتەوە.

## ● پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا پشتکردنە سندوقی دەنگدان و پشتبەستن بەوی دیکە

عێراق لەسەر ئاستی نەتەوە، لە دوو نەتەوەی سەرەکیی «کورد و عەرەب» پێکهاتووە، لەسەر ئەم بنەمایە عەرەبی عێراق بە «شیعە و سوننە»وە، لە بەرامبەر نەتەوەی کورد کێشە و جیاوازیی مەزهەبییان نییە و وەك نەتەوەی عەرەب بەرامبەر نەتەوەی کورد ڕادەوەستن و دژایەتی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن، نزیکترین نموونەی زیندووش لەسەر ئەم پرسە، ئیمزاکردنی دادوەرەکانی عەرەبی «شیعە و سوننە» بوو لەسەر ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی کە دژی نادەستووریبوونی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەریان کرد و، پێشتریش دەیان نموونەی دیکە لە ناو پەرلەمان هەبوون، بەتایبەتیش ئەو بڕیارانەی لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە دوای ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم دەرکران و، هەموو بڕیارەکانی پەرلەمانی عێراقیش دژی ئەو دستوورە بوون کە عێراقی وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی پێناسە کردووە.

**حەماس تەنیا لایەنی سوننەیە کە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە، ئامانجی ئێرانیش لە پشتگیریی ڕەهای بۆ حەرەکەی حەماس، لەگەڵ ئەوەی لە ڕووکاری دەرەوە پشتگیرییە بۆ گەلی فەلەستین و دژایەتیی ئیسرائیل، بەڵام لە دیوی ناوەوەی ئامانجی ئەوەیە ئەو ڕێککەوتنانە سەرنەگرن**

**دوای ئەوەی ئەو سیستمەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەمریکا دامەزرێنەری بوو و لەبەریەک هەڵوەشایەوە، دەوڵەتانی عەرەبی سوننە پەنایان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل برد**

**ئەو دەوڵەتانەی لە ژێر کاریگەریی میلیشیا چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامین وەک «عێراق، لوبنان، سووریا»، بە هەمان شێوەی کۆماری ئیسلامی لە دژایەتییان بۆ ئیسرائیل بەردەوامن و داوای نەمان و ڕووخانی دەوڵەتی ئیسرائیل دەکەن**



لەسەر ئاستی پێکهاتە سەرەکییەکانیش، عێراق لە سێ پێکهاتەی سەرەکی پێکهاتووە کە بریتین لە «نەتەوەی کورد، عەرەبی شیعە، عەرەبی سوننە»، لەم چوارچێوەیەدا لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی گەلی کورد سوننەن، بەڵام هەرگیز خۆی نەکردووەتە بەشێك لە کێشەی «سوننە و شیعە»و بە پێی توانای خۆی هەوڵی داوە شەڕی ناوخۆ لە نێوان عەرەبی سوننە و شیعە دروست نەبێت. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و هەڵوەستەلەسەرکردنە، ئەوەیە کە عەرەبی «شیعە و سوننە» لە بەرامبەر کورد، هەر دوولایان عەرەبن، بەڵام لەسەر ئاستی ڕق و کینەی مەزهەبی، بەشی زۆری عەرەبی سوننەی عێراق و سووریا، حوکمڕانیی تیرۆریستانی داعشیان لە حوکمڕانیی شیعەی عێراق و بەعسی عەلەویی دیمەشق پێ باشترە، لەبەرامبەریشدا عەرەبی شیعە بەو جۆرە سەیری عەرەبی سوننە دەکات کە هەموویان لە چوارچێوەی تیرۆریستاندا پۆلین بکات و شەرعییەتی کۆمەڵکوژی پێ وەربگرێت و، تەنانەت جیگری سەرۆك کۆماری عێراق و جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق کە دوو کەسایەتیی سیاسیی سوننە بوون، بە یاسا وەك تیرۆریست مامەڵەیان لەگەڵ کرا.

لە ناو مۆزائیکی ئەم نەخشە سیاسییە ئاڵۆزەی عێراقدا، عەرەبی شیعەی عێراق لە دوای ٢٠٠٣وە هەتا تشرینی ٢٠١٩ تا ڕاددەیەك لەسەر ئەوە کۆك بوون کە دەبێت حوکمڕانیی عێراق بە دەستی ئیسلامی سیاسیی شیعەوە بێت، لەسەر ئەم پرسەش نابێت هیچ لایەنێکی ئیسلامی سیاسیی شیعە سازش بکات، هەردوو لایەنی کورد و سوننەش دەبێت لەگەڵ ئەم ئاراستەیە مامەڵە بکەن. بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠١٩ کە خۆپیشاندانەکانی تشرین دەستی پێ کرد و، حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی ناچارکرا دەست لەکار بکێشێتەوە، ئیدی لەو کاتەوە جاری شکستهێنانی حوکمڕانی «ئیسلامی سیاسیی شیعە» درا و، لە ناو ئیسلامی سیاسیی شیعەدا دوو ئاراستە هاتە ئاراوە، ئاراستەیەکیان تەیاری سەدر بوو کە موقتەدا سەدر تا ئێستاش سەرکردایەتی دەکات، ئاراستەیەکی دیکەش کە ئیتاری تەنسیقی

**عەرەبی عێراق بە «شیعە و سوننە»وە، لە بەرامبەر نەتەوەی کورد کێشە و جیاوازیی مەزهەبییان نییە و وەک نەتەوەی عەرەب بەرامبەر نەتەوەی کورد ڕادەوەستن و دژایەتی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن**



شیعە بوو، کە هەموو ئەو لایەنانەی لەخۆی دەگرت کە خاوەنی میلیشیای سەربازین و بە جۆریك لە جۆرەکان خۆیان وەلائیان بۆ ڕابەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێرانە.

لە هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ی عێراقدا، تەیاری سەدر بە سەرۆکایەتیی موقتەدا سەدر زۆرینەی کورسییەکانی شیعەی بەدەست هێنا و سەرەنجام وەك فراکسیۆنی گەورە خۆی ناوزەد کرد و هاوپەیمانییەکی سێ قۆڵی لە نێوان «تەیاری سەدر و پارتی دیموکراتی کوردستان و هاوپەیمانیی سیادەی سوننە» دروست بوو، لە دوای دروستبوونی ئەم هاوپەیمانییە، ئیتاری تەنسیقی شیعە دژی ئەم هاوپەیمانییە ڕاوەستا و هەوڵی دا بە شێوازی دیکە «توندوتیژی، بەکارهێنانی چەك، دادگای فیدراڵی»و هەروەها پێکهێنانی هاوپەیمانییەك بۆ دروستکردنی «سێیەکی پەکخراو» کەوتە دژایەتیی ئەم هاوپەیمانییە و پەکخستنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا و تا ئیستاش ئەم پەکخستنە درێژەی هەیە و چاوەڕێ ناکرێت بە ئاسانی ئەم چەقبەستنە بکرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەی پێرێ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دووبارە دەرگای خۆپاڵاوتنی بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار کردەوە و بە زۆرینەی دەنگ ئەم بڕیارە پەسەند کرا، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە دوای ئەم بڕیارەی پەرلەمان پرۆسەکە هەنگاوی خێرا هەڵدەگرێت و لە ئایندەیەکی نزیکدا حکومەت پێکدەهێنرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی پێکهێنانی حکومەت بە پلەی یەکەم پەیوەست دەبێت بەو ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنەی لە نێوان هەردوو باڵی ئیسلامی سیاسیی شیعە «تەیار و ئیتار» دێتە ئاراوە و، ئەگەر ئەم دووانە نەگەنە ڕێککەوتنێکی هاوبەش، ئەوا زۆر بە ئاسانی پرۆسەکە بەڕێوەناچێت و لەوانەیە عێراق بەرەو قۆناخی «نەبوونی حوکمڕانی» هەنگاو هەڵبگرێت، لە حاڵەتێکیشدا ئەگەر لە ژێر هەر گوشارێکدا هەر دوو لایەنی شیعە بگەنە ڕێککەوتن، ئەوا ئەو حوکمڕانییەی کە دروست دەبێت و لە ئاکامدا حکومەتی لەسەر پێکدەهێندرێت، بێجگە لە دووبارەکردنەوەی ئەزموونی حزبولڵای لوبنانی شتێکی دیکە نابێت.

**لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی گەلی کورد سوننەن، بەڵام هەرگیز خۆی نەکردووەتە بەشێک لە کێشەی «سوننە و شیعە»و بە پێی توانای خۆی هەوڵی داوە شەڕی ناوخۆ لە نێوان عەرەبی سوننە و شیعە دروست نەبێت**

دادوەر عەبدولکەریم ئەبوبەکر هەمەوەندی

ئەندامی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان بۆ گوڵان:

# دادگای فیدراڵیی عێراق لەژێر سێبەری دەستووردا دانەمەزراوە و پێشێلکاریی دەستووری کردووە، دەبێت پەرلەمان هەڵیبوەشێنێتەوە

## ئازادکردنی مافیا و بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان لە ڕووی یاساییەوە پێشێلکارییەکی گەورەی دەستوورییە و هەڵەیەکی مێژووییە

پێشێلکردنی دەستوور و کاری نایاسایی لە عێراقدا گەیشتووەتە ڕاددەیەك، دادگای فیدراڵیی عێراق بە نادەستووری و نادادپەروەری، بڕیار لە دژی یاسای نەوت و گازی کوردستان دەردەکات و، سەرۆك کۆماری عێراق بە مەرسومێك مافیای مادە بێهۆشکەرەکان دوای حومکمدانی و لە ناو زینداندا ئازاد دەکات، شرۆڤەکردن و گفتوگۆکردن لەسەر ئەم دوو پێشێلکارییە دەستووری و یاساییە، تەوەرەی سەرەکیی دیدارێکی گۆڤاری گوڵان بوو لەگەڵ دادوەر عەبدولکەریم ئەبوبەکر هەمەوەندی ئەندامی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان.



*** لە دوایین پەڕەگرافی پێشەکی دەستووری عێراقدا هاتووە: «پابەندبوون بەم دەستوورە یەکێتیی ئازادانەی گەل و خاك و سەروەریی عێراق دەپارێزێت.» پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئێوە وەکو دادوەرێکی شارەزا و بەئەزموون، چۆن دەڕواننە پابەندبوون بە دەستوور و سەروەریی دادگا و یاسا لە عێراقدا، بەتایبەتی دوای ئەو زنجیرە پێشێلکارییە دەستوورییانەی دەرهەق بە کوردستان کراون؟**

- پابەندبوون بە دەستوور و یاسا، زامنی نەك چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی نێوان ناوەند و هەرێمە، بەڵکو زامنی پاراستنی پێکەوەژیان و یەکپارچەیی خاك و وڵاتیشە، بەداخەوە تا دێت پابەندبوون بە دەستوور و یاسا لە عێراقدا لاوازتر دەبێت، بە ڕاددەیەك فشار و دەستێوەردانەکان گەیشتوونەتە ناو دادگای ئیتحادیی عێراقیش، ئەوەتا بەم بڕیارەی دوایی دادگاکە دژ بە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و دەستبردن بۆ بابەتێك کە ناچێتە ناو چوارچێوە و کاری تایبەتمەندیی دادگاکەوە، ئەوەی سەلماند کە چیتر ئەم دادگایە بێلایەن نییە و ڕێز لە دەستوور و یاسا ناگرێت، دادوەرەکان ڕێگەی سیاسەتیان گرتووەتە بەر و لایەنێکی حزبی و سیاسیی دیاریکراو بە ئەجندەی دەرەکی ئاراستەیان دەکات، بەڕاستی دادگای ئیتحادیی عێراق لە ڕێڕەوی ئەرك و کاری یاسایی و دادپەروەریی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە، واتا دەسەڵاتی سیاسی تێکەڵ بە کاری یاسایی بووە و فشار و دەستێوەردانەکانی سیاسی بۆ ناو کاری دادگای فیدراڵی بە ڕوون و ئاشکرایی دیارە و، ئەم دادگایە جێگەی متمانە نەماوە. کاتێك کورد بە ئارەزوومەندانە ڕۆڵی لە دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراقدا هەبوو، بۆ ئەوە بوو ڕێز لە بنەماکانی پێکەوەژیان و هاوبەشی و تەوازن بگیرێت و، هەمووان پێکەوە دەنگمان لەسەر دەستوورێك دا، تا ماف و ئەرکەکان بە دادپەروەرانە ڕێك بخات و، دەسەڵاتە حەسرییەکان لە دەسەڵاتەکانی هەرێم و پارێزگاکان جیابکاتەوە، نەوەکو بە پێچەوانەوە دەسەڵاتەکانمان لێ زەوت بکاتەوە، ئەمەش جاری یەکەم نییە کە ئەم دادگایە دژ بەکورد و هەرێمی کوردستان بڕیاری نادەستووری و نایاسایی دەر بکات.

**تا دێت پابەندبوون بە دەستوور و یاسا لە عێراقدا لاوازتر دەبێت، بە ڕاددەیەک فشار و دەستێوەردانەکان گەیشتوونەتە ناو دادگای فیدراڵی عێراقیش**

**دادوەرەکان ڕێگەی سیاسەتیان گرتووەتە بەر و لایەنێکی حزبی و سیاسیی دیاریکراو بە ئەجندەی دەرەکی ئاراستەیان دەکات**

*** لەم حاڵەتەدا کە دادگاکە بۆ لایەنێکی سیاسی و لە دژی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی نادادپەروەریی داوە، تاچەند لە داوارۆژدا متمانە بەو دادگایە و بڕیارەکانی دەمێنێت؟**

**کاتێک کورد بە ئارەزوومەندانە ڕۆڵی لە دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراقدا هەبوو، بۆ ئەوە بوو ڕێز لە بنەماکانی پێکەوەژیان و هاوبەشی و تەوازن بگیرێت**

**دەبووایە لە دوای دەنگدان لەسەر دەستووری هەمیشەیی عێراق، دادگایەکی نوێ فیدراڵی بە ڕەچاوکردنی نوێنەرایەتیی هەموو پێکهاتەکان دابمەزرایە و دەسەڵاتە حەسرییەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێم و پارێزگاکانی بە ڕوون و ئاشکرایی جیا بکردایەتەوە**

**تەنیا هەرێمی کوردستانە کە خاوەنی دامەزراوەی تەشریعیی پەرلەمانە و دادگای تایبەت بەخۆی هەیە و، بڕیارەکانی یاسایین و هەمووان پابەندن پێوەی**

**گەندەڵی لە عێراق بووەتە دیاردەیەکی مەشرووع و هەر بەرپرس و لایەنێکی سیاسی و میلیشیایەک بیرە نەوتێکی هەیە و، دامەزراوە و بۆڕی و گەشتی بارهەڵگری نەوت بە سەر بەرپرسەکاندا دابەش بووە و دادوەر و دادگاکانی عێراق باسیشی ناکەن**

- عێراق پێویستی بە دادگایەکی ئیتحادیی دادپەروەرانەی وا هەیە، کە نوێنەرایەتیی هەموو پێکهاتەکانی تێدا بێت، بەتایبەتی نوێنەرایەتیی گەلی کوردی زۆر زیاتر لە ئێستا بێت، چونکە پێکهاتەیەکی سەرەکیی عێراقە، پێویستە پەرلەمانی عێراق دابنیشێت و ئەو دادگایە هەڵبوەشێنێتەوە، لەبەر ئەوەی دادگای ئیتحادیی عێراق لەژێر سێبەری دەستووردا دانەمەزراوە و، پێشێلی دەستووری لە مەسەلەیەکی هەستیاری وا کردووە، کە بە ڕوونی دیارە کێ ئاراستەی کردووە، لەو بڕیارانەشی کە پسپۆڕایەتیی ئەو نییە و دەچێتە ناو چوارچێوەی مافە دەستووری و یاساییەکانی هەرێمەوە، نابێت دادگای ئیتحادی عێراق خۆی تێدا هەڵقورتێنێت. ئەوەی ئەم بۆچوونەش بەهێز دەکات، ئەوەیە کە ئەم دادگایە لە دوای دەرچوونی دەستووری هەمیشەیی عێراق دانەمەزراوە، بەڵکو درێژەپێدەری سەردەمی بەعسە، واتا دەبووایە لە دوای دەنگدان لەسەر دەستووری هەمیشەیی عێراق، دادگایەکی ئیتحادیی نوێ بە ڕەچاوکردنی نوێنەرایەتیی هەموو پێکهاتەکان دابمەزرایە و، دەسەڵاتە حەسرییەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێم و پارێزگاکانی بە ڕوون و ئاشکرایی جیا بکردایەتەوە. هەرچەندە لە ئێستاشدا بەپێی مادده دەستوورییەکان هەندێکیان دەسەڵاتی حەسریی حکومەتی فیدراڵییە و هەندێکی دیکەیان لە دەسەڵاتی هەرێمەکان و پارێزگاکانە، هەرێمەکان تەنیا هەرێمی کوردستانە کە خاوەنی دامەزراوەی تەشریعیی پەرلەمانە و دادگای تایبەت بەخۆی هەیە و، بڕیارەکانی یاسایین و هەمووان پابەندن پێوەی. ئەگەر وانییە کەواتە پەرلەمان و دامەزراوە یاساییەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کاریان چییە و بۆچی دامەزراون؟ خۆ ئەگەر ئەم دادگایە بەم ئاراستە سیاسییە و لە دژی هەرێمی کوردستان بجووڵێندرێت، ئەوا لە سەدا سەد بە ئاشکراش دیارە دادگای ئیتحادی کار بۆ لاوازکردن و کوژاندنەوەی هەرێم دەکات، ئەمە هیچ جێگای قبووڵکردن نییە و بڕیارەکانی دادگای ئیتحادی مەعقووڵ نییە، دادگاکە وای لێ هاتووە، بووەتە ئەدایەك بە دەست لایەنە سیاسییەکانەوە، ئەوەتا تەنانەت لە بڕیارەکەی لە دژی خۆکاندیکردنی هوشیار زێباری کەوتە هەڵەیەکی گەورەوە و، دواتر لە دژی درێژکردنەوەی خۆکاندیدکردنەوە بوو بۆ سەرۆك کۆمار، ئەگەرچی لەم بڕیارەی دا بڕگەیەکی داناوە بەوەی ئەم کارە دەبێت پەرلەمان بیکات، هەموو ئەم بڕیار و کارانەی دادگای ئیتحادیی عێراق بەو ئاراستەیە دەمانبات، پێشێلکاریی دەستووری و یاساییە و مەزهەب و هۆز و ئەجندەی سیاسی ئاراستەی بڕیارەکانی دادگاکە دەکات، دادوەرەکانیش بێلایەن نین و، هەر لایەن و هاوپەیمانێتی و حزبێکی سیاسی لە عێراقدا بەهێزتر بێت، ئەو سکاڵاکان دەجووڵێنێت و ئاراستەی دەرکردنی بڕیارەکانیش دەکات، بەمەش یاسا تا دێت لە عێراقدا لاوازتر دەبێت و تاوان و گەندەڵی و کوشتن و دزی و بێسەروبەری و شەڕی هۆزەکان و دەیان دیاردەی دیکەی تاوان تا دێت زیاتر دەبێت، بە ڕاددەیەك گەندەڵی لە عێراق بووەتە دیاردەیەکی مەشرووع و هەر بەرپرس و لایەنێکی سیاسی و میلیشیایەك بیرە نەوتێکی هەیە و، دامەزراوە و بۆڕی و گەشتی بارهەڵگری نەوت بە سەر بەرپرسەکاندا دابەش بووە و دادوەر و دادگاکانی عێراق باسیشی ناکەن.

*** بە مەرسوومێك تاوانبارێکی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان لە زیندان بەر درا، لە کاتێکدا ئەمە تاوانبارێکی نێودەوڵەتییە و دەچێتە چوارچێوەی ماددەیەکی دەستوورییەوە، لەگەڵ ئەم مافیایەش کۆمەڵێك تاوانباری دیکەش بەر دراون، ئایا ئەمەش ناچێتە چوارچێوەی پێشێلکاریی دەستووری و ئەخلاقییەوە؟**

- ئازادکردنی مافیا و بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان لە ڕووی یاساییەوە پێشێلکارییەکی دەستووریی گەورەیە و هەڵەیەکی مێژوویشە، تاوانباری مادده هۆشبەرەکان کە لە دادگایەکی عێراقیدا حوکمی هەتاهەتایی لەسەر درابێت، بە هیچ شێوەیەك ناکرێت بە مەرسووم و بڕیارێك ئازاد بکرێت، بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان حوکمی زۆر توندیان لەسەر دەدرێت، وەکو ئەوە نییە تاوانبارێك ئەم ژەهرەی مادده هۆشبەرەکان بەکار بهێنێت، ئێستاکە باس لەوە دەکرێت کە ڕاستەوخۆ دوای ئازادکردنی لە زیندان ئەو تاوانبارە بۆ

دەرەوەی وڵات هەڵهاتووە، لەم حاڵەتەشدا هەموو بەرپرسیارێتییەکی یاسایی دەکەوێتە سەرشانی سەرۆك کۆمار، تەنانەت ئەگەر لە بڕیارەکەش پاشگەز بووبێتەوە. ئەرکی سەرۆك کۆمارە کە هەڵەیەکی وا مێژوویی کردووە، هەموو هەوڵێك بدات بۆ دەستگیرکردنەوەی ئەم تاوانبارە، هەر چەندە من ئەمە بە هەڵە نازانم، بەڵکو ئەمیش وەکو دادگای ئیتحادیی عێراق فشاری لەسەر بووە و ئەم کارەیان پێ کردووە، بەڵام دەبووایە سەرۆك کۆماری عێراق ئەوەی بزانیبایە کە ئازادکردنی تاوانبار و مافیای وا مەترسیدار و گەورە، هەڵەیەکی دەستووری و یاسایی گەورەیە، با دادگای ئیتحادیی عێراق بەرامبەر ئەم پێشێلکارییە دەستوورییە هەڵوێستی هەبێت و بڕیار بدات، ئەگەرچی من پێم وایە ئەم دادگایە کاری وا ناکات، لەبەر ئەوەی وەکو ئاماژەم پێ دا، دادوەرەکانی دادگای ئیتحادیی عێراقی بێلایەن نین و بە تەوجیهی حزبی نەبێت، بڕیار دەرناکەن و، هەر ئەندامێکی دادگاکە نوێنەرایەتیی حزبێکی دیاریکراو دەکات .تاوانی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان بە یەکێك لە تاوانە نێودەوڵەتییە گەورەکان دادەنرێت و، هەموو دادگا و حکومەتەکانی دنیا کار بۆ بنبڕکردنی ئەم بازرگانییە نایاساییە مەترسیدارە دەکەن، کە تاك و کۆمەڵگە و وڵاتان تێك دەدەن. لە هیچ وڵات و لە هیچ زەمەنێکدا نەبووە بازرگانێکی مادده هۆشبەرەکان دوای ئەوەی دادگا حوکمی لەسەر داوە، لەناو دادگادا بەڵگەکانی لەسەر ڕوون و ئاشکرا بووە و بەپێی مادده یاساییەکان و بەڵگەنامەکان حوکم دراوە و خراوەتە ناو زیندانەوە، تۆ بێیت و بە مەرسومێك، یان لێخۆشبوونێك ئازادی بکەیت. بە بۆچوونی من هەموو ئەو تاوانبارە مەترسیدارانەی کە بازرگانی بە مادده هۆشبەرەکانەوە دەکەن، پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئێران هەیە و زۆر لایەن و هێزیش لە پشت ئەم بازرگانیکردنە و لەناوبردنی گەنجەکانمانەوەن، ئەم وڵاتەش کاریگەریی بەهێزی لەسەر عێراق هەیە. دەبێت حکومەتی عێراق هەر زوو لە مەحافیلە نێودەوڵەتییەکان و بە هاوکاریی دامەزراوەکانی تایبەت بە بەدواداچوون و بنبڕکردنی مادده هۆشبەرەکان، کار بۆ دەستگیرکردنەوەی ئەم تاوانبارە بکات، باشە لەم حاڵەتەشدا چۆن بڵێین سەرۆك کۆماری عێراق ئەو پێشێلکارییەی کردووە و تاوانبارێکی گەورەی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکانی ئازاد کردووە، ئاخر ئەمە هەڵەیەك نییە تا دوایی لێی پەشیمان ببیتەوە و پاساوی بۆ بهێنیتەوە .ئازادکردنی بازرگانێکی مادده هۆشبەرەکان سەنگی مەحەکە بۆ ئەوەی دادگای ئیتحادی عێراق هەڵوێستی هەبێت و، بڕیارێکی بەجورئەت دژی ئەو بڕیارەی سەرۆك کۆمار دەربکات، کە پێشێلکاریی دەستووریی ئاشکرایە و دژی هەموو یاسا و عورفێکی نێودەوڵەتییشە، ئەم بڕیارە نادەستووری و نایاساییە بۆ ئازادکردنی بازرگانێکی مادده هۆشبەرەکان بۆ ئێمەی کوردیش بڕیارێکی ناشیرینە، بە ئیعتیباری ئەوەی سەرۆك کۆمار کوردە، هەرچەندە ئەم سەرۆك کۆمارە چوار ساڵە بۆ یەك پێشێلکاری و کاری نایاسایی و دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان قسەیەکی نەکردووە و دەمی بۆ هیچ مافێکی دیکەی کورد نەجووڵاوە. بۆیە من پێم وایە دەبێت ئەم بابەتە بجووڵێندرێت و تاوانبارەکە دەستگیر بکرێتەوە و، ئەوەی بەری داوە لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت.

*** کورد لە ناو ئەو دادگایەدا دادوەری هەیە و لە پەرلەمان و حکومەتی عێراقیش نوێنەرایەتی هەیە، ئەی بۆچی لە دژی هەموو ئەم پێشێلکارییانەی دەستوور و کاری نایاسایی و دژایەتیکردنی گەلی کوردستان، ئێمەش پەنا بۆ دادگای ئیتحادی نابەین؟**

- دادگایەك بڕیارێکی وا بە نادەستووری و نایاسایی دژ بە بودجە و بژێویی خەڵکی کوردستان بدات و، نوێنەرەکانی ئێمە لەو دادگایە بە قسەی خۆیان بێت نەیانتوانیوە بڕیارێکی وا ڕابگرن، کەواتە دەبێت نوێنەرەکانمان لەو دادگایە بێنە دەرەوە و کورد بە یەکگرتوویی هەڵوێستیان بەرامبەر دادگایەکی ئیتحادی هەبێت، کە ئەوەتەی هەیە یەك بڕیاری بۆ بەدەستهێنانی مافێکی دەستووری و یاسایی گەلی کوردستان دەرنەکردووە، تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، دەیان ماددەی دەستووری هەیە وەکو مەرەکەبی سەرکاغەز ماوە و کاری پێ نەکراوە.

**دەبووایە سەرۆك کۆماری عێراق ئەوەی بزانیبایە کە ئازادکردنی تاوانبار و مافیای وا مەترسیدار و گەورە، هەڵەیەکی دەستووری و یاسایی گەورەیە**


**دادوەرەکانی دادگای فیدراڵیی عێراق بێلایەن نین و بە تەوجیهی حزبی نەبێت، بڕیار دەرناکەن و، هەر ئەندامێکی دادگاکە نوێنەرایەتیی حزبێکی دیاریکراو دەکات**

**هەموو ئەو تاوانبارە مەترسیدارانەی کە بازرگانی بە مادده هۆشبەرەکانەوە دەکەن، پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئێران هەیە**

**ئەم سەرۆک کۆمارە چوار ساڵە بۆ یەک پێشێلکاری و کاری نایاسایی و دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان قسەیەکی نەکردووە و دەمی بۆ هیچ مافێکی دیکەی کورد نەجووڵاوە**

# بەرنامەی ئەتۆمی و ئاسایشی نەتەوەیی






## د.نەژدەت ئاکرەیی

پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

**بۆ گوڵانی نووسیوە**


بەرنامەی ئەتۆمی یەکێکە لە بابەتە هەرە هەستیارەکانی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت و قەوارەکان، هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی بەرنامەی ئەتۆمی دوو ئامانجی تێدایە، ئامانجی یەکەم پەیداکردن و بەدەستهێنانی چەك و بۆمبی ئەتۆمییە بە هەموو جۆرەکانییەوە، ئامانجی دووەمیش بەکارهێنانی ئامرازی تەکنەلۆجیای ئەتۆمی بۆ مەبەستی ئاشتی، لەسەر ئەم بنەمایە بەرنامەی ئەتۆمی گرنگییەکی بەرچاوی نێودەوڵەتی و جیهانی هەیە. ئێستا ئەگەر نەخشەی ئەتۆمیی جیهان بخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە زۆر لە دەوڵەت و قەوارەکان لە ڕوانگەی سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەییەوە هەوڵی پەیداکردنی ئەو بەرنامەیە دەدەن، بەشێکیان هەنگاوی باشیان هەڵێناوە.

ئەگەر لە ڕەهەندە نێودەوڵەتییەکەوە دەست پێ بکەین، دەبینین لەبەر مەترسیی بابەتەکە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بەتایبەتی دوابەدوای کارەساتی هیرۆشیما و ناکازاکی، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەستی کرد، جۆرە پێشبڕکێ و ماراسۆنێك هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئەم جۆرە ئەتۆمییانە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٦٣ لە پەیماننامەی مۆسکۆ گەیشتە ئەوەی کە دەبێ تا ڕاددەیەك ئەم جۆرە چالاکییە ئەتۆمییانە سنووردار بکرێت، هەروەها لە ساڵی ١٩٦١ پەیماننامەیەکی دیکەش



هات پەیوەستە بە قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە بەرنامە و چەکانە، دوو ئامانجی سەرەکی دەستنیشان کرد، یەکەم قەدەغەکردنیان، دووەمیش ئەگەر هەبوو بۆ مەبەستی ئاشتی بەکاربهێنرێت، جگە لەمەش لە ساڵی ١٩٦٧ لە ئەمریکای لاتین پەیماننامەیەك بۆ ئەم بابەتە هاتە ئاراوە، چونکە ئەم ناوچەیە بووبووە شوێنی چالاکیی ئەم بوارە، هەروەها لە ساڵی ١٩٧١ پەیماننامەیەکی دیکە واژۆکرا کە دەبێ ئەو چەکانەی کە کۆمەڵکوژن لە قووڵاییی و شوێنی دوورە دەست دابنرێن، هاوکات دەبێ بخرێنە ژێر چاودێریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، لەلایەکی دیکەوە ئاسەواری بەکارهێنانی ئەم چەکانەش بایەخی دیکەی هەیە، مەبەست ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، بۆ نموونە ڕێککەوتننامەی پاریس کە بەرپرسە لە ئاسەوارەکانی ئەتۆمی، هەروەها ڕێککەوتننامەی برۆکسل کە لە ساڵی ١٩٦٣ وەك تەواوکەری ئەو بوو، دیسان ڕێککەوتننامەی ڤیەننا پەیوەست بە لێپرسراوێتیی مەدەنی لەسەر ئاسەواری ئەتۆمی، هەموو ئەو ڕێککەوتننامانە باسی بەرپرسیارێتی و قەرەبوو و قەدەغەکردن دەکەن، ئەوەی زۆر گرنگە لەم بوارەدا بوونی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بۆ تەکنەلۆجیای ئەتۆمی بوو، ئەویش ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمییە کە لە ساڵی ١٩٥٧ هاتە کایەوە، بەپێی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٧ لەنێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەم ئاژانسە، کە پەیوەستە بە کار و چالاکییەکانی تەکنەلۆجیای ئەتۆمی، هەروەها چۆنیەتی بەکارهێنانی بۆ مەبەستی ئاشتی بەتایبەتی بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پێشکەوتنیان، ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە پەیڕەوێکی بنەڕەتی هەیە بە ناوی پەیڕەوی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی کە لە (٢٣) ماددە پێکهاتووە و باس لە ئامراز و ئامانج و چاودێریکردن دەکات، ئەم ڕێکخراوە بە دەزگایەکی ڕاوێژکاری بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان هەژمار دەکرێت، بەتایبەتیش دانی ڕاوێژ بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەر کارێك کە پەیوەست بێت بە چالاکیی ئەتۆمی و پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەش لەم بوارەدا، ئەم ڕێکخراوە چالاکیی بەرچاوی هەبووە و هەیەتی لە زۆر لە بەرنامە ئەتۆمییەکانی جیهان، بۆ نموونە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران و کۆریای باکوور و ئیسرائیل و تەنانەت عێراقیش لە کاتی خۆی، ئەم ڕێکخراوە چەندین پەیکەری ڕێکخستن و لیژنەی تایبەتی هەیە، بارەگاکەی لە جنێڤە و لە ساڵی ١٩٥٧ـەوە کارەکەی گەڕانە بە دوای چالاکییەکان لەم بوارانەدا، جگە لەم چالاکییانە لە هەرێمەکانیش ڕۆڵی هەبوو، لە میسر و ئیسرائیل لە سەدەی ڕابردوو، هەروەها لە هەندێ وڵاتی کیشوەری ئاسیا لە هیندستان و پاکستان، ئەمە وێڕای ئەوەی لە ئەورووپاش چالاکی هەبوو لە دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا.

> **کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٦٣ لە پەیماننامەی مۆسکۆ گەیشتە ئەوەی کە دەبێ تا ڕادەیەک ئەم جۆرە چالاکییە ئەتۆمییانە سنووردار بکرێت**

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی نیشتمانییەوە سەیر بکەین، دەبینین کە یاسای ڕێکخستنی ئەم جۆرە چالاکییانە و بوون بە ئەندام لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، دانانی پەیکەری ڕێکخستنی تایبەت وەك ڕێکخراوی ئەتۆمی، بۆ نموونە ڕێکخراوی ئەتۆمی ئێرانی و پاکستانی، یان لیژنەی ئەتۆمی وەك لیژنەی ئەتۆمیی عێراقی، کە بە یاسای ناوخۆ ڕێکدەخرێن، جگە لەمانەش هاوپەیمانیی دووقۆڵی لە نێوان زۆر لە دەوڵەتەکان هەیە، ئاڵوگۆڕی زانیاری، بۆ نموونە ڕێککەوتنی عێراق و فەرەنسا لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەربارەی ئەتۆمیی عێراق.

> **لە ساڵی ١٩٧١ پەیماننامەیەکی دیکە واژۆکرا کە دەبێ ئەو چەکانەی کە کۆمەڵکوژن لە قووڵایی و شوێنی دوورە دەست دابنرێن، هاوکات دەبێ بخرێنە ژێر چاودێریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە**

لە بەدواداچوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەرێمی و ناوخۆیی بۆ بەرنامە تەکنەلۆجییەکان، شتێکمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە مەسەلەکە تەنیا بەرنامەی ئەتۆمی نییە، بەڵکو پەیوەستە بە چەکی کۆمەڵکوژی، جگە لەمەش خۆی لە زۆر چەکی دیکەش دەبینێتەوە وەك چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی و ناوکی و ئەتۆمی، سەبارەت بەوەی هەر دەوڵەتێك لە سیاسەتی ئاسایشی نێودەوڵەتی هەوڵ بدات بۆ بەدەستهێنانی ئەم جۆرە بەرنامە و چەکانە، بێگومان کاریگەری لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی هەیە، بۆیە ئەگەر سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ بوونی ئەم چەکانە، بەتایبەتی ئەگەر بۆ مەبەستی ئاشتی نەبن، بێگومان ڕووبەڕووی سیستەمی تازەی نێودەوڵەتی و ئاشتی و ئاسایشی جیهان دەبنەوە.

> **بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە نێودەوڵەتی نەک بۆ سەدەی ڕابردوو، بەڵکو بۆ پێشتر دەگەڕێتەوە**

ئەگەر باسی چەکی کیمیاوی بکەین، دەبینین بەکارهێنانی لە نێودەوڵەتی نەك بۆ سەدەی ڕابردوو، بەڵکو بۆ پێشتر دەگەڕێتەوە، هەروەها زۆر ڕێککەوتن دەربارەی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئەم چەکانە دەکرێت، لە ساڵی ١٩٩٣وە ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ قەدەغەکردنی چەکە کیمیاوییەکان هاتە کایەوە، کە زۆر بابەتی گرنگی تێدایە بە پرەنسیپ و ئەرك و ئیلتیزامەکان و پێکهێنانی ڕێکخراوێك کە پێی دەڵێن «ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی» کە بارەگاکەی لە «لاها»ی هۆڵەندایە. بەپێی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەبێ چەکە کیمیاوییەکان و شوێنی بەرهەمهێنانیان لەناو ببردرێن و ئەگەر هەشبن، دەبێت چاودێری بکرێن، هەروەها پێویستە دەوڵەتان ببنە ئەندام لەم ڕێکخراوە.

دەربارەی چەکی بایۆلۆجی، ئەمەیان زۆر مەترسیدار و گرنگە، ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی چەکی بایۆلۆجی ساڵی ١٩٧٢ هاتە کایەوە، ئەمەش بۆ قەدەغەکردنی ئەو دەوڵەتانەیە کە ئەم جۆرە چەکانەیان هەیە و مەرجیان بۆ دابنرێن، بەتایبەتی ئەوانەی بۆ کاری شەڕ و سەربازی بەکاری دەهێنن، چەکی ناوکییش هەیە کە مەوادی ناوکی بڵاودەکەنەوە، وەك لیزەر و ئەو شتانە کە لای نەتەوە یەکگرتووەکان جێی بایەخە، کە بۆ مەبەستی سەربازی بەکار نەهێنرێن.

چەکی ئەتۆمییش کە پێشتر باسمان کرد و ئاماژەمان بە ڕێککەوتننامە و ڕێکخراوەکان کرد، ئەمانەش زۆر مەترسیداران، گرنگترین شت ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەیشتە ئاستی ئەوەی قەدەغەکردنی تەواوی تاقیکردنەوەی ئەتۆمی لە ساڵی ١٩٩٦ کە ژینگە پیس دەکەن و ئاسەواریان دەبێت، پێویستە هەموو دەوڵەتان پابەندی ئەم ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانە بن، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێکخراوێك دانرا کە سەرپەرشتی ئەم لایەنە بکات. هەروەها لە یاسا نێوخۆییەکانیانەوە دەسەڵاتی نیشتمانی دابنێن کە پەیوەندیدار بن لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

لە ئەنجامی ئەمە ئەگەر بێین پەیوەندیی نێوان ئەم بەرنامە ئەتۆمییانە و چەکە کۆمەڵکوژانە بخەینەڕوو لەگەڵ سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و ڕووبەڕووبوونەوەیان بۆ سیستەمی تازەی نێودەوڵەتی، دەتوانین بڵێین کە هەوڵی ئەم دەوڵەتانە جۆرە مەترسییەکە بۆ سەر سیستەمی نێودەوڵەتی، چونکە ژیانی ئاسایی ناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی وا دەکات کە قەوارەیەکی نێودەوڵەتیی ئارام نەبێت بەپێی بنەماو بنچینەکانی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی لە ناوخۆ و لە دەرەوە و لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەرێمی و نیشتمانی، بۆیە دەبێت لەم سیاسەتانە جۆرە هاوکاری و هەماهەنگی هەبێت، لەم ڕوانگەوە سیستەمی نێودەوڵەتی هەنگاوی باشی ناوە لە بواری دوو پەیماننامەی نێودەوڵەتیی پەیوەست بە چەکی کیمیاوی و ئەتۆمی کە لە ژێر ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی دەبن، هەروەها لە بڕیاری ٦٨٧ی ساڵی ١٩٩١ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئاماژە بەم چەکانە کرا، بۆیە هەر پەیوەندییەك لە نێوان ئەم بەرنامانە و ئاسایشی نێودەوڵەتی هەبێت، بە گۆڕانکارییەکانی سیستەمی دەوڵەتی وا دەکات کە ڕێکخراوێکی یاسایی بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ئەم خۆپڕچەککردنەی کیمیاوی و بایۆلۆجی و ئەتۆمی هەبێت، ئەمە بەرژەوەندییەکی زیندووە بۆ سیستەمی تازەی نێودەوڵەتی، زەمانەتی سەقامگیرییە، بوونی ئەم چەکانە وا دەکات جۆرە ناسەقامگیرییەك لە جیهاندا هەبێت، بەڵگەش بۆ ئەمانە، ئەو بەرنامە ئەتۆمییانەن کە لە هیندستان و پاکستان و کۆریای باکوور و ئێران و ئیسرائیل و تەنانەت کاتی خۆی لە هەندێ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ نموونە عێراق و میسر وەك بەڵگە و هەتا لیبیاش هەن، ئەمە کێشە و گرفتی بە دوای خۆیدا هێنا و دەهێنێت، بۆیە مەترسییەکانی زۆر پەیوەستن بە ئاسایشی ژینگەیی کە ئەم بەرنامانە زۆر سنوور تێدەپەڕێنن و ئاسایشی جیهان دووچاری مەترسی دەبێتەوە، بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە چوارچێوەی ئاسایشی نێودەوڵەتی بپارێزرێت لەم مەترسییانەی پەیوەست بە ژینگەی ئەو دەوڵەتانە و ئەو لایەنانەی کە پەیوەندیدارن بە بەرنامە و چەکە کۆکوژییەکان.

**لە ساڵی ١٩٩٣وە ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ قەدەغەکردنی چەکە کیمیاوییەکان هاتە کایەوە**

**سیستەمی نێودەوڵەتی هەنگاوی باشی ناوە لە بواری دوو پەیماننامەی نێودەوڵەتیی پەیوەست بە چەکی کیمیاوی و ئەتۆمی کە لە ژێر ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی دەبن**

**گۆڕانکارییەکانی سیستەمی دەوڵەتی وا دەکات کە ڕێکخراوێکی یاسایی بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ئەم خۆپڕچەککردنەی کیمیاوی و بایۆلۆجی و ئەتۆمی هەبێت، ئەمە بەرژەوەندییەکی زیندووە بۆ سیستەمی تازەی نێودەوڵەتی**





# وەرچەرخانێکی دراماتیکی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا

## شەڕی ڕووسیا- ئۆکرانیا و دەرئەنجامەکانی

**هێنری کیسنجەر لە وتارێکیدا لە ساڵی ٢٠١٤ ئاماژەی پێ کردووە و دەڵێت: «دەبێت ڕووسیا لەوە تێبگات کە ئەگەر بیەوێت دەسەڵات بە سەر ئۆکرایندا بسەپێنێ و سنوورەکەیشی بگۆڕێتەوە، ئەوا مۆسکۆ لە ناو هەمان گێژاودا نقوم دەکات کە پێشتر تێیدا بوو. وەک کاتێک گوشاری بەردەوامی ئەمریکا و ئەورووپای لەسەر بوو»**

**ڕاستە لە ڕووکەشدا دەستتێوەردانی سەربازیی ڕووسیا لە شەڕی سووریا بۆ مانەوەی ئەسەد جێگەی ڕەزامەندیی ڕۆژئاوا نەبوو، بەڵام بە کردەیی بەدڵی ڕۆژئاوا بوو**

**ئەگەر ڤلادیمێر پوتین لەسەر حیسابی دەستتێوەردانە سەربازییەکەی ٢٠١٥ی سووریا ئەو بڕیارەی دابێت کە هێرش بکاتە سەر ئۆکرانیا، ئەوا ئۆکرانیا بۆ ڕۆژئاوا نەک هەر ئەو زۆنگاوەی سووریا نییە کە بەرچاوڕوونیی نەبێت بۆ ئەوەی جێگرەوەی ئەسەد دیار نەبێت، ئەوا زلینسکی سەرۆکی ئۆکرانیا وەک سەرۆکیکی هەڵبژێردراو و دۆستی ڕۆژئاوا کاری ڕۆژئاوای زۆر ئاسان کردووە بۆ ئەوەی بڕیاری قورس بدەن و گەمارۆی کەمەرشکێن بە سەر ڕووسیادا بسەپێنن**

هێرشی ئەمجارەی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا، جیاوازە لە هێرشی سۆڤیەت بۆ ئەفغانستان، هەروەها جیاوازیشە لە دەستتێوەردانە سەربازییەکەی ٢٠١٥ی پوتین لە شەڕی سووریادا، لەم ڕوانگەیەوە گرنگە لەسەر نەخشەی جیۆپۆلیتیکی سێ قۆناخی جیاواز (١٩٨٠، ٢٠١٥، ٢٠٢٢) شرۆڤەیەکی بەراوردکاری بکەین و خوێندنەوەیەکی لۆژیکییانە بۆ هێرشی ئەمجارەی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا بکەین و، هەڵوەستە لەسەر ئەوە بکەین: تا چەند سەرۆك پوتین لە دروستکردنی ئەم بڕیارەدا موغامەرەی بە ئایندەی خۆی و ڕووسیا کردووە؟

سەبارەت بەو سەردەمەی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان کە پەنای بۆ داگیرکردنی ئەفغانستان برد لە ساڵی ١٩٨٠، لە ساتەوەختێکدا بوو کە وەك سامۆیل هنگتن لە کتێبی «سیستمی سیاسی لە کۆمەڵگە گۆڕاوەکاندا - Political Order in Changing Societies» باسی کردووە، دامەزراوە دەوڵەتییەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان لەو پەڕی بەهێزیدا بوون و، هەر لەو ساڵەدا خولی ئۆڵمپی لە «مۆسکۆ» بەڕێوە دەچوو، لەگەڵ ئەوەی چەند دەوڵەتێکیش وەك نارەزایەتییەك بەشداربوونی خۆیان لەو ئۆڵمپیادە ڕەت کردەوە، بەڵام یەکێتیی سۆڤیەت هەر توانی بە سەرکەوتوویی ئەنجامی بدات، لە بەرامبەر ئەم هەڵکشانەی سۆڤیەتی پێشوو، بلۆکی ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتیی ئەمریکا لە بەردەم داکشانێکی گەورەدا بوو، بەتایبەتی کە هێشتا برینی «دۆڕاندنی شەڕی ڤێتنام» بە تەواوەتی ساڕێژ نەبوو، کە کۆماری ئیسلامی لە تاران دەستی بەسەر باڵیۆزخانەی ئەمریکادا گرت و، هەموو دیپلۆماتکارەکانی وەك بارمتە دەستبەسەر کردن، هەروەها لەگەڵ ئەوەی میسر پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی کردبووەوە و ڕێککەوتنی «کامپ دەیڤید»ی لەگەڵ ئیمزا کردبوو، بەڵام تووڕەیی شەقامی عەرەبی و ئیسلامی هێندەی دیکە پرۆسەی ئاشتیی نێوان «ئیسرائیل و فەلەستین»ی ئاڵۆز کردبوو، بۆیە ئەو کات کە یەکێتیی سۆڤیەت ئەفغانستانی داگیر کرد، سۆڤیەت لە پێگەیەکی بەهێزتر بوو، تا بلۆکی ڕۆژئاوا بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا. لەم چوارچێوەیەدا زۆربەی چاودێران پێیان وایە، ئەگەر ڤلادیمێر پوتین هەوڵی دابێت کە هەمان سیناریۆی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان لە هێرشی بۆ سەر ئۆکرانیا دووبارە بکاتەوە، ئەوا وەك هێنری کیسنجەر لە وتارێکیدا لە ساڵی ٢٠١٤ ئاماژەی پێ کردووە و دەڵێت: «دەبێت ڕووسیا لەوە تێبگات کە ئەگەر بیەوێت دەسەڵات بە سەر ئۆکرایندا بسەپێنێ و سنوورەکەیشی بگۆڕێتەوە، ئەوا مۆسکۆ لە ناو هەمان گێژاودا نقوم دەکات کە پێشتر تێیدا بوو. وەك کاتێك گوشاری بەردەوامی ئەمریکا و ئەورووپای لەسەر بوو». ئەم پێشبینییەی کیسنجەری هەشت ساڵ لەمەوبەر، ئیستا لەناو ئەو هاوپەیمانییە توندەی ڕۆژئاوا ڕەنگی داوەتەوە، کە بە گەمارۆکانیان وەڵامی هێرشەکەی ڕووسیایان بۆ سەر ئۆکرانیا داوەتەوە.

لە ساڵی ٢٠١٥ کە ڤلادیمێر پوتین دەستتێوەردانی لە شەڕی سووریا بۆ بەرژەوەندی و مانەوەی ڕژێمی ئەسەد کرد، ئەوکات ڕۆژئاوا بەرچاوی بۆ بەدیل و جێگرەوەی ڕژێمەکەی ئەسەد ڕوون نەبوو، ئۆپۆزسیۆنی سووریاش ئەوانەی کە چاوەڕێی ئەوەیان لێ دەکرا، دەوڵەتێکی مەدەنی بەڕێوە ببەن، لەو ئاستە نەبوون و زیاتر مەزندەکان بەو ئاراستەیە بوون هاوشێوەکانی تیرۆریستانی داعش دەسەڵات بگرنە دەست، بەتایبەتییش کە تیرۆریستانی داعش لەسەر خاکی سووریا و عێراق خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامییان ڕاگەیاندبوو، هەر بۆیە کاتێك ڕووسیا دەستتێوەردانی لە شەڕەکە کرد و بووە کاراکتەرێکی بەهێز لە گۆڕەپانی شەڕی سووریا، وەك ئامادەیی کۆماری ئیسلامی بوو، هەم لە شەڕی سووریا بۆ مانەوەی ئەسەد و هەمیش لە شەڕی دژی داعش بۆ ڕووخاندنی خەلافەتی ئیسلامیی داعش، هەر بۆیە ڕاستە لە ڕووکەشدا دەستتێوەردانی سەربازیی ڕووسیا لە شەڕی سووریا بۆ مانەوەی ئەسەد جێگەی ڕەزامەندیی ڕۆژئاوا نەبوو، بەڵام بە کردەیی بەدڵی ڕۆژئاوا بوو، لە بەر ئەوەی سەرۆك ئۆباما لەسەر شەڕی سووریا تەنانەت دوای بەکارهێنانی چەکی کیمیاویش لەلایەن ڕژێمی دیمەشقەوە بە هیچ جۆرێك نەیدەیتوانی بڕیار بدات، وەك هەندێك لە چاودێر و

ڕۆژنامەنووسانیش بە ڕاشکاوی ئاماژەیان پێ دەکرد، شەڕی سووریا بۆ ئەمریکا و ڕۆژئاوا بووەتە زەنگاوێك و ڕێگەیەك نییە خۆیانی لێ دەرباز بکەن، بۆیە دەستتێوەردانەکەی پوتین بووە دەروازەیەك بۆ ئەوەی ئەمریکا لە گۆڕەپانی شەڕی دیمەشق دەربازی بێت، لەم ڕوانگەیەشەوە ئەگەر ڤلادیمێر پوتین لەسەر حیسابی دەستتێوەردانە سەربازییەکەی ٢٠١٥ی سووریا ئەو بڕیارەی دابێت کە هێرش بکاتە سەر ئۆکرانیا، ئەوا ئۆکرانیا بۆ ڕۆژئاوا نەك هەر ئەو زۆنگاوەی سووریا نییە کە بەرچاوڕوونیی نەبێت بۆ ئەوەی جێگرەوەی ئەسەد دیار نەبێت، ئەوا زلینسکی سەرۆکی ئۆکرانیا وەك سەرۆکێکی هەڵبژێردراو و دۆستی ڕۆژئاوا کاری ڕۆژئاوای زۆر ئاسان کردووە بۆ ئەوەی بڕیاری قورس بدەن و گەمارۆی کەمەرشکێن بە سەر ڕووسیادا بسەپێنن.

لەوانەیە لە چوارچێوەی ئەم خوێندنەوەیەدا زێدەڕۆیی نەبێت، ئەگەر بڵێین: ڕووسیا و پوتین بە بڕیاری هێرشکردنە سەر ئۆکرانیا، خزمەتێکی گەورەیان بە ڕۆژئاوا کردبێت، کە دەکرێت لێرەدا بە چەند خاڵ ئاماژەیان پێ بکەین:

١- لە هەر دوو ئیڤێنتی «کۆڕبەندی داڤۆس و کۆنفرانسی میونشن - ٢٠٢٢، جەخت لەسەر ئەوە دەکرانەوە کە کێشەکانی ئێستای جیهان لەوە دەرچوون کە کێشەی سیستمی دیموکراتی و سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی بن، ئێستا کێشەکان بوونەتە مەترسییەکانی سەر جیهان و ئەم مەترسییانەش «دەرهاویشتە خراپەکانی پەتای کۆڤید ١٩ و ئۆمیکرۆن، فەزای سایبەری، پێشبڕکێی فەزا، گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، شەڕی ناو ئەورووپا و...هتد» کۆمەڵە کێشە و تەحەددیەکی زۆر ترسناکن کە ڕووبەڕووی سەرجەم مرۆڤایەتی دەبنەوە و جیهانیش لە بەردەم ئەم کێشانە دەستەوەستانە «hopelessness»

٢- ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشانە و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆیان، لەسەر ئاستی جیهان پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان سەرجەم دەوڵەتانی جیهان هەیە و دەبێت هەموو پێکەوە شانی بدەینە بەر و، ڕووبەڕووی ئەم مەترسییانە ببینەوە، بەڵام هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ دروستبوونی ئەم هەماهەنگی و هاوکارییە لە نێوان دەوڵەتەکاندا بوونی نییە.

لێرەوە ئەگەر سەرنج بدەین لە ڕۆژی دەستپێکردنی هێرشەکەی ڕووسیاوە بۆ سەر ئۆکرانیا دەبینین، ئەو واقیعەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لێی دەترسان، بڕیارەکەی ڤلادیمێر پوتین سەرتاسەر قلْپی کردووە و واقیعێکی تازەی هێناوەتە ئاراوە کە زۆر بە باشی تەواوی دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا و ناتۆ و گرووپی حەوت دەوڵەتە پیشەسازییەکەی جیهان و بانکەکان و ڕێکخراوە وەرزشی و هونەرییەکانی پێکەوە هاوکار و هەماهەنگ کردووە و، هەموو پێکەوە لە دژی ڕووسیا و پوتین ڕاوەستاون، ئەمە لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٤ کاتێك پوتین کریمای لکاند بە ڕووسیاوە، بە هیچ جۆرێك ئەم کۆدەنگی و هەماهەنگییەی دژی ڕووسیا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دروست نەکرد.

## ● بڕیارێکی سەیر و کاتێکی زۆر ئاڵۆز

لە پێش هەڵگیرسانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، پێشبینی و مەزندەکردنێکی زۆر دەکرا کە ئایا ڕووسیا پەنا بۆ ئەم ڕێگاچارەیە دەبێت، یان تەنیا دەیەوێت لە ڕێی هەڕەشەکردنی بەکارهێنانی هێز، نەك پەنابردنەبەر بەکارهێنانی هێز هەندێ لە ئامانجەکانی خۆی بەدی بهێنێت و، سازش بە ڕکابەرەکانی بکات و بە دیدی خۆی نیگەرانییە ئەمنییە ڕەواکانی بڕەوێنێتەوە، ئەوە بوو ڕووسیا هەندێ لە چاودێران و شرۆڤەکارانی دووچاری سەرسوڕمان کرد کە جەنگی ڕاگەیاند، بە پاساوی ئەوەی کە هەڕەشەکان لەسەر بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی لە هەڵکشاندا بوون و دەبوو کارێك بکات بۆ ئەوەی ڕێگە لە بەرجەستەبوون و بەدیهاتنیان بگرێت. ڕەنگە لێرەدا بتوانرێت بوترێت کە پاڵنەرەکانی ڕووسیا هێندەی ئەوەی پەیوەستن بە بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە و مەترسییەك- کە ڕووسیا بانگەشەی ئەوە دەکات، ناتوانێت دەستەوەستان بوەستێت لە ئاستیاندا- ئەوا ڕەنگە لە هەمان کاتدا خەون، یان ئامانجی دوورمەوداتری لە پشت بێت و ڕەنگە خودی سەرۆکی ڕووسیا بیەوێت جارێکی دیکە

**ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشانە و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆیان، لەسەر ئاستی جیهان پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان سەرجەم دەوڵەتانی جیهان هەیە و دەبێت هەموو پێکەوە شانی بدەینە بەر و، ڕووبەڕووی ئەم مەترسییانە ببینەوە، بەڵام هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ دروستبوونی ئەم هەماهەنگی و هاوکارییە لە نێوان دەوڵەتەکاندا بوونی نییە**

**ئەو واقیعەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لێی دەترسان، بڕیارەکەی ڤلادیمێر پوتین سەرتاسەر قلْپی کردووە و واقیعێکی تازەی هێناوەتە ئاراوە کە زۆر بە باشی تەواوی دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا و ناتۆ و گرووپی حەوت دەوڵەتە پیشەسازییەکەی جیهان و بانکەکان و ڕێکخراوە وەرزشی و هونەرییەکانی پێکەوە هاوکار و هەماهەنگ کردووە و، هەموو پێکەوە لە دژی ڕووسیا و پوتین ڕاوەستاون**

**ڕووسیا لە ڕووی ڕاگەیاندن و بانگەشەوە زەمینەسازی بۆ ئەم شەڕە کرد و باسی لەوە دەکرد کە ئۆکرانیا دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری نییە و بووەتە ئامرازێک و بەکار دەهێنرێت بۆ مەرام و مەبەستی لاوازکردنی ڕووسیا**

**ئەم دەستتێوەردان و هەڵمەتە سەربازییەی ڕووسیا گۆڕانکاری لە هەڵوێست و لە سیاسەتی وڵاتانی ئەورووپادا دروست کردووە. بۆ نموونە ئەڵمانیا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە هیچ تەنگژە و قەیرانێک نەبوونە هۆی ئەوەی سیاسەتی پێ بگۆڕێت بە ئاراستەی زیادکردنی خەرجییەکانی بەرگری، بەڵام شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا ئەڵمانیای ناچارکرد، پێداچوونەوە بەم سیاسەتەدا بکاتەوە**

پێگەی نێودەوڵەتیی ڕووسیا لەسەر شانۆی جیهانی بەهێزتر بکات و هەندێ لە هێز و دەسترۆیشتوویی سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەت بەدەست بهێنێتەوە. هەرچۆنێك بێت، ڕووسیا لە ڕووی ڕاگەیاندن و بانگەشەوە زەمینەسازی بۆ ئەم شەڕە کرد و باسی لەوە دەکرد کە ئۆکرانیا دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری نییە و بووەتە ئامرازێك و بەکار دەهێنرێت بۆ مەرام و مەبەستی لاوازکردنی ڕووسیا، لە هەمان کاتدا ڕووسیا دەستی کردبوو بە کۆکردنەوە و مۆڵدانی هێزەکان لەسەر سنووری ئۆکرانیا و ئەنجامدانی مانۆڕی سەربازی و ئێستاش ئاگری شەڕەکە تین و تاوی سەندووە. ئەوەی لێرەدا جێی هەڵوەستەکردنە ئەوەیە ئەگەر زۆرترین مەزەندەکان بەو ئاراستەیە بووبن کە ڕووسیا پەنا بۆ ڕێگاچارەیەکی لەم چەشنە نابات، ئەوا دیارە بە هەڵەداچوون و ئەگەر ڕووسیا و خودی پوتینیش پێیان وا بووبێت سەرکەوتنێکی سەربازیی خێرا و یەکلاکەرەوە لە چەند کاتژمێردا تۆمار دەکەن، ئەوا دیسان ئەوانیش نەیانپێکاوە. هەرچۆنێك بێت، ئەگەر ڕووسیا دووچاری شکست و دۆڕان بێت، یان سەرکەوتن و باڵادەستی بەدەست بهێنێت، ئەوا دۆخە نێودەوڵەتییەکە و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەبنە قۆناغێکی نوێوە. بەڵام ڕەنگە بە دەر لە سەرکەوتنی یەکجارەکی و داگیرکردنی تەواوی وڵاتی ئۆکرانیا، یان سیناریۆی شکست و پاشەکشە و دۆڕانی ڕووسیا، ڕەنگە ئەگەر و دۆخی دیکەش بێنەئاراوە، بەتایبەتی هەندێ لە چاودێران باس لە هاتنەئارای ئەوە دەکەن کە پێی دەڵێن: «ناکۆکی چەقبەستوو، یان سڕکراو-frozen conflict»، کە جۆرێك لەو ناکۆکییانەی تێیدا پرسە و کردەوە سەربازییەکان ڕادەگیرێن و لە هەمان کاتدا هیچ چارەسەر و ڕێککەوتنێکی سیاسییش گەڵاڵە ناکرێت کە جێی ڕێککەوتن و ڕەزامەندیی لایەنە پێکناکۆکەکان بێت، کە ڕەنگە ئەمە زیاتر لە بەرژەوەندیی ڕووسیا بشکێتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە لەم هەلومەرجەدا ڕووسیا دەتوانێت ئەمری واقیع بسەپێنێت و لە هەمان کاتدا ڕێگری لەوە بکات کە ئۆکرانیا وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری بوونی بمێنێت، بەلای کەمەوە بە چەشنی پێش هەڵگیرسانی شەڕەکە. بەتایبەتی ئەگەر ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین، ڕووسیا و خودی سەرۆك ڤلادیمێر پوتین هەوڵیانداوە لەو کردەوە و دەستتێوەردانە سەربازییانەی ئەنجامیان داوە- بۆ نموونە لە سووریادا- خۆیان لەوە بەدوور بگرن کە بە چەشنێك تێوەبگلێن کە سیناریۆی ئەفغانستان لە بەرامبەر یەکێتیی سۆڤیەتدا دووبارە ببێتەوە.

ئەوەی پەیوەندی بە دۆخە نێودەوڵەتییەکەوە هەبێت، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە وڵاتانی ئەورووپاوە، ئەوا حاڵی حازر ئەم دەستتێوەردان و هەڵمەتە سەربازییەی ڕووسیا گۆڕانکاری لە هەڵوێست و لە سیاسەتی وڵاتانی ئەورووپادا دروست کردووە. بۆ نموونە ئەڵمانیا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە هیچ تەنگژە و قەیرانێك نەبوونە هۆی ئەوەی سیاسەتی پێ بگۆڕێت بە ئاراستەی زیادکردنی خەرجییەکانی بەرگری، بەڵام شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا ئەڵمانیای ناچارکرد، پێداچوونەوە بەم سیاسەتەدا بکاتەوە. کەواتە لە ئێستادا ئەورووپا و ئەمریکا ڕێگاچارەیەکی دیکەیان نییە جگە لە چڕکردنەوەی هەوڵەکانیان بە ئاراستەی تۆکمەکردنی پەیوەندییەکانیان و بڕەودان بە هاوپەیمانێتییەکەیان کە بەرجەستەبوونی ئەم حاڵەتەشمان لەو ڕێککارانەدا بەدی کردووە کە بۆ بەرەنگاربوونەوە و گوشارخستنەسەر ڕووسیا بەدی کردووە. کە نابێت لەم ڕووەوە چین-یش نادیدە بگرین کە هێزێکی ڕکابەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، چونکە سەرکەوتنی ڕووسیا و بەهێزبوونی و باڵادەستیی سەربازی زیاتر لە ئۆکرانیا کە زیاتر نزیکی دەکاتەوە لە وڵاتانی ئەورووپا دەبنە هۆی ئەوەی ئەمریکا بکەوێتە دۆخی ململانێ و ڕکابەری لەگەڵ دوو هێزی گەورەدا کە یەکێکیان هێز و کاریگەری و دەسترۆیشتوویەکی سەربازیی بەرچاوی دەبێت کە ڕووسیایە و ئەوی دیکەشیان هێزێکی ئابووری کە ناتوانرێت نادیدە بگیرێت، خۆ ئەگەر ڕووسیا لەپاڵ ئەم هێزە سەربازییە و لە ئەگەری سەرکەوتنی لە شەڕەکەدا دەستی دایە پاڵپشتیکردن و هاوکاریکردنی ئەو وڵات و لایەنانەی دژی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکان، ئەوا ئەمە

ڕەهەند و ڕواڵەتێکی هاوشێوەی سەروەختی شەڕی ساردیش زیاد دەکات، بۆ هاوکێشەکە و ڕەنگە ئەو کاتە ئەمریکا ناچار بێت پێداچوونەوە بە ستراتیژیەتەکانی خۆیدا بکات و، ڕەنگە پێویست بکات بەوەی لە پاڵ ئەو شەڕە ئابوورییەی، یان ڕکابەرییە ئابوورییەی لەگەڵ چیندا هەیەتی، جارێکی دیکە پەنا بباتەوەبەر گرتنەبەری سیاسەتی ئیحتیواکردن لە بەرامبەر ڕووسیادا بۆ بەرپێگرتن بە برەودان بە دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی ئەو وڵاتە. هەروەها پێشتریش ئاماژەی پێ کرا، ئەم شەڕە کاریگەریی گەورەی لەسەر سیستمی جیهانی دەبێت، بەڵام نووسەرێکی وەك «مایکۆڵا کاپیتۆنێنکۆ» لە وتارێکدا بە ناوی «داگیرکردنی ئۆکرانیا لەلایەن ڕووسیاوە جیهانی گۆڕییەوە»، پێی وایە دەرئەنجامی ئەم شەڕە هەر چییەك بێت، ڕەنگە بە بەرژەوەندیی ڕووسیا نەشکێتەوە و لەم ڕووەوە باس لەوە دەکات، کە ئەگەر ڕووسیا شەڕەکە بدۆڕێنێت، یان بباتەوە، ئەوا هیچ گومان هەڵناگرێت کە بڕیارەکەی سەرۆك ڤلادیمێر پوتین بۆ داگیرکردنی ڕووسیا کاریگەریی قووڵی لە سەر سیستمی جیهانی دەبێت، تەنانەت ئەگەر ڕووسیا سەرکەوتنی قورس و زەحمەتیش تۆمار بکات لە ئۆکرانیا، ئەوا مەرج نییە ڕێساکانی گەمە نوێیەکە لە بەرژەوەندیی ڕووسیادا بن. واتە ئەگەری زۆرە کە سیستمە جیهانییە نوێیەی کە ڕووسیا نائومێدانە شەڕی لە پێناودا دەکەن لە ئێستادا بە چەشنێك بێت کە لە بەرژەوەندیی ئەم وڵاتەدا نەبێت لە مەودای دووردا.

## ● شەڕی ڕووسیا - ئۆکرانیا لە بردنەوە و دۆڕاندن گەورەترە

لەوانەیە هاوشێوەی شەڕ «ڕووسیا – ئۆکرانیا»ی ئێستا لە مێژووی شەڕەکانی دەوڵەتی هاوچەرخدا نموونەیەکی کەم بێت کە هیچ لایەك لە بەرەی شەڕەکەدا براوە نەبێت و شەڕەکە بە هەر لایەکدا بشکێتەوە هەموو لایەنەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان بە زیانمەند و دۆڕاو لە قەڵەم بدرێن.

بڕیارەکەی ڤلادیمێر پوتین لە بەرەبەیانی ٢٤ی شوباتی ٢٠٢٢ بووە دابڕانێك لە نێوان «پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانی پێش ئەو بەروارە و دوای ئەو بەروارە»، زۆربەی چاودێران و پسپۆرانیش کۆکن لەسەر ئەوەی جارێکی دیکە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی تا ڕۆژی ٢٢ی شوباتی ٢٠٢٢، هەمان ئەو پەیوەندییە نێودەوڵەتییانە نابن کە لە دوای ئەو بەروارە دروست دەبنەوە.

بەشێك لە چاودێران، باس لەوە دەکەن کە ئەم شەڕەی ڕووسیا کۆتایی بە تەنیا سۆپەر پاوەریی ئەمریکا هێنا و سەردەمی فرەجەمسەری دەست پێ دەکاتەوە، بەڵام پێ دەچێت ئەم بۆچوونە تەواو لە جێگەی خۆیدا نەبێت و، پێش ئەم شەڕەش نەك هەر




ئەمریکا تەنیا سۆپەر پاوەری لێ سەنرا بووەوە، بەڵکو هەر خودی ئەمریکا بە هەڵبژاردنی دۆناڵد ترەمپ دەستبەرداری سۆپەر پاوەریی خۆی بوو، تەنانەت بە شێوەیەك لە شێوەکان دەستبەرداری سەرۆکایەتیی ناتۆش بوو، هەر بۆیە ئاکام دەرەنجامەکانی ئەم شەڕە « ئەوجا بە شکست، یان سەرکەوتنی ڕووسیا» کۆتایی بێت، جیهان دەباتە قۆناغێك کە چیدیکە بەم هەیکەلەیەی ئێستا نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەڕێوە ناچێت و دەبێت کۆی هەیکەلە و تەواوی سیستمی جیهانی سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە.

**ئەگەر ڕووسیا شەڕەکە بدۆڕێنێت، یان بباتەوە، ئەوا هیچ گومان هەڵناگرێت کە بڕیارەکەی سەرۆک ڤلادیمێر پوتین بۆ داگیرکردنی ڕووسیا کاریگەریی قووڵی لە سەر سیستمی جیهانی دەبێت**

**لەوانەیە هاوشێوەی شەڕ «ڕووسیا – ئۆکرانیا»ی ئێستا لە مێژووی شەڕەکانی دەوڵەتی هاوچەرخدا نموونەیەکی کەم بێت کە هیچ لایەک لە بەرەی شەڕەکەدا براوە نەبێت و شەڕەکە بە هەر لایەکدا بشکێتەوە هەموو لایەنەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان بە زیانمەند و دۆڕاو لە قەڵەم بدرێن**

نووسینی: لیانا فیکس و مایکڵ کیمەیج

# چی دەبێت ئەگەر ڕووسیا شەڕەکە بباتەوە؟


لیانا فیکس

کاتێك ڕووسیا لە هاوینی ساڵی ٢٠١٥دا دەستتێوەردانی لە شەڕە ناوخۆییەکەی سووریادا کرد، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوبەشەکانی دووچاری تاسان و سەرسوڕمان بوون، ئەوە بوو سەرۆکی ئەو کاتەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باراك ئۆباما رایگەیاند: «سووریا دەبێتە زۆنگاوێك بۆ ڕووسیا و سەرۆك ڤلادیمیر پوتین و، سووریا دەبێتە ڤێتنامی ڕووسیا، یان ئەفغانستانی پوتین»، بەڵام دواتر دەرکەوت سووریا نەبوو بە زۆنگاو بۆ پوتین، بەڵکو ڕووسیا ڕەوتی شەڕەکەی گۆڕی و سەرۆك بەشار ئەل ئەسەدی ڕزگار کرد و، سەرکەوتنە سەربازییەکەشی گۆڕی بۆ دەستڕۆیشتوویی دیپلۆماتی.

هەمان پێشبینی کرایەوە لە بارەی دەستتێوەردانێکی گەورەی سەربازیی ڕووسیا لە ئۆکرانیا، ئەوە بوو (جەیمس کلێڤەرلی) کە لە حکومەتی بەریتانیا وەزیری دەوڵەت بۆ ئەورووپایە، رایگەیاند: «ئۆکرانیا دەبێتە زۆنگاوێك بۆ ڕووسیا»، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە چی دەبێت ئەگەر ڕووسیا کۆنترۆڵی ئۆکرانیا بکات، یان بتوانێت بە ڕادەیەکی گەورە ناسەقامگیری بکات، چونکە ئەمە بە مانای هاتنەئارای ڕۆژگارێکی نوێ دەبێت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەورووپا. لەم کاتەدا سەرکردەکانی ئەمریکا و ئەوروپا ڕووبەڕووی دژوارییەك دەبنەوە، کە دوو ڕەهەند لە خۆدەگرێت، یەکەمیان ئەوەیە دووبارە پێداچوونەوە بە پرسی ئەمنییەتی ئەورووپادا بکەن، لە هەمان کاتدا هەوڵ بدەن لەگەڵ ڕووسیادا نەچنە نێو شەڕەوە.

سەرکەوتن بۆ ڕووسیا لە ئۆکرانیا لە چەند شێوەیەکدا بەرجەستە دەبێت، بە چەشنی سووریا مەرج نییە سەرکەوتنەکە چارەسەرێکی درێژخایەن بە دوای خۆیدا بهێنێت، دەکرێت دروستکردنی حکومەتێکی گوێڕایەڵ لە کییڤ، یان دابەشبوونی ئۆکرانیا لەخۆ بگرێت، چونکە تێکشکاندنی تەواوی سوپای ئۆکرانیا و گفتوگۆکردن بۆ خۆبەدەستەوەدانی ئۆکرانیا، ئەو وڵاتە دەکاتە دەوڵەتێکی شکستخواردوو.

کەواتە ئەگەر ڕووسیا لە ڕێی ئامرازە سەربازییەکانیەوە ئامانجە سیاسییەکانی بەدی هێنا، ئەوا ئەورووپا وەك ئەورووپای پێش شەڕەکە نامێنێتەوە، لەم کاتەدا ئەمنییەتی ئەورووپا کورت دەبێتەوە لە بەرگریکردن لە ئەندامانی یەکێتیی ئەورووپا و ناتۆ، هەروەها ئەمریکا و ئەورووپا دووچاری شەڕێکی درێژخایەنی ئابووری دەبنەوە لەگەڵ ڕووسیادا.



# چی دەبێت ئەگەر ڕووسیا شەڕەکە بدۆڕێنێت؟



مایکڵ کیمەیج

ڕووسیا هەڵەیەکی ستراتیژیی کرد کە پەنای بۆ داگیرکردنی ئۆکرانیا برد، بە هەڵە هەلومەرجە سیاسییەکەی ئەو وڵاتەی لێك دایەوە، هەروەها بە هەڵە کاردانەوە بەکۆمەڵەکانی (ئەمریکا، یەکێتیی ئەوروپا، و ئوستراڵیا و یابان و سەنگافورە و کۆریای باشوور)ی ڕاڤەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەری ئەوە نییە پوتین لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا بدۆڕێت، بەڵام بۆی هەیە دوای تەواوبوونی زۆربەی شەڕەکە، دووچاری دۆڕان ببێتەوە، چونکە دەرئەنجامە چاوەڕواننەکراو و نەخوازراوەکانی ئەم شەڕە، زۆر دژوار دەبن و ڕەنگە ڕووسیا نەتوانێت بەرگەیان بگرێت، نەبوونی پلانێکی سیاسی بۆ ڕۆژی دواتر (بەراورد بە نەبوونی پلانێك بۆ دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە) دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم شەڕە بکاتە شەڕێك، کە نەتوانرێت سەرکەوتنی تێدا تۆمار بکرێت.

هەرچۆنێك بێت ئەگەر ڕووسیا شەڕەکە بدۆڕێنێت، ئەوا دەرئەنجامەکانی دەبنە هۆی تەحەددیی بنەڕەتی بۆ ئەمریکا و ئەوروپا، بۆ نموونە: ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین ڕووسیا ناچار بە پاشەکشە بکرێت، ئەوا دووبارە بنیاتنانەوەی ئۆکرانیا و پێشوازیکردنی بۆ نێو یەکێتیی ئەوروپا و ناتۆ، ئەرکێکی تەواو دژوار و زەحمەت دەبێت و، کۆنترۆڵێکی لاوازی ڕووسیاش بەسەر ئۆکرانیاوە، بە مانای هاتنەئارای ناوچەیەکی ناسەقامگیر و دابەشبوو دێت، کە حوکمڕانییەکی سنووردار، یان هیچ بونیادێکی حوکمڕانیی تێدا نەبێت و، ئەمەش هاوسنووری ناتۆ دەبێت.

هەروەها ئەگەر ڕووسیا دووچاری دۆڕانێك ببێت، کە تێیدا هەست بە زەلیلبوون بکات، ئەوا هاوشێوەی ئەڵمانیای دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەبێت، ئەمەش مەترسیدارە بۆ وڵاتێك کە هێزێکی سەربازیی تەقلیدیی گەورە و چەکی ناوکیی هەبێت.

هیچ کەسێك لە ناوەوە و دەرەوەی ڕووسیا خوازیاری ئەوە نییە پوتین لە شەڕەکەیدا دژ بە ئۆکرانیا سەرکەوتوو بێت، باشترە کە شەڕەکە بدۆڕێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ڕووسیا بدۆڕێت، ئەوا مایەی خۆشحاڵییەکی گەورە نابێت، چونکە ئەگەر ڕووسیا داگیرکارییەکەشی ڕابگرێت، ئەوا ئەو توندوتیژییەی دوچاری خەڵکی ئۆکرانیا بووەتەوە، کاریگەرییەکەی بۆ چەند نەوەیەك درێژە دەکێشێت.

**لە سایتی گۆڤاری «فۆرێن ئەفێرز»دا بڵاوکراوەتەوە.**






**د. نەرمین مەعرووف**
پەرلەمانتاری عێراق و شارەزا لە بواری ئابووریی نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا وەکو تسۆنامییەکی ئابووری وایە و جیهانی ڕووبەڕووی قەیران و پەتایەکی کوشندە کردەوە

**لێکەوتە و کاریگەرییە ئابوورییەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بە یەکێك لەو مەترسییە گەورانە دادەنرێت، کە جیهان بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات، بەتایبەتی ئەگەر جەنگەکە درێژە بکێشێت، ئەوا شوێنەواری ئابووریی زۆر مەترسیداری دیکەی لێ دەکەوێتەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر نەرمین مەعرووف، شارەزا لە بواری ئابووریی نێودەوڵەتی و، پەرلەمانتار لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** لێکەوتەو کاریگەرییە ئابوورییەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا جێگای مەترسیی گەورەیە، ئەومەش وەکو زۆر لە ئابووریناسان و چاودێرانی نەوت و گاز و بازاڕە داراییەکان باسی دەکەن، سەرەتا وەکو پسپۆڕ و شارەزایەکی بواری ئابووریی نێودەوڵەتی چۆن دەڕوانیتە کاریگەرییە ئابوورییەکانی ئەم شەڕە، بەتایبەتی ئەگەر درێژە بکێشێت و زۆر وڵاتی دیکە لە جەنگەکەدا تێوەبگلێن؟**

- شەڕی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا، یان شەڕی ئابووری و ململانێی ڕووسیا لەگەڵ ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا و جیهانی ڕۆژئاوا، چەندین لێکەوتەی جیهانیی لە ڕووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسی و سەربازی و مرۆیی و ئابووری و دارایی و وزە و نەوتەوە لێ کەوتووەتەوە، لە هەمووشی کاریگەرتر و ناخ هەژێنتر، لایەنی مرۆیی و هەڵکشانی قوربانییەکان و ئاوارەبوونی زیاتر لە یەك ملیۆن هاووڵاتی ئۆکرانیایە، هەڵوێستی ڕۆژئاوا بەتایبەتی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیمانێتیی ناتۆ و ئەمریکا، بە سزا و گەمارۆی ئابووری دژی ڕووسیا دەستی پێ کرد، کەواتە دیوێکی شەڕەکە ئابووری و داراییە و شوێنەواری زۆر سەختی لەسەر ئابووری ڕووسیا و تەنانەت وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا و جیهانیش دەبێت، بە دیوێکی دیکەدا دەتوانین بڵێین جیهانی ئابووری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییە ئابوورییەکانی پێش شەڕەکە و دوای شەڕەکە، جیهانێکی زۆر جیاواز دەبێت. ئەگەر ئەو شەڕە درێژە بکێشێت و وەکو جەنگێکی گەورەی جیهانیی لێ بێت، ئەوا شوێنەوارەکانی لەسەر ئابووریی جیهان وەکو تسۆنامیەکی لێ دێت و، جیهان ڕووبەڕووی قەیران و پەتایەکی کوشندەتر لە کۆرۆنا دەکاتەوە.

جەنگەکە لە ڕووی ئابوورییەوە شوێنەوارێکی زۆر مەترسیداری لە چەند سێکتەرێکدا دروست کردووە، هەر لە کەرتی دارایی ناسراو بە تۆڕی سیوفت و ڕاوەستان و داکشانی کێرڤی داتا و بۆرسە جیهانییەکانەوە، تاوەکو کاریگەرییەکانی لەسەر کەرتی وزە و سووتەمەنی و خۆراك و دەرکەوتنی قەیرانی بە لێشاوی ئاوارەکان و، هەڵکشانی نرخی نەوت و گازی سرووشتی و خۆراك و سستبوونی جووڵەی بازرگانیی جیهانی و، لاوازبوونی کەرتی گەشتیاری لە ئۆکرانیا و ڕووسیا و ئەورووپا، ئەمانە هەمووی زەنگێکی مەترسیدارە و کاریگەرییەکانی لەسەر سەرجەم بوار و کەرتە ئابوورییەکانی دیکەش دادەنێت، تەنانەت جەنگەکە گورزێکی گەورەی لە کەرتی فرۆکەوانی دا، کە خۆی لەخۆیدا بووە بەشێك لە شەڕی ئابووریی نێوان ڕووسیا و ڕۆژئاوا، لەمەش مەترسیدارتر پێشبینی و ئەگەرە خراپەکانی ڕەوشی ئابووری و بازرگانیی جیهانیی ترساندووە و، بێ متمانەیی بۆ داهاتوو دروست کردووە، بەتایبەتی ئەو ئەگەرانەی کە باس لە هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی سێیەم و تێوەگلانی چەندین وڵاتی دیکە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە ناو جەنگەکە دەکات. بەگشتی لە ڕووی ئابوورییەوە لەم جەنگەدا جیهان بەسەر دوو گرووپدا دابەش بوون، ئەوانەی پشتیان بە هێنانی بەرهەمەکانی نەوت و گاز و گەنم و دانەوێڵەی ڕووسیا و ئۆکرانیا بەستووە، ئەوانەشی هەناردەکاری نەوت

**دیوێکی شەڕەکە ئابووری و داراییە و شوێنەواری زۆر سەختی لەسەر ئابووری ڕووسیا و تەنانەت وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا و جیهانیش دەبێت**

**جەنگەکە گورزێکی گەورەی لە کەرتی فرۆکەوانی دا، کە خۆی لەخۆیدا بووە بەشێک لە شەڕی ئابووریی نێوان ڕووسیا و ڕۆژئاوا**

**درێژەپێدانی جەنگەکە هاوشێوەی پەتای کۆرۆنا کاریگەریی ئابووری لەسەر گەشەی جیهانی دروست دەکات، دەبێت ئێمەش بە هاوشێوەی جیهان خۆمان بۆ خراپتر ئامادە بکەین**

و گازی سرووشتین، درێژەپێدانی جەنگەکە هاوشێوەی پەتای کۆرۆنا کاریگەریی ئابووری لەسەر گەشەی جیهانی دروست دەکات، دەبێت ئێمەش بە هاوشێوەی جیهان خۆمان بۆ خراپتر ئامادە بکەین.

*** ئەورووپا بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز پشتی بە گازی سرووشتیی ڕووسیا بەستووە و، وڵاتی ڕووسیا بە یەکێك لە گەورە وڵاتانی هەناردەی نەوت و گازی سرووشتی دادەنرێت، کاریگەرییەکانی ئەم شەڕە لەسەر کەرتی نەوت و گازی سرووشتی چی دەبێت و، ئایا چاوەڕوانی بەرزبوونەوەی نرخی زیاتری نەوت و گازی سرووشتی بین؟**

- ڕووسیا یەکەمین وڵاتی هەناردەکاری گازی سرووشتییە بۆ ئەڵمانیا و پۆڵەندا و فەرەنسا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و تورکیا و زۆر وڵاتی دیکەی جیهان، ئەمە جگە لەوەی دوو گەورەترین بۆریی گازی سرووشتی، یەکێکیان بە ناو جەرگەی شەڕەکە لە ئۆکرانیا بۆ ئەورووپا تێپەڕ دەبێت و ئەوەی دیکە تازە تەواو بووە و، لەژێر دەریاوە بەرەو ئەڵمانیا دەڕوات، هەر پێش هەڵگیرسانی جەنگەکە ئەڵمانیا وەکو کاردانەوەیەك بۆ سەربەخۆبوونی هەردوو هەرێمی ئۆکرانیا (لۆهانسك و دۆنێتسك) مۆڵەتی هەناردەکردنی گازی لە بۆریی گازی سرووشتی (نۆرد ستریم ٢) ڕاگرت، کە بە یەکێك لە بۆرییە گەورەکانی جیهان دادەنرێت و بە درێژایی ١٢٠٠ کیلۆمەتر دەتوانێت ڕۆژانە ٥٥ ملیار مەتر سێجا گازی سرووشتی بگوازێتەوە بۆ ئەڵمانیا و، نیوەی خواستی ئەو وڵاتە لە گازی سرووشتی دابین دەکات، ئەمە جگە لەوەی ڕووسیا بە یەکێك لە گەورەترین وڵاتانی بەرهەمهێنان و هەناردەکاری نەوتی خاو لە جیهاندا دادەنرێت، تەنانەت پێشتر سیاسەتەکانی کاریگەریی خۆی لەسەر خستنەڕووی نەوت و بەهاکەی هەبووە، کاریگەرییەکانی ئەم جەنگە هەر زوو بە خێرایی لەسەر کەمبوونەوەی خستنەڕووی نەوت و گازی سرووشتی دەرکەوت و، بەهای بەرمیلێك نەوت بۆ سەرووی ١١٣ دۆلار هەڵکشا، ئەمە لەکاتێکدا گەورە وڵاتانی وەکو ئەمریکا و ئەڵمانیا دەستیان بۆ یەدەگی نەوتەکەیان بردووە، ئەم ڕەوشە کاریگەریی خراپ لەسەر وڵاتانی هاوردەکاری نەوت دروست دەکات و تێچوونی بەرهەمی پیشەسازیی ئەو وڵاتانە بەرز دەکاتەوە، چونکە بەردەوامبوون و درێژەپێدانی جەنگەکە وادەکات ڕێڕەوەکانی دەریایی و گواستنەوەی گاز و نەوت لە ڕێگەی بۆرییەوە ئاستەنگی بۆ دروست بێت، خۆ ئەگەر سزاکانی ڕۆژئاوا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، کەرتی نەوت و گازی سرووشتی ڕووسیا بگرێتەوە، ئەوا کارەساتە گەورەکە بۆ ڕووسیا و جیهانی ڕۆژئاواش، بەتایبەتی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت و گاز دروست دەبێت، بەتایبەتی کە ٤٠٪ی ئەو گازە سرووشتییەی ڕووسیا هەناردەی دەکات، بۆ وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا دەڕوات، ئەمەش زیانێکی گەورەیە بە ئابووریی ئەو وڵاتانە دەگەیەنێت.

*** سەپاندنی سزای بێبەشکردنی ژمارەیەك لە بانکەکانی ڕووسیا لە تۆڕی دارایی سویفت، چ زیانێکی ئابووری و دارایی لەسەر ڕووسیا دەبێت و، ئایا ئەمە کۆتایی بە سیستمی یەکگرتوویی دارایی جیهان دەهێنێت؟**

- قورسترین سزای دارایی ڕۆژئاوا و ئەمریکا لەسەر ڕووسیا بێبەشکردنی ژمارەیەك لە بانکە گەورەکانی ڕووسیا بوو لە بەکارهێنانی تۆڕی دارایی ناسرا و بە سویفت، ئەو تۆڕەی ١١ هەزار بانك و دامەزراوەی دارایی لە زیاتر لە ٢٠٠ وڵاتی جیهان بەکاری دەهێنن و هەمووی پێکەوە گرێدراون و، مامەڵە و جووڵەی دارایی ئاسان کردووە، بە ڕادەیەك خەمڵێندراوە ڕۆژانە لە ڕێگەی ئەم تۆڕەوە پێنج تریلیۆن دۆلار دەگوازرێتەوە، ئەمەش گورزێکی سزا قورسەکەی ڕۆژئاوایە لە ڕووی داراییەوە لەسەر ڕووسیا، لەلایەکی دیکەشەوە زیاتر لە ٦٣٠ ملیار دۆلاری ڕووسیا لە ڕۆژئاوا و ئەمریکا سڕکراوە و ڕێگە بە ڕووسیا نادرێت بەکاری بهێنێت، خۆ ئەگەر ئەم سزایانە لەگەڵ سزادانی زۆر دامەزراوە و کەسایەتیی نزیك لە سەرۆکی ڕووسیا هەمووی کۆبکرێتەوە، ئەوا زیانە داراییەکانی ڕووسیا ئەوەندە قورسە کە لە ماوەیەکی مامناوەندا هیچ وڵاتێك نییە تەحەمولی بکات، دابەزینی بەهای ڕۆبڵی ڕووسی و داشکانی پشکەکانی زۆر لە گەورە

**ڕووسیا بە یەکێک لە گەورەترین وڵاتانی بەرهەمهێنان و هەناردەکاری نەوتی خاو لە جیهاندا دادەنرێت، تەنانەت پێشتر سیاسەتەکانی کاریگەریی خۆی لەسەر خستنەڕووی نەوت و بەهاکەی هەبووە**

**ئەم ڕەوشە کاریگەریی خراپ لەسەر وڵاتانی هاوردەکاری نەوت دروست دەکات و تێچوونی بەرهەمی پیشەسازیی ئەو وڵاتانە بەرز دەکاتەوە**

**قورسترین سزای دارایی ڕۆژئاوا و ئەمریکا لەسەر ڕووسیا بێبەشکردنی ژمارەیەک لە بانکە گەورەکانی ڕووسیا بوو لە بەکارهێنانی تۆڕی دارایی ناسرا و بە سویفت**

**زیاتر لە ٦٣٠ ملیار دۆلاری ڕووسیا لە ڕۆژئاوا و ئەمریکا سڕکراوە و ڕێگە بە ڕووسیا نادرێت بەکاری بهێنێت**

کۆمپانیاکانی جیهان لە بۆرسەکاندا، بەتایبەتی پشکی کۆمپانیا ڕووسییەکانی وەکو ڕۆست نەفت و، بە کۆمپانیا بیانییەکانی دیکەشەوە سەرەتای دەرکەوتنی قەیرانێکی گەورەی داراییە.

*** باسی شوێنەوارەکانی ئەم جەنگەت کرد لەسەر ئاستی جووڵەی بازرگانی و ئاڵوێری بازرگانیی جیهانی، کە بێگومان کاریگەری لەسەر هەموو وڵاتانی جیهان، بە ئێمەشەوە دەبێت؛ پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەگەر ئەم شەڕە زیاتر درێژە بخایەنێت، ئەم کەرتە چ زیانێکی بەر دەکەوێت؟**

- ڕووسیا و ئۆکرانیا پێکەوە نزیکەی ٢٥٪ی گەنمی جیهان دابین دەکەن، شەڕەکەش زیانێکی گەورە بەم بەرهەمە جیهانییە و بەگشتی دانەوێڵەش دەگەیەنێت، ئەمە جگە لە ئاستەنگەکانی گواستنەوەی گەنم و جۆ و گەنمەشامی و دانەوێڵە بەگشتی، بەمەش خستنەڕوو کەم دەبێت و خواست زۆر دەبێت و نرخەکان ڕوو لە هەڵکشان دەکەن، ئەمریکا و ڕۆژئاوا بەتایبەتی یەکێتیی ئەورووپا، گەمارۆیان لەسەر کڕینی بەرهەم و کەلوپەلی ڕووسی داناوە، بە شمەکی خۆراکییشەوە، خۆ ئەگەر سزا لەسەر گەورە کۆمپانیاکانی ڕووسیا درێژە بکێشێت، ئەوا کەرتی گواستنەوەی کاڵا و بەرهەمەکانی ڕووسیا زیانی گەورەیان بەردەکەوێت، بەشێکی ئەم زیانانەش لە ڕێگەی بەرزبوونەوەی نرخەکانەوە بۆ جیهان دەگوزارێتەوە.

*** کاریگەرییە ئابوورییەکانی ئەم شەڕە لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق تاچەند جێگای مەترسییە و، ئایا بەو پێیەی ئێمە وڵاتی هەناردەکاری نەوت و بەرهەمهێنەری نەوتین، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخەدا بکرێت باشە؟**

- لەم سیستمە نوێیەی جیهاندا ئابووریی هەموو وڵاتان پێکەوە گرێ دراون، قەیران و کێشە ئابووری و داراییەکان وەکو شەپۆلێك بۆ هەموو جیهان دەگوزارێتەوە، لە عێراق و کوردستانیش گەورە کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتانە هەن و، لێرەش بە تۆڕی سویفت کار دەکرێت و کۆمپانیا ڕووسییەکانیش کار و وەبەرهێنانیان هەیە، ڕاستە ئێمە وڵاتی بەرهەمهێن و هەناردەکاری نەوتین و خاوەنی یەدەگی گازین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە ٩٠٪ی کەلوپەل و خۆراکەکانمان لە دەرەوەی سنوورەکان دێت و، ڕووسیا و ئۆکرانیا لە ڕیزبەندی پێشەوەی وڵاتانی هەناردەکاری گەنم و گەنمەشامی و دانەوێڵە و خۆراك دادەنرێن، ڕاستە وڵاتانی وەکو ڕووسیا و ئەمریکاش بە هەناردەکاری ئەم بەرهەمانە دادەنرێن، بەڵام تێچوونی گواستنەوەی زۆرە، خۆی لە خۆیدا بازاڕەکانی عێراق و کوردستان دیاردەی نرخ هەڵاوسانیان هەیە، لەلایەکی دیکەوە کەرتی نەوتی کوردستان تواناکەی سنووردارە بۆ هەناردەکردن و، وا بە ئاسانی و خێرا ناتوانرێت بڕەکەی زۆر بکرێت و، هەر خۆی ئابووریی کوردستان و عێراق نەیتوانیوە سوود لە پیشەسازیی نەوت و پترۆکیمیاوی وەربگرێت و، لەگەڵ هەڵکشانی ئەم بەرهەمانە جارێکی دیکە بە نرخێکی زۆرتر هەموو ئەو کاڵا و سووتەمەنییانەی لە نەوت بەرهەم دەهێنرێت، یان بۆ سووتەمەنی پیشەسازی گرنگە، بۆ ئێمە بە نرخێکی دوو هێندەی بەرز دێتەوە، لە ئێستاشدا کێشەمان لەگەڵ دادگای ئیتحادی عێراق هەیە، دوای دەرکردنی بڕیارێك لە دژی یاسای نەوت و گاز. بەگشتی شەڕ و جەنگ ماڵوێرانی بە دوای خۆیدا دەهێنێت و کەس تێیدا سوودمەند نابێت، ئەو کاریگەرییانەشی کە باس دەکرێت، گوایە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت بە هۆی هەڵکشانی بەهای نەوت سوودمەند دەبن، نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت، زیادبوونی زۆری بەهای نەوت دەبێتە هۆی ڕاوەستانی کەرتی پیشەسازی و بەرهەمهێنان و بەرزبوونەوەی نرخەکەی و، ڕاوەستانی خواست لە مەودایەکی مامناوەندا، بەداخیشەوە هەرگیز هەرێمی کوردستان و عێراق نەیانتوانیوە بەم داهاتە کەرتێکی بەرهەمهێن دروست بکەن، بەردەوام ئێمە هاوردەکاری زۆربەی هەرە زۆری کاڵاکانین، بۆیە بەم دیوەدا ئێمە زۆر قازانج ناکەین. تەنیا ڕێگە ئەوەیە دەبێ بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکەین و هەوڵ نەدەین پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانمان تەنیا لەگەڵ چەند وڵاتێکدا بێت و، خۆمان بۆ هەموو ئەگەرەکانی هەڵکشانی پێکدادانەکان و فراوانبوونی شەڕەکە ئامادە بکەین.

**ڕووسیا و ئۆکرانیا پێکەوە نزیکەی ٢٥٪ی گەنمی جیهان دابین دەکەن، شەڕەکەش زیانێکی گەورە بەم بەرهەمە جیهانییە و بەگشتی دانەوێڵەش دەگەیەنێت**

**ئابووریی کوردستان و عێراق نەیتوانیوە سوود لە پیشەسازیی نەوت و پترۆکیمیاوی وەربگرێت**

**هەرگیز هەرێمی کوردستان و عێراق نەیانتوانیوە بەم داهاتە کەرتێکی بەرهەمهێن دروست بکەن**

**دەبێ بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکەین و هەوڵ نەدەین پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانمان تەنیا لەگەڵ چەند وڵاتێکدا بێت**



# سیستەمی سویفت
# هەوڵەکان بۆ دەرچوونی ڕووسیا لەم سیستەمە جیهانییە

دوابەدوای هێرشەکانی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا، خواستی وڵاتان لەسەر دەرچوونی ڕووسیا لە سیستەمی سویفت زۆربووەوە. ئەم سیستەمە داراییە بەوە ناوزەدکراوە جێگەی متمانە و ئاسانکارییە لە ڕاییکردنی مامەڵە داراییەکان لە جیهاندا. هەوڵەکانی دەرکردنی ڕووسیا لە سیستەمی سویفت لە ساڵی (٢٠١٤) ئەگەرێکی کراوە بووە لەلایەن وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا، بەتایبەتی پاش هەنگاوەکانی ڕووسیا بۆ داگیرکردنی دوورگەی (قرم)، لەگەڵ ئەوەش تا وەکو ئێستاش وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا و ئەمریکا نەیانتوانیوە بە کۆدەنگی بڕیار لەسەر دەرکردنی ڕووسیا لە سیستەمی سویفت بدەن.

پێش ئەوەی تیشك بخەینە سەر هەوڵەکان بۆ دەرچوونی ڕووسیا لە سیستەمی سویفت، ئاماژە بە دامەزراندن و ئامانجەکانی ئەم سیستەمە دەکەین:

## ● مەبەست لە سیستەمی سویفت چییە؟

سیستەمی سویفت (SWIFT) سیستەمێکی دارایی جیهانییە کە بانك و دامەزراوە داراییەکان بە کاری دەهێنن بۆ ناردن و وەرگرتنی تەواوی زانیارییە داراییەکان بە خێراییەکی زۆر و بەوپەڕی متمانە و پارێزراوییەوە لە مامەڵەدا، کە توانای تۆمارکردنی ژمارەی هەژماری بانکی نێودەوڵەتی (IBAN) و سیمبۆڵی پێناسی بانکی (BIC) هەیە.

کورتکراوەی وشەی سویفت (SWIFT) لە (Society for Worldwide Interbank Financial Telecommunications) وەرگیراوە، کە بە مانای (کۆمەڵەی پەیوەندییە داراییەکانی جیهانی لە نێوان بانکەکان)ـە و لە ساڵی ١٩٧٣ لە وڵاتی بەلجیکا دامەزراوە. ئەم سیستەمە بەستراوەتەوە بە (١١) هەزار بانك و دامەزراوە داراییەکان لە ٢٠٠ وڵاتی جیهاندا.

بە پێی داتای ساڵی ٢٠٢١ ڕۆژانە نزیکە (٤٢) ملیۆن نامە و مەسیج لە ڕێگەی تۆڕەکانی پەیوەندییەوە دەنێردرێت و ئالوگۆڕی بە تریلۆن دۆلار لە نێوان کۆمپانیا و حکومەتەکانی وڵاتان دەکات.

شێوازی دروستبوون و بەڕێوەبردنی سیستەمی سویفت:

سیستەمی سویفت لە لایەن بانکەکانی ئەمریکا و وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا دروست بووە، ئامانج لە دروستبوونی سیستەمێکی لەم شێوەیە بریتییە لە ڕێگریکردن لە دروستبوونی قۆرخکاری لەلایەن یەك دامەزراوە و سیستەمی داراییەوە.

لە ئێستادا ئەم سیستەمە داراییە خاوەندارییەتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە (٢٠٠٠) بانك و دامەزراوەی دارایی و هەر یەك لە بانکی نیشتمانیی بەلجیکی بە هاوبەشی لەگەڵ بانکەکانی ناوەندی لە تەواوی وڵاتانی جیهان و بانکی فیدراڵیی ئەمریکی و بانکی ئینگلتەرا سەرپەرشتی دەکرێت.

سیستەمی سویفت یارمەتیدەرێکی کارایە بۆ ڕاییکردنی بازرگانیی نێودەوڵەتی و بەرجەستەکردنی متمانەی ئاڵوگۆڕی کاغەزەکانی دارایی و مامەڵەکانی دارایی بۆ وڵاتانی ئەندام و بەشداربووانی تۆڕی ئەم سیستەمە.

## ● هەوڵەکان بۆ دەرکردنی ڕووسیا لە سیستەمی سویفت:

ئاماژە و هەوڵەکانی ئەمریکا و وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا بۆ چوونە دەرەوەی ڕووسیا لە سیستەمی سویفت، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئەم سێ لایەنەی خوارەوە بەرامبەر بە ئابووریی ڕووسیا دروست دەکات:

**لە کاتی دەرچوونی ڕووسیا لە سیستەمی سویفت ڕاستەوخۆ جموجۆڵی هاوردە و هەناردەی پێداویستی و خزمەتگوزاری و بەرووبوومە کشتوکاڵییەکانی پەکی دەکەوێت**

**ڕووسیا سەرچاوەی یەکەمی هەناردەی وزە و گازە بۆ وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا، بۆ نموونە ساڵانە نزیکەی (٥٥) ملیار مەتر سێجا گازی سرووشتی لە ڕووسیاوە دەگوازرێتەوە بۆ ئەڵمانیا**



**د. محەممەد عەلی میران**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

**١. لایەنی هەناردە و هاوردەکردن:** لە کاتی دەرچوونی ڕووسیا لە سیستەمی سویفت ڕاستەوخۆ جموجوڵی هاوردە و هەناردەی پێداویستی و خزمەتگوزاری و بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی پەکی دەکەوێت و زیانی گەورەیان بەردەکەوێت، هەروەها کاریگەریشی لەسەر ئەو وڵاتانەش دەبێت کە هاوردەی بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی ڕووسیا دەکەن، لەوانە وڵاتی (میسر) کە ساڵانە نزیکەی (٤,٦٧) ملیار دۆلار گەنم لە ڕووسیا دەکڕێت، هەر یەك لە وڵاتانی عەرەبییش وەکو (جەزائیر و مەغریب و یەمەن و سعودیە و سودان).

**٢. کاریگەری لەسەر دراوی ڕۆبلی ڕووسی:** لە جێبەجێکردنی سزا ئابوورییەکان بۆ سەر بانکە گەورەکانی ڕووسی و سنووردارکردنی ئاڵوگۆڕییەکانی دراوی ڕووسی لەگەڵ دراوەکانی بیانی، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر نزمبوونەوەی بەهای ڕۆبل دەکات، بەمەش بەرزبوونەوەی هەڵاوسان و شڵەژان و دۆخی ناسەقامگیریی ئابووری لێ دەکەوێتەوە، کاریگەریشی لەسەر هێزی کڕین و مامەڵە و ئاڵوگۆڕییەکانی بازرگانی دەبێت.


**٣. لایەنی هەناردەکردنی سووتەمەنی و گاز:** لە جێبەجێکردنی سزاکان بەتایبەتیش بۆ سەر کەرتی وزە و سووتەمەنیی ڕووسیا، دۆخێکی چاوەڕواننەکراو بۆ سەر کەرتی وزە و سووتەمەنی دروست دەکات، بەمەش تەنیا ڕووسیا زیانی بەرناکەوێت، بەڵکو کاریگەری و لێکەوتی نەرێنییش بۆ سەر کەرتی وزە و سووتەمەنی وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا و ئەمریکاش دروست دەکات، وادەکات قەیرانی وزە و زۆربوونی خواست و ناسەقامگیری نرخی وزە و سووتەمەنی لێ بکەوێتەوە. دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت، ڕووسیا سەرچاوەی یەکەمی هەناردەی وزە و گازە بۆ وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا، بۆ نموونە ساڵانە نزیکەی (٥٥) ملیار مەتر سێجا گازی سرووشتی لە ڕووسیاوە دەگوازرێتەوە بۆ ئەڵمانیا لە ڕێگەی دەریای بەلتیقەوە، بەمەش چەسپاندنی ئەو سزایانە ڕاستەوخو خواست و نرخی وزە لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا بەرز دەکاتەوە، هەر بۆیە ئەو وڵاتانە وەکو تورکیا بە دوای جێگرەوەی دیکەدا دەگەڕێن، وڵاتانی کەنداویش باشترین و گونجاوترین جێگرەوەن.

**جێبەجێکردنی سزاکان، کاریگەری لەسەر تەواوی پایەکانی ئابووریی ڕووسیاوە دەبێت، دوای دەبەزینی بەهای دراوەکەی و توانا و دەرفەتی قەرزکردن و وەبەرهێنانی لە دەرەوەش کەم دەبێتەوە**

لە کۆتاییدا ئاماژە بەوە دەکەین جێبەجێکردنی سزاکان، کاریگەری لەسەر تەواوی پایەکانی ئابووریی ڕووسیاوە دەبێت، دوای دەبەزینی بەهای دراوەکەی و توانا و دەرفەتی قەرزکردن و وەبەرهێنانی لە دەرەوەش کەم دەبێتەوە، بەڵام بەشێك لە ئابووریناسان پێیان وایە ڕووسیا وا بە ئاسانی دەستەمۆ و کەنارگیر ناکرێت، چونکە ئابوورییەکی بەهێزی هەیە کە نزیکەی (٦٣٠) ملیار یەدەگی دۆلار و نزیکەی (٣٠٠)تەن زێڕی یەدەگی هەیە کە بە بەرزترین ئاست تۆمار کراوە لە مێژووی خۆیدا. لەلایەکی دیکەوە دەتوانێت لە جێگەی پشت ببەستێت بە سیستەمی سویفت، ڕووبکاتە سیستەمی (Cips) چینی لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی و لە جێگەی دۆلاری ئەمریکی پشت بە دراوی یوانی چینی ببەستێت، کە لەوانەیە لە داهاتوودا ئەم سیستەمە پێشکەوتنی بەرچاو بە خۆیەوە ببینێت، کە هەر یەك لە ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپی ناتوانن چاودێریی ڕاییکردن و شێوازی ئاڵوگۆڕە داراییەکانی ئەم سیستەمە بکەن.

**ڕووسیا نزیکەی (٦٣٠) ملیار یەدەگی دۆلار و نزیکەی (٣٠٠) تەن زێڕی یەدەگی هەیە کە بە بەرزترین ئاست تۆمار کراوە لە مێژووی خۆیدا**

## دیمانەی تایبەت



هینری بارکی توێژەرە لە ئەنجومەنی پەیوەندییە دەرەکییەکان و پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی لیهای لە پەنسلڤانیا، پێشتریش بۆ ماوەی ١٣ ساڵ سەرۆکی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بووە لەم زانکۆیە، لە ڕابردوودا لە نێو ستافی پلاندانانی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵانی نێوان (١٩٩٨-٢٠٠٠) کاری کردووە، هەروەها بەڕێوەبەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە سەنتەری وودرۆ ویڵسۆن. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسی لەگەڵدا شرۆڤە کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و، خوێندنەوە و ڕەهەند و دەرهاویشتەکانی و، چەند پێشهات و پەرەسەندنێکی دیکەی پەیوەندیدار.

هێنری بارکی
پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی لیهای بۆ گوڵان:

# پوتین قەناعەتی بۆ خۆی دروست کردوە کە ئۆکرانیا بەشێکی دانەبڕاوە لە ڕووسیا

*** چۆن لەو بارودۆخ و شەڕە دەڕوانیت کە لە ئێستادا بەرپا بووە لە ئۆکرانیا و، چۆن ڕەهەند و ئاماژەکانی دەخوێنیتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ڕێگەیەکی ئاسان نییە بۆ وەسفکردنی ئەم شەڕە، ئەوەی ڕوو دەدات، خراپترین دۆخێکە هاتبێتە ئاراوە، کە ڕۆژگارێکی دوور و درێژە دۆخێکی وا دروست نەبووە، ئەمە تا ڕاددەیەك ئەوەم بیر دەخاتەوە کە سەددام حوسێن لە دوای شەڕی یەکەمی کەنداوەوە هێرشی دەکردە سەر کورد، بە بێ ئەوەی هیچیان کردبێت. واتە لە پەیوەندی بە ئۆکرانیاشەوە، ئەوا گەلی ئەم وڵاتە هیچ کارێکی نەکردبوو، بەڵکو ئەوە پوتینە کە لە خەیاڵی خۆیدا پاساو و بیانوو دادەتاشێت، بەراوردکردنیشی بە سەددام لەم ڕوانگەیەوە دێت کە هەردووکیان لە وەهمدا بوون، ئێستاش جێی داخە کە ڕووسیا لە بارودۆخێکی لەم چەشنەوە تێوەگلاوە، لەم ساتەوەختەدا ڕووسییەکان درك بەوە دەکەن کە ئەمە کارێکی شێتانەیە.

*** بە گوێرەی خوێندنەوە و بەدواداچوون و شرۆڤەکردنی شەڕەکە و سیاسەت و بڕیارەکانی ڕووسیا، ئایا پێت وایە ئاقار و ئاراستەی شەڕەکە بەرەو کوێ دەچێت؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وایە چەند ئەگەرێك هەن، یەکێکیان ئەوەیە ڕووسیا پەنا بۆ کاولکردن و تێکشکاندنی ئۆکرانیا ببات، کە ئەمەیان زیاتر ئەگەری ڕوودانی لێ دەکرێت، یان ئەوەتا کودەتایەك لە نێو ڕووسیادا ڕوو بدات، واتە لە نێوخۆدا کار بکرێت بۆ ئەوەی ڕووسیا لە پوتین ڕزگار بکرێت، من دەرئەنجام و پێشهاتێکی دیکە بەدی ناکەم، جگە لەم دوو ئەگەرە نەبێت.

*** باشە پێت وایە پاڵنەرە سەرەکییەکانی**

**پوتین تا ڕاددەیەک ئەوەم بیر دەخاتەوە کە سەددام حوسێن لە دوای شەڕی یەکەمی کەنداوەوە هێرشی دەکردە سەر کورد، بە بێ ئەوەی هیچیان کردبێت**

**پشت ئەم بڕیارەی سەرۆك ڤلادیمێر پوتین چی بوون، بۆ ئەوەی پەنا بۆ بڕیارێکی قورسی لەم چەشنە ببات، کە ئەو شەڕە گەورە و قورسەی لێ کەوتووەتەوە و ئەو هەموو گوشارەش ڕووبەڕووی وڵاتەکەی بووەتەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە پوتین لە هزری خۆیدا کۆمەڵێك ئامانجی دەستنیشان کردووە، کە دەیەوێت بەدەستیان بهێنێت و، لە تێڕوانینی خۆیدا پاساویان بۆ دەهێنێتەوە و شەرعییەتیان پێ دەدات و کەسانێکیش لە دەوروبەری هەن کە ڕەنگە ئەوانیش هاوڕابن لەگەڵیدا، بەتایبەتی کە هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکەیان نییە، بۆ نموونە: یەکێك لە ئامانجەکانی بە گوێرەی لێکدانەوە و شرۆڤەی خۆی، ئەوە بوو کە ئەمە دەبێتەهۆی پووچەڵکردنەوە و بەرگرتن لە بەرفراوانبوونی ناتۆ، بۆ سەر سنوورەکانی ڕووسیا، بەڵام واقیعەکە و ڕاستییەکە ئەوە بوو کە ناتۆ بەرفراوان نەدەبوو، واتە ئەندامبوونی ئۆکرانیا لە ناتۆدا پێشهاتێك نەبوو کە لە ئەگەری ڕوودانیدا بێت و، ئەگەر ئۆکرانیا ببوایەتە ئەندامی ناتۆش، ئەوا چەند ساڵێکی پێ دەچوو. دواتر ئەگەر قووڵتر لە ناخی پوتین بڕوانین، ئەوا ئەو قەناعەتەی بۆ خۆی دروست کردووە کە ئۆکرانیا بەشێکی جیابووەوە و دابڕاو نییە لە ڕووسیا، بەڵکو بە دیدی ئەو هەمیشە ئۆکرانیا بەشێك بووە لە ڕووسیا و، خەڵکی ئۆکرانیاش بە بەشێك لە گەلی ڕووسی دەزانێت، خۆ ڕاستە زۆرێك لە ئۆکرانییەکان دەتوانن بە ڕووسی قسە بکەن و چەندین ئۆکرانی لە سەردەمی یەکێتی سۆڤییەتدا پۆستی باڵایان هەبوو، بەڵام هەموو ئەمانە بەو مانایە نایەت کە سەربەخۆ نەبوون و وڵاتێکی جیاواز نەبووە. کەواتە خوێندنەوەی من بۆ خودی پوتین ئەوەیە، کە قەناعەتی بە خۆی کردووە بەوەی ئۆکرانیا شایستەی ئەوە نییە وڵاتێکی سەربەخۆ بێت و، ئەگەر سەرکەوتوو بێت لە داگیرکردنی ئۆکرانیا، ئەوا دەیکاتە بەشێك و قەوارەیەکی فیدراڵی لە ڕووسیا. کەواتە ئەمە بووەتە پاڵنەری سەرەکیی ئەو لە بەرپاکردنی ئەم شەڕەدا، دواتر کێشەی ڤلادیمێر پوتین ئەوەیە کە ڕێگە نادات کەسانێك لە دەوروبەری بن کە بۆچوون و لێکدانەوە و بەدیلێکی جیاوازییان هەبێت، هەر لەبەر ئەوە بوو کە وایان وێنا دەکرد کە ئۆکرانییەکان زوو خۆیان بەدەستەوە دەدەن، لەسەر ئەم لێکدانەوەیەش بڕیاریان دا و، ئێستا دووچاری سەرسوڕمان بوون، چونکە گوێیان بەوە نەدەدا کە ئۆکرانییەکان چییان دەگوت. هەرچۆنێك بێت، ئەوەی ڕوو دەدات کارەساتێکی تەواوە و هیچ پێویستی بەوە نەدەکرد کە ڕوو بدات، من دووبارەی دەکەمەوە ئەمە ئەو حاڵەتەم بیر دەخاتەوە کە سەددام حوسێن کەوتبووە هێرشکردنە سەر کورد، تا ئەو کاتەی ناوچەی دژەفڕین دروست کرا.

*** چۆن لە کاردانەوەی وڵاتانی جیهان بەتایبەتی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی جۆ بایدن دەڕوانیت لە گرتنەبەری ڕێکار و گوشارە ئابووری و داراییەکان دژ بە ڕووسیا؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر باس لە ئەدای ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن بکەین، ئەوا لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دۆخەدا تا ئێستا ئەدایەکی زۆر باشی هەبووە، سەرۆك بایدن پیشانی دا کە سەرۆکێکە شارەزایی و ئەزموونێکی گەورەی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا هەیە، واتە وەك کەسێك کە چاودێری و بەدواداچوونی کردووە بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی، لە هەمان کاتدا وەك کەسێك کە خۆی پێشتر لە پۆستێکدا بووە، کە مومارەسەی سیاسەتی نێودەوڵەتی کردووە، بەتایبەتی کە ئەو کاتەی جێگری سەرۆك باراك ئۆباما بوو. ئەوەتا سەرۆك بایدن وردە وردە ئاستی فشارەکانی بۆ سەر ڕووسیا زیاتر کردووە، بە چەشنێك ئەو ڕێکار و گوشارانەی گیراونەتەبەر، پێشینەیان نییە، بە ڕاددەیەك کە خودی سەرۆك ڤلادیمێر پوتین دووچاری سەرسوڕمان بووە، بۆ نموونە، ئێوە بە ئامانجگرتنی بانکی ناوەندیی ڕووسیا لەبەرچاو بگرن، کە هیچ کاتێك ئەم گوشارە پیادە نەکراوە و ئەمە ڕووی نەداوە، ڕەنگە لە داهاتوودا ئەمە ئەنجام بدرێت، بەڵام لە ڕابردوودا تا ئێستا کارێك، یان گوشارێکی لەم چەشنە ئەنجام نەدراوە، کە بە ڕاستی کێشە بۆ ئابووریی ڕووسیا درووست دەکات، هەرچەند لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەمە زیاتر ئێش و ئازار بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە دروست دەکات، نەك بۆ خودی پوتین. کەواتە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسی هەڵسەنگاندنی ئەدای ئیدارەکەی بایدن،

**ئەگەر پوتین سەرکەوتوو بێت لە داگیرکردنی ئۆکرانیا، دەیکاتە بەشێك و قەوارەیەکی فیدراڵی لە ڕووسیا**

**کێشەی پوتین ئەوەیە کە ڕێگە نادات کەسانێك لە دەوروبەری بن کە بۆچوون و لێکدانەوە و بەدیلێکی جیاوازییان هەبێت**

**سەرۆك بایدن وردە وردە ئاستی فشارەکانی بۆ سەر ڕووسیا زیاتر کردووە، بە چەشنێك ئەو ڕێکار و گوشارانەی گیراونەتەبەر، پێشینەیان نییە**

**ئەگەر لەم کاتەدا دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا بووایە، ئەوا ئۆکرانیا داگیر کرابوو**

ئەوا بە ڕاستی بایدن هەمیشە هەنگاوێك لە پێش ڕووسیاوە بووە، بەتایبەتی لە ڕوانگەی شەڕی زانیارییەوە، بەڵام ئێستاش کە تانك و زرێپۆشەکانی ڕووسیا چوونەتە نێو ئۆکرانیا، ئەوا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناتوانێت دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی سەربازی بکات، چونکە ئەمە هەڵدەکشێت و سەردەکێشێت بۆ جەنگێکی دیکەی جیهانی، کەواتە بایدن ئەدایەکی باشی هەبووە و دۆخەکە زۆر جیاواز دەبوو ئەگەر سەرۆکێکی دیکە جڵەوی کۆشکی سپی لە دەست بووایە، من پێم وایە ئەگەر لەم کاتەدا دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا بووایە، ئەوا ئۆکرانیا داگیر کرابوو.

بڕیار بدات کارێك بکات لە دژی بوونی ئەمریکا و تورکیا لە سووریادا. هەروەها ئەگەری ئەوەش هەیە وەك تۆڵەکردنەوەیەك ڕووسیا هاوکاری ئەو لایەنانە بکات لە ناوچەکەدا دژی ویلایەتە یەکگرتووەکانن، کە ئەمەش دۆخێکی هاوشێوەی سەردەم و سەروەختی شەڕی سارد دەخولقێنێت. ئەوەی پەیوەست بێت بە هەڵوێستی تورکیاوە لە بارەی ڕێگەگرتن لە تێپەڕبوونی کەشتیی جەنگی لە هەردوو گەرووی بۆسفۆر و دەردەنیلْ، ئەوا دەبێت ئێمە ئاماژە بکەین کە ئەم کارە بە گوێرەی ڕێککەوتنی مۆنترۆی ساڵی ١٩٣٦ـە و تا ئێستاش تورکیا زۆر بە باشی ئیدارەی ئەم دوو گەرووەی کردووە، بەڵام ڕاگەیاندنی ئەوەی

**ئەم شەڕە کاریگەریی گەورەی لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت، بەڵام ڕەنگە لە ئێستادا بە دیاریکراوی نەزانین ئەو دەرئەنجامانە چی دەبن**



*** ئەی چۆن لە کاریگەری و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕە لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەم شەڕە کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام ڕەنگە لە ئێستادا بە دیاریکراوی نەزانین ئەو دەرئەنجامانە چی دەبن، بەتایبەتی لە وڵاتی سووریادا کە ئێمە دەزانین تورکیا و ڕووسیا و ئەمریکا تەواجودیان هەیە لەو وڵاتەدا، ڕەنگە ئەمە دەرفەت و زەمینەیەك بۆ گەڕانەوە و بەهێزبوونی داعش دروست بکات، چونکە نادڵنیایی و نەبوونی هاوکاری لە نێوان لایەنەکان لەو وڵاتەدا، بەتایبەتی ئەگەر ڕووسیا

کە ڕێگری لە تێپەڕبونی کەشتیی ڕووسی و ئۆکرانی دەکات، ڕاگەیاندنێکی لۆژیکی نییە، چونکە ئەم وڵاتانەش هێزێکن لە دەریای ڕەشدا، هەروەها ڕێککەوتنی مۆنترۆ ڕێگە بە گەڕانەوەی کەشتییە جەنگییەکان دەدات بۆ وڵاتی خۆیان، واتە ئەگەر کەشتییەکی جەنگی ئۆکراینی، یان ڕووسیا هەبێت و بیەوێت لە دەریای سپی ناوەڕاستەوە بگەڕێتەوە، ئەوا دەبێت ڕێگەی پێ بدرێت، لەبەر ئەوە پێم وانییە ئەم ڕاگەیاندنەی تورکیا لە بارەی تێپەڕبوونی کەشتییە جەنگییەکان بە هەر دوو گەرووی بۆسفۆر و دەردەنیلْدا پرسێکی هێندە گەورە بێت.

**ئەگەری ئەوەش هەیە وەک تۆڵەکردنەوەیەک ڕووسیا هاوکاریی ئەو لایەنانە بکات لە ناوچەکەدا کە دژی ویلایەتە یەکگرتووەکانن، ئەمەش دۆخێکی هاوشێوەی سەروەختی شەڕی سارد دەخولقێنێت**

## دیمانەی تایبەت



جەیمس لیبۆڤیج پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و کاروبارە نێودەوڵەتییەکانە لە سکوڵی ئیلیۆت بۆ کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك تیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی، دارشتنی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی، ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان. لە توێژینەوەکانیدا جەخت لەسەر پرسەکانی پەیوەست بە خەرجییە سەربازییەکان و بەرپەرچدانەوە و کۆنترۆڵکردنی چەك و بازرگانیی چەك و ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان دەکاتەوە. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە شەڕی ئێستای ڕووسیا و ئۆکرانیا و شرۆڤەکردنی ڕەهەند و دەرهاویشتەکانی و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

جەیمس لیبۆڤیج
پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن بۆ گوڵان:

# شەڕەکە مەترسیدارە و ئەگەری ئەوە هەیە بەرفراوانتر بێت

*** ئێستادا شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا سەرجەم جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، ئەمە پێشهاتێکی گەورەیە و دەرئەنجامەکانیش لە هەموو جیهاندا ڕەنگ دەداتەوە، تێڕوانین و خوێندنەوەی ئێوە بۆ دۆخەکە لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی دروست بووە، دۆخێکی یەکجار مەترسیدارە، وەك کەسێك کە دیراسەتی ناکۆکییەکانم کردووە، ئەوا دەتوانم بڵێم ئەم مەترسیدارترین ناکۆکییە لە نێوان ڕووسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەندامانی ناتۆ لە دوای تەنگژەی مووشەکەکانی کوباوە کە لە ساڵی ١٩٦٢دا سەریهەڵدا و هاتەئاراوە. مەترسیداربوونەکەشی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ڕەنگە بەرفراوانتر بێت و تەنانەت ئەگەری ئەوەش هەیە چەکی ناوکی تێدا بەکار بهێنرێت.

*** پێشتر زۆر مشتومڕ لە بارەی ئەوەوە دەکرا ئایا ڕووسیا و سەرۆك ڤلادیمێر پوتین هەنگاوێك لەم چەشنە دەنێن، یان نا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ڕۆژئاوا هەڵەی کرد لە پێشبینییەکانیدا بەوەی چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد ڕووسیا ئەم هەڵمەتە سەربازییە گەورەیە دەست پێ بکات، یان ئەمە پێشهات و پەرەسەندنێکی چاوەڕوانکراو بوو؟**

- لە ڕاستیدا هەندێ لە شارەزا و چاودێرە سەربازییەکان پێشبینییان دەکرد و من خۆم پێم وابوو زیاتر ئەگەری ڕوودانی لە ئارادایە، چونکە ئاماژەکان دیار بوون کە ڕووسیا دەستی کردبوو بە کۆکردنەوەی هێزەکانی و تەنانەت هێزەکانی لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ڕووسیاش بەرەو سنوورەکانی ئۆکرانیا جووڵەی پێ کردبوون و کەرەستە و چەکێکی سەربازی زۆری کۆکردبووەوە. هەروەها ڤلادیمێر پوتینیش هەڕەشەی لە ڕۆژئاوا دەکرد و، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ڕۆژئاوا مەترسیی لەسەر

**منیش وەک چەندین چاودێر پرسیاری ئەوە دەکەم: ئایا لە ئێستادا پوتین لە ڕووی دەروونییەوە کەسێکی جێگیرە؟ چونکە لە ئێستادا ئەو لە هەموو کاتێکی زیاتر گۆشەگیرە و هیچ ڕاوێژکارێکی لە دەور نەماوە کە ڕاستییەکانی پێ بڵێت**

**لە دوای داگیرکردنی کوەیت لەلایەن سەددام حوسێنەوە لە ساڵی ١٩٩٠دا پەرەسەندنێکی دیکەی هاوشێوەمان نەبینیبوو**

**ئیدارەی سەرۆک جۆ بایدن کارێکی زۆر باشی کردووە لە کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ سەپاندنی سزاکان بە سەر ڕووسیادا، و لەم ڕووەوە بە ڕاستی جێی سەرسامییە کە یەکگرتووییەکی بەرچاو هەیە**

بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ڕووسیا دروست کردووە، لە هەمان کاتدا بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئۆکرانیا بەشێکە لە ڕووسیا و باسی دووبارە دروستکردنەوەی یەکێتی سۆڤیەتی دەکرد لە ڕووی ئەو خاکەی لەژێر دەستیدا بوو پێش کۆتاییهاتنی شەڕی سارد. واتە ڕوون بوو کە پوتین دەستبەرداری هەوڵەکانی نەدەبوو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی. هەروەها پوتین پێی وابوو ئەگەر پاشگەز ببێتەوە، ئەوا متمانە و میسداقییەت لەدەست دەدات، بەتایبەتی کە چەند داواکارییەکی دیاریکراوی لە ڕۆژئاوا کردبوو. لە ئێستاشدا منیش وەك چەندین چاودێر پرسیاری ئەوە دەکەم: ئایا لە ئێستادا پوتین لە ڕووی دەروونییەوە کەسێکی جێگیرە؟ چونکە لە ئێستادا ئەو لە هەموو کاتێکی زیاتر گۆشەگیرە و هیچ ڕاوێژکارێکی لە دەور نەماوە کە ڕاستییەکانی پێ بڵێت. هەروەها لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر لە ئێستادا لە بارێکی دەروونیی هەڵچوودایە. هەموو ئەمانە ئاماژەی نیگەرانکارن. کەواتە ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەشتان پوخت بکەمەوە، ئەوا ئەم هێرشەی بۆ سەر ئۆکرانیا بۆ من جێی سەرسوڕمان نەبوو. هەر چەندە ئەمە بڕیارێکی ئاسایی نەبوو، چونکە هێرشکردن بوو بۆ سەر وڵاتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری، کە ئێمە لە دوای داگیرکردنی کوەیتەوە لەلایەن سەددام حوسێنەوە لەساڵی ١٩٩٠دا پەرەسەندنێکی دیکەی هاوشێوەمان نەبینیبوو، بەڵام ئەوەتا ئێستا ڕووسیا لە ئاست ئۆکرانیا دووبارەی دەکاتەوە. هەر بۆیە بۆ زۆر کەس ئەم پێشهاتە مایەی سەرسامی و سەرسوڕمان بوو.

*** ئاشکرایە کە ڕۆژئاوا بەگشتی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەتایبەتی هاوکاری و پشتیوانیی ئۆکرانیا دەکەن، ئەگەرچی بەشدارییەکی ڕاستەوخۆ شەڕەکە ناکەن، ئێوە چۆن لە ئەدای ئیدارەی سەرۆك بایدن دەڕوانن و پێتان وایە تا چەند کارا بووە و ئایا ئەم ئیدارەیەی دەیتوانی چ کارێکی دیکە بکات کە نەیکردووە؟**

- ئەگەر بە ڕاشکاوی بدوێین، ئەوا سەرۆك جۆ بایدن شایستەی ستایشکردنە بۆ ئەو ئەدایەی هەیبووە لەم ڕووەوە، چونکە ئەم ئیدارەیە کارێکی زۆر باشی کرد کە هیچ هەنگاوێك، یان کردارێکی ئیستفزازی هەڵنەگرت لە دژی ڕووسیا و تەنانەت سزای سەختی بە سەردا نەسەپاند لە پێش شەڕەکەدا، چونکە ئەگەر ئەم کارەی بکردایە ئەوا ڕووبەڕووی ڕەخنەی هاوپەیمانەکانی دەبووەوە، بەتایبەتی لە ڕۆژئاوا. بەڵام لە دوای دەستێوەردانە سەربازییەکەی ڕووسیا ئەوا پێم وایە ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن کارێکی زۆر باشی کردووە لە کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ سەپاندنی سزاکان بە سەر ڕووسیادا، و لەم ڕووەوە بە ڕاستی جێی سەرسامییە کە یەکگرتووییەکی بەرچاو هەیە لە هەوڵەکان، ئەوەتا وڵاتانی وەك سوید و فنلەندا باس لەوە دەکەن کە ببنە ئەندامی ناتۆ، هەروەها دەبینین سویسرا- سەرەڕای ئەوەی ڕۆژگارێکی دوور و درێژە بێلایەنی هەڵبژاردووە- ئێستا دەبێتە بەشێك لە هەوڵەکان بۆ سەپاندنی سزاکان.

*** ئەی چۆن لە دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی شەڕەکە دەڕوانیت و ئایا پێت وایە ڕووسیا بتوانێت سەرکەوتنێکی سەربازی گەورە تۆمار بکات، یان ئەوەتا ناچار دەبێت دەست بە دانوستاندن بکات و بە جۆرێك لە جۆرەکان شەڕەکە کۆتایی پێ بهێنێت؟**

- من تەمەننام دەکرد بمزانیاییە، لە ڕاستیدا دۆخەکە زۆر مەترسیدارە. بەڵام ئەوەی بەدی کراوە ئەوەیە کە هاوپەیمانەکانی نێو ناتۆ بە ڕاشکاوی ڕایانگەیاندووە کە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ ناکەن وەك پشتیوانییەکی سەربازی بۆ ئۆکرانیا، ئەمەش بە گوێرەی لێدوانەکانی خۆیان، واتە ناکرێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین ناتۆ ناوچەی دژە فڕین دروست بکات، بە چەشنی ئەوەی لە لیبیادا دروستی کرد، چونکە ئەمە بەو مانایە دێت کە فڕۆکەکانی ناتۆ هێرش بکەنە سەر فڕۆکەکانی ڕووسیا بۆ سەپاندنی ئەو ناوچەی دژەفڕینە. هەرچۆنێك بێت ڕەنگە چاوەڕوانی کاردانەوەیەك بکرێت لە ڕووسیا لە دژی ناتۆ، ئەگەر هاوکارییەکی سەربازییەکان و بگرە زانیارییە هەواڵگرییەکانی ئەمریکا و ناتۆ ببنە هۆی ئەوەی دۆخێکی سەربازیی خراپ بۆ ڕووسیا دروست ببێت لە ئۆکرانیا. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ڕووسیاش بتوانێت پێگەیەك لە نێو ئۆکرانیا جێگیر بکات و ببێتە هێزی داگیرکاری، ئەوا ڕووبەڕووی



دۆخێکی خراپ دەبێتەوە لەو ڕوانگەیەوە کە گەلی ئۆکرانیا ئەم داگیرکارییە قبووڵ ناکات. هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە لەو کاتە ڕووسیا جووڵە بکات بەرە مۆڵدۆڤا و ناوچەی بەڵتیك. بە هەر حاڵ لە ئێستادا دەتوانین بڵێین ڕووسیا خۆی خزاندووتەوە نێو گۆشەیەکەوە و سزاکانیش کاریگەرییان هەبووە و دەبێت لەسەر ڕووسیا. کەواتە بە چاوپۆشین لەوەی ڕووسیا لە ئۆکرانیادا ئەنجامی دەدات، ئەوا خۆی لە دۆخێکی زۆر لاوازدا دەبینێتەوە.

*** ئەی چۆن لە ڕۆڵی چین دەڕوانن لەم شەڕەدا؟ بە گوزارشتێکی دیکە پێتان وایە ئەم سەرقاڵبوونەی ڕووسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە یەکترییەوە دەرفەتێك بێت بۆ چین بۆ برەودان بە دەستڕۆیشتوویی خۆی و ئایا دەکرێت بڵێین چین سوودمەندی سەرەکییە لەم دۆخەی هاتووەتەئاراوە؟**

- لە ڕاستیدا چین لە دۆخێکی دژواردایە، چونکە چین هەوڵیداوە -هۆکارەکانیشی زۆرن- بۆ ئەوەی پەیوەندیی باشی لەگەڵ ڕووسیادا هەبێت، چونکە چین پێویستی بە پاڵپشتیی نێودەوڵەتی هەیە بۆ ئەوەی پارسەنگ بێت لە بەرامبەر هێزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، جێی سەرسوڕمانیش نەبوو کە چین خۆی بە دوور گرت لە دەنگدان بە بڕیاری ئیدانەکردنی ڕووسیا. بەڵام لەم بارودۆخەدا ئاماژەی ئەوە بەدی ناکرێت کە چین هاوکاریی ڕووسیای کردبێت، دواتر تێگەیشتنێك هەبوو لە نێوان ڕووسیا و چین کە ڕووسیا ئۆکرانیا داگیر نەکات، لە میانەی بەڕێوەچوونی ئۆڵەمپیادا و ئەم کەرنەڤاڵە گەورەیە لە چین و جیهان تێکنەچێت. هەرچۆنێك بێت چین حەز بە ناسەقامگیری ناکات، ڕاستە چین هێزێکی سەربازیی ئیقلیمی گەورەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەرژەوەندییەکی زۆریشی هەیە لە ئابووریی جیهاندا و لەم ڕوانگەیەوە نایەوێت ناسەقامگیری دروست بێت و ڕەنگە بگەینە خاڵێك کە چین پێی وابێت پێویستە خۆی لە ڕووسیا بەدوور بگرێت. واتە ڕاستە چین پەیوەندیی ئابووری لەگەڵ ڕووسیادا هەیە، بەڵام نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت، کە چین وەبەرهێنانێکی گەورەی لە جیهاندا کردووە، لە نێویاندا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە هاوبەشی سەرەکی بازرگانییە بۆ چین.

**ڕەنگە چاوەڕوانی کاردانەوەیەک بکرێت لە ڕووسیا لە دژی ناتۆ، ئەگەر هاوکارییەکی سەربازییەکان و بگرە زانیارییە هەواڵگرییەکانی ئەمریکا و ناتۆ ببنە هۆی ئەوەی دۆخێکی سەربازیی خراپ بۆ ڕووسیا دروست ببێت**

# سیمپۆزیۆمی فەتوا و لێکەوتەکانی

# بەرەو ئاراستەی یەکخستنەوەی فەتوا لە هەرێمی کوردستان

لە ڕۆژانی ٢٧و٢٨ی٢ی٢٠٢٢ یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان بە هاوبەشیی سەنتەری سەلاحەددینی ئەیوبی بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ئیسلامییەکان لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سەلاحەددین، سیمپۆزیۆمێکی تایبەتی لەسەر پرسی فەتوا لە هەرێمی کوردستان بە ناونیشانی (فەتوا و لێکەوتەکانی لە نێوان پابەندبوون و پابەندنەبوون بە مەبەستەکانی شەریعەت) بە بەشداریی نزیکەی ٣٠٠ زانای ئایینی و مامۆستای زانکۆ ڕێکخست، کە تێیدا ٢٣ بابەت و توێژینەوەی زانستی لەسەر چەمك و ناوەڕۆك و چوارچێوە و ڕوانگەی شەرعی و بنەمای زانستی و دۆخی فەتوا و دەرهاوێشتەکانی ئەم پرسە لە گۆڤاری «پەیامی زانایان» تایبەت بە سیمپۆزیۆم بڵاوکرانەوە و ١٠ توێژینەوەش لە سێ پانێڵ پێشکەش کران.

ئامانج لەم هەنگاوە گەنگەشە و هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیەکی واقیعی و زانستییانەی پرسی فەتوا و، دروستکردن و پێدانی هۆشیارییەکی تازە بە کۆمەڵگە؛ لەمەڕ مامەڵەکردن و تێڕوانینی دروست بۆ پرسەکە و، دیاریکردنی چوارچێوەیەکی پەیوەست و ڕێگریکردن لە فەوزا و نەهێشتنی فەتوای لابەلا و ناواقیعی و ناکامڵ و نازانستی بوو لە هەرێمی کوردستان، کە بەداخەوە هەندێ جار لەو ڕێگەیەوە ئاریشەی زۆر بۆ کۆمەڵگە و هاووڵاتیان دروست بووە و، خەڵکێکی ناشارەزاو دوور لە ئەتەکێت و پسپۆڕی بواری فەتوا خۆی لە قەرەی ئەم بابەتە داوە و بە فەتوای خاو و خاوروخێچەوە سەرئێشەی زۆری ناوەتەوە.

فەتوا پرسێکی گرنگ و هەستیار و مەترسیدارە، گرنگە؛ لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە ئایین و ئەندێشە و کاروباری خەڵکەوە هەیە و، ئیمزاکردنە لە بری خوا و پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، بۆیە خولەفای ڕاشیدین و پێشەوایانی ئیسلام و گەورە زانایانی کورد بەو پەڕی وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ کردووە و بە ئاسایی خۆیان لە قەرەی ئەم بابەتە نەداوە.

مەترسیدارە؛ لەبەر ئەوەی ئەگەر فەتوایەکی نادروست بدرێت و بڵاو بکرێتەوە، سەرەنجام ناکۆکی و فەوزا و تێکچوونی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و ناسەقامگیریی کۆمەڵگە و سەرلێشێواوی و دووبەرەکی و پەرتەوازەیی لێ دەکەوێتەوە و، زۆر جار مەینەتی و نەهامەتیی زۆریش دروست دەکات، تەنانەت هەندێ جار ئاراستەکە بەرەو توندئاژۆیی دەڕوات و ماڵوێرانی بەدوای خۆیدا دێنێت، زەقترین نموونەی ئەم سەردەمە گرووپی تیرۆریستانی داعشە، کە لە ئەنجامی تێڕوانینی هەڵە بۆ دەقەکان و فەتوای نازانستی و سەقەت و ناتەواو چ وێنایەکی

خەڵکێکی ناشارەزاو دوور لە ئەتەکێت و پسپۆڕی بواری فەتوا خۆی لە قەرەی ئەم بابەتە داوە و بە فەتوای خاو و خاوروخێچەوە سەرئێشەی زۆری ناوەتەوە



## مەلا عەبدولا شێرکاوەیی

بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ناشیرینی پێشان دا و چ نەهامەتی وماڵوێرانی بۆ کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی دروست کرد؟!

زانایانی کورد لەبەر ئەوەی خاوەنی زانست و بیرڕۆشنی و تێگەیشتنی دروست و ئاگاداری مەبەستەکانی شەریعەت بوون، هەمیشە بە شێوەیەك سەرپەرشتیی بواری فەتوایان کردووە، کە لەگەڵ ڕۆح و جەوهەری ئیسلام یەك بگرێتەوە و لە خزمەتی کۆمەڵگە و چارەسەرکردنی گرفتەکانی خەڵك و لە چوارچێوەی واقیعی و بەپێی مەزهەبی پەیڕەوکراو بێت، بۆیە کەمترین هەڵە و پەڵە لە پەرێزی کار و هەنگاوەکانیان بەدیٔ دەکرێت، کەچی لە ئێستادا لەبەر ئەوەی ڕەوشەکە پەرتەوازەیی تێکەوتووە و ئاریشەکان زۆر بوون و ئاڵنگاری و تێکەولاوی و پێشهات زۆر و ئاڵۆز لە ئارادان و خەڵکێکی نابەرپرس و فەریکە خوێندەوار خۆی خزاندووەتە ناو بازنەکە و بەپێی میزاج و تێگەیشتنی خۆی فەتوا دەدات، یان فەتوای وڵات و شوێن و کەسانی دی هاوردەی کوردستان دەکات، بە هۆیەوە گرفت و هەڵەی زۆر لەناو کۆمەڵگە بڵاو دەکاتەوە و دۆخێکی نەخوازراو دێنێتە ئاراوە.

یەکێتیی زانایان لە ڕوانگەی هەستی بەرپرسیارێتی و پیشەیی بەم کار و هەنگاوە گرنگە هەڵسا، بۆ ئەوەی هۆشیاری و بەرچاوڕوونی بۆ هەموو لایەك دروست ببێت، بەوەی فەتوا بابەتێکی وا ئاسان نییە و دەبیٔ تەنیا پسپۆڕان و زانایانی تایبەتمەند بەم ئەرکە هەڵبستن و فەتوا لەوان وەربگیرێت، ئیدی نە هەموو کەس مافی فەتوادانی هەیە، نە فەتواش لە هەموو کەس وەردەگرێت، بەڵکو فەتوا کاری زانایانە و بابەتێکی تایبەتمەند و ئایینییە و دەبیٔ هەمووان بۆ ئەهلی فەتوا و بەتایبەت ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان لێی بگەڕێن.

ئەم سیمپۆزیۆمە هاوبەشەی هەردوو دامەزراوەی پیشەیی و ئەکادیمی – یەکێتیی زانایان و کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سەلاحەددین- لە کوردستان هەوڵ و هەنگاوێکی گرنگ بوو لەم بارەوە، کە بۆ یەکەم جار لە کوردستان بە ئامانجی چارەسەرکردنی ئاریشەکان و دانانی سنوورێك بۆ ئەم زێدەڕۆیی و ئاڵۆزییانەی لە پەنای هەڵسوکەوتی نازانستی کەسانێکی نەشارەزا سەر هەڵدەدا، لەگەڵ ئەوەش لەپێناو پتر ڕێکخستنەوەی دۆخی فەتوا و زیاتر خزمەتکردن بە کۆمەڵگە و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان، کە خۆشبەختانە ئەنجومەنی باڵای فەتوا ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی هەیە و کۆمەڵێك زانای ناودار تێیدا خزمەت دەکەن.

لە هەمان کات ئەم هەوڵە بنەما و لایەنێکی هاریکار دەبێت بۆ لایەنی پەیوەندیدار و تەواوی

**فەتوا پرسێکی گرنگ و هەستیار و مەترسیدارە، گرنگە؛ لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە ئایین و ئەندێشە و کاروباری خەڵکەوە هەیە و، ئیمزاکردنە لە بری خوا و پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)**

مامۆستایانی ئایینی و خەڵكی موسڵمان بۆ بەرچاوڕوونی و كارلەسەركردن، پاڵپشت و پاڵنەریشە بۆ بەرەو پێشبردنی ڕەوشی دینداری و هۆشیاریی كۆمەڵگە و پاراستنی پێگە و قورسایی فەتوا لە هەرێمدا.

خۆشبەختانە دواجار سیمپۆزیۆم بە كۆمەڵێك پێشنیار و ڕاسپاردە كۆتایی بە كارەكانی خۆی هێنا، كە من لێردا بە پێویستی دەبینم بۆ بەرچاوڕوونی هەموو ئەوانەی بایەخ بەم پرسە دەدەن و لە خەمی گێڕانەوەی فەتوادان بۆ زانایانی ڕاستەقینە و پسپۆڕانی تایبەتمەند، تەواوی ڕاسپاردەكان لێرە بخەمەوە ڕوو:

**فەتوای نازانستی و خواروخێچ كاریگەریی خراپ و ئاسەواری كوشندەی لەسەر تاك و كۆمەڵگە هەیە، پێویستە خۆمانی لێ بپارێزین**

یەك: پێویستە ئەنجومەنی باڵای فەتوا زیاتر گرنگی پێ بدرێت و دەسەڵاتەكانی زیاتر بكرێت و گرنگی بە فەتواكانی بدرێت، تا شانبەشانی



كۆربەندە فیقهییەكانی جیهانی ئیسلامی ڕۆڵی زیاتر بگێڕێت لە چارەسەركردنی كێشە هەنووكەییەكان، كە ئێخەی جیهانی ئیسلامی گرتووە، هەروەها ڕووی ڕۆشنی زانایانی كوردی موسڵمانیش لە ڕێگەی فەتوای ئەنجومەنی باڵاوە دەربخات بۆ جیهانی ئیسلامی و ڕۆڵی میللەتی كوردی موسڵمان سەر لەنوێ بەرجەستە بكاتەوە، كە هەردەم پێشەنگ بوون لە بوارەكانی زانست و مەعریفەتدا.

**پێویستە كۆی فەتواكانی ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە كتێبێك بە هەر دوو زمانی كوردی و عەرەبی بە چاپ بگەیەندرێت، بەمەبەستی سوود و گەیشتنی بە تەواوی زانایانی ئایینی لە كوردستان**

دوو: فەتوای نازانستی و خواروخێچ كاریگەریی خراپ و ئاسەواری كوشندەی لەسەر تاك و كۆمەڵگە هەیە، پێویستە خۆمانی لێ بپارێزین و خەڵكی هۆشیاری موسڵمان زیاتر پابەند بن بە فەتواكانی ئەنجومەنی باڵای فەتواوە.

سێ: هۆكارە سەرەكییەكانی فەتوای نازانستی دەگەڕێنەوە بۆ جیاوازینەكردنی بابەتی خیلافی و بابەتی قەتعی و مامەڵەكردن لەگەڵ بابەتە فیقهییە خیلافییەكان وەك بابەتی عەقیدەیی.

چوار: مینبەری مزگەوت لە ڕۆژانی هەینی بەكار نەیێت بۆ فەتوای سەربەخۆ، لە تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان فەتوای تاكەكەسی نەدرێت و ڕێی لێ بگیرێت، هەروەها كەناڵەكانی ڕاگەیاندن سەربەخۆ خەڵكی ناشارەزا میوانداری نەكەن بۆ فەتوادان.

پێنج: دابڕانی فەتوا لە ئەخلاق و مەبەستەكانی شەریعەت، كارەسات دەنێتەوە و، فەتوای كوشندەی لێ دەبێتەوە، بۆیە هەر فەتوایەك دژ بێت لەگەڵ ئەخلاق و مەبەستەكانی شەریعەت، دوورە لە شەرع با وەك شەرعیش بناسێندرێت.

شەش: لەپێناو یەكڕیزی و یەكدەنگیی موسوڵمانان لە كوردستانی ئازیزمان دەبێت هاوكاری و هەماهەنگی تەواو هەبێت لەنێوان دەزگا زانستی و فەرمییەكان لە بابەتی فەتوا شەرعییەكان بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە ستافی ئەكادیمی پسپۆڕ و شارەزا لە بابەتە زانستییە تازە و هاوچەرخەكان.

حەوت: كۆنگرە و كۆنفرانسی ساڵانە ئەنجام بدرێت و زانایانی پسپۆڕ بەشداری بكەن بە توێژینەوەی زانستی لە بابەتە سەردەمییە نوێیەكان و گفتوگۆكردنی تێر و تەواو بۆ توێژینەوەكان تاكو بە ئیجتیهادی جەماعی بڕیار و ڕاسپاردەكان جێگیر بكرێن.

هەشت: دانانی بابەتی (بنەچەكانی فەتوادان– أصول الافتاء) لە پڕۆگرامی خوێندن لە قۆناغی گونجاو لە كۆلێژ و پەیمانگا ئیسلامییەكان، هەروەها هەوڵدان بۆ كۆكردنەوەی فەتوای ناوەندەكانی فەتوادان لە جیهان وەك خزمەتێك بۆ قوتابیان و توێژەرانی زانستی.

نۆ: پێویستە كۆی فەتواكانی ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە كتێبێك بە هەر دوو زمانی كوردی و عەرەبی بە چاپ بگەیەندرێت، بەمەبەستی سوود و گەیشتنی بە تەواوی زانایانی ئایینی لە كوردستان.

دە: ئاسانكاری پێویستە لە فەتوا پەیڕەو بكرێت لەو بوارانەی كە ڕێگەی شەرعی



تێدا بێت و بەرژەوەندیی گشتی تێدا جێبەجێ دەکرێت، لەگەڵ پابەندبوون بە چوار مەزهەبە فەرمییەکان.

یازدە: فەتوای بەکۆمەڵ ڕۆحی جێبەجێکردنی چەمکی شورایە لەم بوارەدا، کە یەکێکە لە مەبەستە گشتی و باڵاکانی شەریعەت، پێویستە لە هەموو بوارەکاندا جێبەجێ بکرێت، هەروەها پشتبەستن بە فەتوای بەکۆمەڵ زۆر نزیکە لە پێکانی حوکمی خودا لە هەر پێشهات و بابەتێکی ئیجتیهادیدا.

دوانزە: گرنگیدان بە زانستە عەقڵییەکان لەناو زانایانی کورددا و فراوانیی زانست و دانەبڕان لە پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان و باوەڕبوون بە پاراستنی بابەتی ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە هەموو دەمێکدا. بۆ زیاتر دامەزراوەیی و پاراستنی کۆمەڵگە لە کێشە و دروستبوونی ئاریشەی زانستی و دەرگا داختن لە کەسانی نائەهل بۆ تێکدانی ئەو ئاشتییە کۆمەڵایەتییە.

سێزدە: کورد و نیشتمانەکەیان بە درێژایی مێژوو لانکەی فەڕایی و ڕاجیایی بووە، بەڵام دەبێت لەم کاتەدا ئەوە لە یاد نەکەین کە پیاوە کامڵەکانی کورد لە زانایان و دەروون ڕووناکان پێشەنگ بوون لە ڕەنگرێژی بۆ ئەم پلە بەرزەی قبووڵکردن، بۆیە پێویستە ئەو ڕۆحییەتە بکرێتە خاڵی گرنگ بۆ ئێستاشمان و نەوەی ئێستای لێ ئاگادار بکرێتەوە.

لە کۆتاییدا: بە هۆی ئەوەی کە پەیڕەوی فیقهی ئیمامی شافیعی زۆر پەیڕەوێکی گشتگیر و میانڕەوە و وەرەع ئامێزە، هەروەها کۆکەرەوەی هەر دوو مەدرەسەی ڕاو فەرموودەیە و، لە پێناو مانەوەی یەکڕیزیی فیقهی میللەتی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستانی گەورەدا کە لە دێرزەمانەوە زانایانی کورد شافیعی مەزهەب بوون و ئەو پابەندییەیان بووەتە هۆی یەکڕیزییان و پابەندبوونیان بە شەریعەتەوە، داواکارین لەسەر ئەو مەنهەجە جوانە متمانەدارە بمێننەوە، بە پێچەوانەوە پەرتەوازەیی لە فەتوا و پابەندنەبوون بە شەریعەتەوە جێگرەوەی ئەو پابەندبوون و یەکڕیزییە دەبێت و دوژمنان لەو دەرگاوە عەقیدەی میللەتەکەمان پەرتەوازە دەکەن، بەو هۆیەشەوە میللەت بە تێکڕا پارچە پارچە دەبێت.

**پشتبەستن بە فەتوای بەکۆمەڵ زۆر نزیکە لە پێکانی حوکمی خودا لە هەر پێشهات و بابەتێکی ئیجتیهادیدا**

# زوڵم لە قورئان کرا کاتێک سورەتی ئەنفال بۆ قەڵاچۆکردنی میللەتی کورد بە کار هێنرا

وەرزی بەهار لەگەڵ ئەو هەموو بەرەکەت و جوانییەی لەم وەرزەدا هەیە، کەچی بۆ ئێمەی میللەتی زوڵم لێکراوی کورد ئەم مانگی ئازارە پڕ لە ژان و ناڕەحەتی و دەردەسەری و غەم و خەفەت بووە، لەو مانگەدا بیرەوەری و موناسەبەی یەکجار زۆر ناخوش و تاڵ ڕوویان داوە، هەر لە کیمیاباران و ئەنفال و جینوسایدکردن و قەڵاچۆکردنی میللەتی کوردی ستەم لێکراو.
پێویستە سوپاس و ستایش و شوکرانەبژێری خوای گەورە بکەین لەسەر ئەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان، هەزاران جار سوپاس بۆ خوای باڵادەست کە خاوەنی کیانی خۆمانین و حکومەت و پەرلەمانمان هەیە، لەژێر سایەی ئاڵای پیرۆزی کوردستان ئەو ئاڵایەی کە پێشەوا قازی محەمەد لە مەیدانی چوارچرا هەڵیکرد، ئەمڕۆ بە شانازییەوە لەسەر بیناکانی پەرلەمان و وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەشەکێتەوە، لەگەڵ هەموو ئەو گلەیی و گازندەیەی کە هەمانە لە کاربەدەستانی خۆمان لە بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی ئەم هەرێم و قەوارە دڵگیر و خوشەویستەدا، بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی نیشتمان و خاك فەرامۆش بکەین، بە ئومێدی خوا دەبێ هەوڵ بدەین بە هەوڵ و هیممەتی هەموو لایەك کار و چالاکییە باشەکانی زیاتر بکەین و خەراپەکانیشی چارەسەر بکەین و گەندەڵی و ناعەداڵەتی نەهێڵین.
لێرەوە بە پێوستی دەزانم لەساڵیادی ئەم بۆنە ناخۆش و کارەساتبارانەدا باسێك لەم هەموو نەهامەتی و ناخۆشی و سەختییە بکەین، کە تووشی میللەتەکەمان بووە، تاوەکو ببێتە وانەیەك بۆ جیل و نەوەی تازە کە ئەو ڕۆژگارە پڕ لە مەینەتی و نەهامەتییەی بە بیر نایەت و بە چاوی خۆی نەیبینیوە. هاوکات سوپاسی خوا بکەن کە لە ژێر سایە و سێبەری حوکمی خۆماڵی و ئازادیدا چاوی گەشیان بە کوردستان هەڵهیناوە، تا ئاگادار بن و بزانن گەلی کوردی چەوساوە چی پێ کراوە لەلایەن حزبی بەعسی ئەفلەقی و هەموو ئەوانەش کە پاشماوەی ئەوانن لە بیرکردنەوە و فکرە گڵاو و نەگریسەکانیان، کە ڕۆژانە هەوڵ دەدن، لەوەی کە بەدی هاتووە، پێمان ڕەوا نابینن و بە دەیان و سەدان پلان و پیلان لە دژمان دەگێڕن، تا ئەوەی بە خوێنی دەیان و سەدان هەزار شەهید و بریندار و کەمئەندام و زیندانی سیاسیی ئەم میللەتی کوردە بە دست هاتووە، لە ناوی ببەن و لە دستمان دەری بهێنن، بویە پێویستە هەموومان دەست لە ناو دەستی یەك و قوەت و پشتیوان بە خوا یەکگرتوو بین و واز لە تەفرەقە و دووبەرەکی بهێنین.
لە تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە (١٩٨٨/٣/١٦) کە بووە هۆی لەناوچوونی (٥٠٠٠) کەس و کەمئەندامبوونی سەدان کەسی دی کە تا ئێستا لە ژیاندا هەن و بە دەست ئەم دەرد و نەخۆشییەی کە پاشماوەی گازی خەردەل و کیمیاوییە دەناڵێنن.
شاڵاوی بەدناوی بە ناو ئەنفال کە بە داخەوە لێرەشدا زوڵم لە قورئان کرا و سورەتی ئەنفال بۆ قەڵاچۆکردنی میللەتی کورد بەکار هێنرا، حاشا دوورە لەوەوە، چونکە ئەنفال واتە دابەشکردنی غەنیمەت و دەستکەوت لە غەزادا کە ئەوەش سەحابەکانی پێغەمبەری خوا دەفەرموون تایبەت بە ئێمە هاتە خوارەوە لە شەڕی بەدردا، نەك دوژمنانی ئیسلام و دوژمنانی میللەتی کورد بۆ مەرام و مەبەستی گڵاوی سیاسیی خویان بۆ لەناوبردن و قەڵاچۆکردنی میللەتی کورد بەکاری بهینن، کە تاوان و زولم و ستەم و ناحەقییەکی یەکجار زور گەورەیان کردووە کە تێیدا زیاتر لە (١٨٢٠٠٠) کەس تێدا چوون و ئاوارەی ئەم لاو ئەو لا بوون و (٨٠٠٠) بارزانی کە نێرینەکانی گرتن و ئەنفالی و بێ سەروشوێنی کردن و ژن و منداڵەکانیشی هێشتنەوە. باس لە چ تاوانێکی قێزەوەن و گەورە دەکەین کە ئەوەی بەرامبەر بە میللەتی کورد کراوە بە درێژای مێژوو بەرامبەر هیچ گەلێك نەکراوە لە سەردەستی هیچ کەسێك جگە لە فیرعەون نەبێت، کاتێك دەچینە خزمەت قورئان دەبینین خوای گەورە بەس باس زوڵم و زۆری فیرعەونمان بو دەکات، کە کارێکی لەو شێوەیەی ئەنجام دابێت بەرامبەر گەل و قەومەکەی خۆی. خوای گەورە لە ڕێگای ئەوانەوە ئێمەش بە ئاگا دەهێنێتەوە و ئەو بابەتە لە قورئاندا جێگیر دەکات و دەفەرموێ: (وَإِذْ نَجَّيْنَاكُم مِّنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوءَ الْعَذَابِ يُذَبِّحُونَ أَبْنَاءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَاءَكُمْ وَفِي ذَٰلِكُم بَلَاءٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ- (البقرة:٤٩). واتە: ئەی میللەتی کورد و بەنی ئیسرائیل واتە ئەی نەوەکانی یەعقووب بیری ئەو ڕۆژگارە بکەنەوە کە باب و باپیرانتانمان لە هەڵمەتی دڕندانەی فیرعەون و فیرعەونییان ڕزگار کرد، کە هەمیشە ئێوەیان بە سەختی سزا دەدا و کوڕ و نێرینەکانتانیان سەر دەبڕین و ئافرەتەکانتانیان دەهێشتەوە

> **وەرزی بەهار لەگەڵ ئەو هەموو بەرەکەت و جوانییەی لەم وەرزەدا هەیە، کەچی بۆ ئێمەی میللەتی زوڵم لێکراوی کورد ئەم مانگی ئازارە پڕ لە ژان و ناڕەحەتی و دەردەسەری و غەم و خەفەت بووە**

> **هەزاران جار سپاس بۆ خوای باڵادەست کە خاوەنی کیانی خۆمانین و حکومەت و پەرلەمانمان هەیە**



## مامۆستا هێمن شارەستێنی

پیش نوێژ و وتارخوێن لە مزگەوتی جافان/ رانیە

بۆ کارەکەری و خزمەتگوزاری کە ئەو ڕزگاربوونەشتان لەلایەن پەروەردگارتانەوە تاقیکردنەوەیەکی گەورە بوو بۆتان.

لە ئەنجامدانی تاوانی کیمیاباران و شاڵاوی بەدی بە ناو ئەنفال، سەدان چیرۆك و ڕووداوی وا هەن، لە دەمی ئەو کەسانەی کە لەو ڕۆژگارەدا ژیاون و بە چاوی خۆیان ئەو واقیعە تاڵ وپڕ لە مەینەتییەیان بینیوە، نموونەیەکی پڕ لە ئازار و ناخۆش لەو هەموو ڕووداوە پڕ لە تراژیدیایەتان بۆ باس دەکەم. مامۆستایەکی مێزەر پاك و سپی دەفەرموی: نائب زابتێك ئەمەی بۆ گێڕاومەوە گوتی: ساڵی (١٩٨٨) بوو لە سەردەمی شاڵاوی بە ناو ئەنفالدا لە گوندێکی سەر بە ناحیەی ئاغجەلەر لە دوای ڕووخانی یەکێك لە گوندەکانی ئەو ناوچەیە لەلایەن سوپای حزبی بەعس، ئێمە ئەو کات ڕەبایەکمان هەبوو، سەرنجم دا سەگێگ ڕۆژانە خۆی دەخزێنێتە ناو کونێکەوە کە بە هۆی داروبەردی ڕووخاوی خانووەکانی ئەو گوندەوە دروست بووە، چەند ڕۆژێ هەمان شت دووبارە دەبووەوە، ئەم دیمەنە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، ڕۆژێك بە دوایدا چووم، سەیری ناو ئەو کونەم کرد، سەیر دەکەم منداڵێکی ساوای جوان لە لانکەیەکدایە و «سبحان الله» سەگەکە ڕۆژانە دچێتە سەری و تێر شیری دەکات.

ئەم پیاوە کە ئەم بەسەرهاتە پڕ لە مەینەتییە دەگێڕێتەوە، دەڵێت: کە ئەوەم بینی، ئاگر لە هەناوم بەر بوو، لە دڵی خۆمدا لە خوا دەپاڕامەوە خوایە حەق و مافی ئەو منداڵە بستێنیت لە ستەمکاران و ئەوانەش کە بوونەتە هۆکاری ئەم شاڵاوە بەدناوە، زور بە پەروش بووم بۆی، ئاگری دڵم تینی بۆ هێنام، بۆیە چوومە لای فەرماندەکەم و ئەوەی بینیبووم بۆم باس کرد و گوتی: هەستە با بڕوین نیشانم بدە. چووین کە ئەو دیمەنەی بینی، ئەویش چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسك، فەرمانی کرد بە هەمووومان بیهێننە دەرەوە. دەڵێت: کاتی هێنامانە دەرەوە بە ساغ و سەلامەتی «سبحان الله» کە دەسترازەکەمان لە لانکەکە کردەوە، تەماشا دەکەین لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕوژانە خوای گەورە لە ڕێگای ئەو سەگەوە ڕزق و ڕۆزی خۆی بۆ دەنێرێت، وەك لە ناو سکی دایکیدا خۆراك وەردەگرێ و خۆیشی پیس نەکردووە و ئەم خوراکەی نەکردووە بە پیسایی بۆ ئەوەی لە پیسیدا نەڕزێت. فەرماندەکەمان گوتی: دەیبەمەوە بۆ ماڵی خۆمان، شەرت بێت وەکو منداڵی خۆم بەخێوی بکەم.

ئەوەی باسمان کرد مشتێکە لە خەرواری تاوان و زوڵمەکانی شاڵاوی بە ناو ئەنفال، کە ستەمێك و غەدریکی گەورە بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لە میللەتی کورد کراوە، لە بێسەروشوێنکردن، لە گۆڕی بەکۆمەڵ بە زیندوویی گڵیان بە سەردا دەکرا و زیندە بە چاڵ دەکران. خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەت پرسیاریان لێ دەکات وەك لە قورئان دەفەرموێ لە بارەی ئەو کچانەی لە پێش ئیسلامدا لەبەر ئەوەی کچ و مێینە بوون، زیندە بە چاڵیان دەکردن (وَإِذَا الْمَوْءُودَةُ سُأِلَتْ) (التکویر:٨) واتە/وکاتێ کیژی زیندە بەچاڵکراو پرسیاریان لێ دە کری (بِأَيِّ ذَنْبٍ قُتِلَتْ)(التکویر:٩) واتە: بە هۆی چ تاوانێکەوە کوژران.

ئەوانەی کە ئەنفال و زیندە بە چاڵ کران، هەر لە بەر ئەوەی کە کورد بوون، ئاوایان بە سەرهات. ئای چ زوڵم تاوانێکی یەکجار گەورەیە، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو لایەك لەم ساڵیادی ڕووداوە ناخۆشەکانی مانگی ئازاردا و بەتایبەتی کارەسات و شاڵاوی بەدناوی بە ناو ئەنفالدا، حزبە سیاسییەکان و سەرکردە و براگەورەکانی ئەم هەرێمە خێر لە خۆ نەدیوە ناکۆکییەکان وەلا بنێن و دست بخەنە ناو دەستی یەك و پشتی یەکتر بگرن و پشت بە خوا ببەستن و واز لە دووبەرەکی و من من و تۆ تۆ بهێنن، هەمویان بە یەك دەنگ و ڕەنگ بچنە بەغدا، دەست لە ناو دەستی یەك بهاون و پێش بە هەموو پیلان و پلانی نەیارانی ئەم میللەتە بگرن، تا ئەوەی هەمانە بمێنێت و لە دەستی نەدەین. «انشا الله» پشتیوان بە خوای گەورە هەنگاو بنێین بەرەو سەربەخۆیی یەکجاری و ئاڵای شەکاوە و پیرۆزی کوردستان لە پاڵ ئاڵای دەوڵەتانی دیکەوە لە نەتەوە یەکگرتووکان بشەکێتەوە و خەونی چەندین ساڵەی هەموو ئەوانەی کە شەهید بوون لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان، یان بریندار و کەمئەندام بوون و زیندانیان قبووڵ کرد بە لێدان و تەعزیبێکی زۆر لەم پێناوەدا لە زیندانییەکانی ڕژێمی بەعس هیواخواز بوون ئەم ڕوژانە ببینن، کە نەیانبینی، داواکارین لە خوای گەورە لە شەهیدەکانمان خۆش ببێت و بە شەهیدیان لە قەڵەم بدات و شیفای بریندارانی چەکی کیمیایی بدات و سێبوریش بە دل و دەروونی خزم و کەسوکار و هەموو لایەك ببەخشێت. ئامین.

**لە ئەنجامدانی تاوانی کیمیاباران و شاڵاوی بەدی بە ناو ئەنفال، سەدان چیرۆك و ڕووداوی وا هەن، لە دەمی ئەو کەسانەی کە لەو ڕۆژگارەدا ژیاون و بە چاوی خۆیان ئەو واقیعە تاڵ وپڕ لە مەینەتییەیان بینیوە**

**ئەوانەی کە ئەنفال و زیندە بە چاڵ کران، هەر لە بەر ئەوەی کە کورد بوون، ئاوایان بە سەرهات**



# ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ وەچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی گەلی کورددا

دوای شاڵاوی ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستن و تەعریب لە ساڵی ١٩٨٨، بەرەی کوردستانی لە حەوت حزب و لایەنی باشووری کوردستان پێکهات، لە دوای سێ ساڵ لە دامەزراندنی ئەو بەرەیە و هاتنە کایەی هەلومەرجێکی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٩١ ڕاپەڕین کرا و لە ٥ی ئادار ڕاپەڕینی جەماوەری لە ڕانیە دەستی پێ کرد و هەنگاو بە هەنگاو قەڵای سەختی داگیرکەرانی تێکشکاند و کوردستانی بە تەواوەتی لە ڕژێمی بەعس پاک کردەوە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گولان یادی ئەو مێژووە درەوشاوەیە بەرز ڕادەگرن.

گولان: کۆمەڵایەتی



حەمەڕەشید هەرەس هونەرمەند و کەسایەتیی ناسراوی کورد، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ئەنجامی پیشخواردنەوەی کورد بوو، بەرامبەر شۆڤێنییەتی گەلی سەردەست، پیشخواردنەوەی ساڵانێکی خوێناوی، لەو کاتەوەی باشووری کوردستان بە زۆری ئیمپریالیبیەت لکا بە عیراقەوە، کورد بە ئاگر و ئاسن و کیمیاوی لە لایەك و، سیخناخکردنی زیندانەکانیان بە درێژایی ئەو مێژووە، لە کوردی ئازادیویستی خۆڕاگر، بە ئەشکەنجە و، سێدارە و، گوللەبارانکردنیشەوە، چجای دۆزینەوەی هەزارەها جۆری چەوساندنەوە و، داگیرکاری و سووکایەتیکردن و بەکارهێنانی شێوازی سووکایەتیکردن بە تاکی کورد». هاوکات دەڵێت: «نەتەوەی ئازادیویست و کۆڵنەدەر ئەو نەتەوەیەیە داگیرکەر لەسەر خاکەکەی بە دوژمن ئەزانێت، جا بە هەر شێوەیەك داگیرکارییەکەی پیادە بکات. بۆ هەر هەلێك دەگەڕێت خۆی لە کۆیلەیەتی ڕاپسکێنێت و هاواری ئازادی و سەروەری بکات، سەرکەوتنی ڕاپەڕینیش لە هۆشیاریی نەتەوەکە لە کات و شوێنی ڕاپەڕینەکەدا دەردەکەوێت. ئەو ڕاپەڕینەی کورد کە لە ساڵی ١٩٩١ ئەنجامی دا، وانە و پەندێکی پیرۆزە، لەبەر ئەوەی بۆ دوژمن سەلمێندرا داگیرکەر بە ئاسانی لە کوردستاندا جێی نابێتەوە. ئەوە هەر بە تەنیا ڕابردوویەکی گەشی نەتەوەکەمان نییە، بەڵکو بووەتە ئامانجێك کە لە هەموو کات و ساتێکدا کورد ئامادەیە دووبارە و سەدبارەی بکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا وانەیەکی دژوار بوو بۆ دوژمنی داگیرکەر کە کوردستان ئەو بەهەشتە نیە بێگانە بە خاك و قەڵەمڕەوی خۆی بزانێت و، بە هەوەسی خۆی تیا بزەڵێتەوە. ئەمڕۆش وا بە چاوی خۆمان ئەیبینین، لە وڵاتێکی یێکەسی وەك ئۆکراینا، چۆن ویست و پێداگری پیرۆزی بە دەست دەهێنێت، هەر چەندە نەتەوەکە لە ڕووی چەك و سەربازیش بەرامبەر دوژمن لە کورتی بدات». گوتیشی: «ویست و پێداگری بە قایل نەبوون بە کۆیلەیی، زادەی داهێنانە بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی ئازادی. ئەمڕۆ نەتەوەکان هەر یەکە و ڕوو لە تەوەری کەلتوور و زمان و مێژووی سەروەریی خۆیەتی، محاڵە داگیرکەر بتوانیت بە زۆر لە ناو خۆیدا بیتوێنێتەوە».

نووسەر و چاودێری سیاسی ڕێبوار شوانی، ڕای وایە: «ڕاپەڕین پەیامی کۆتاییهێنان بە داگیرکاری و ژێردەستی بوو. ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ ڕووداو و پێشهات و وەرچەرخانێکی زۆر گەورەی مێژوویی بزاڤی ئازادیخوازیی گەلی کوردە و سەلماندی چیتر ژێر ستەمکردن و چەوساندنەوە قەبووڵ ناکەن، چونکە ڕاپەرین بۆ هەمیشە بووە ڕەمزێك بۆ ئازادیخوازی و ڕەتکردنەوەی داگیرکاری کە دەستکەوت و گۆڕانکاری هێنایە ئاراوە و دەربڕی خواست و ویستی کوردستانییان بوو». هاوکات بە پێویستی دەزانێت: «هەموو کوردستانیان سوود لەو پێشهاتە مێژووییە وەربگرن». هەر لەو بارەیەشەوە گوتی: «پێویستە وانەیەکی گەورە لەو ڕووداوە مێژووییە وەربگرین، کە بە بیرمان دێنێتەوە سەرکەوتنی گەورە لە یەکڕیزی و تەباییدایە، چونکە ڕاپەڕین بەرهەمی یەکهەڵوێستیی بەرەی کوردستانی بوو، گشت حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە یەك ڕیز و یەك دەنگ بۆ یەك ئامانج کۆبوونەوە، بۆیە لە ئەنجامدا توانییان بە سەر دڕندەترین ڕژێمدا سەربکەون، ئەوەش ڕاستییەکی بە هەموومان گوت کە ڕاپەڕین سەلماندی بە تەبایی گەلی کورد دەتوانرێت سەرکەوتنی مەزن تۆمار بکرێت و هەنگاو بۆ ئایندەیەکی پڕشنگدار بنێین ، ڕاپەڕین بۆ هەموولایەك گرنگە و دەبێت لە ئێستا و ئایندەش بە هەمان ڕۆحییەتی ڕۆژانی ڕاپەڕین کار بکەین لە ئاستی هەستیاریی ئەم قۆناغەی ئێستای کوردستان کە گرنگ و چارەنووسسازە.» جەختی لەوەش کردەوە کە «ڕاپەڕین گەورەترین دەستکەوتی بۆ هەموو نەتەوەی کورد بە دەست هێنا، ئەویش دروستبوونی

**ئەو ڕاپەڕینەی کورد کە لە ساڵی ١٩٩١ ئەنجامی دا، وانە و پەندێکی پیرۆزە، لەبەر ئەوەی بۆ دوژمن سەلمێندرا داگیرکەر بە ئاسانی لە کوردستاندا جێی نابێتەوە**

**وانەیەکی دژوار بوو بۆ دوژمنی داگیرکەر کە کوردستان ئەو بەهەشتە نیە بێگانە بە خاك و قەڵەمڕەوی خۆی بزانێت و، بە هەوەسی خۆی تیا بزەڵێتەوە**

**ویست و پێداگری بە قایل نەبوون بە کۆیلەیی، زادەی داهێنانە بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی ئازادی**



قەوارەی هەرێمی کوردستان بوو». گوتیشی: «ئەرك و بەرپرسیارەتییە هەوڵی ڕێکخستنی ڕیزەکان و یەکدەنگیی نیشتمان بدەین بۆ پاراستنی چونکە ڕەوشەکە وا پێویست دەکات لە جاران ڕژدتر بین لەسەر یەکدەنگی و تەبایی کە پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین بە یەکڕیزیی لایەنە سیاسییەکان دەکرێت، کە بە داخەوە ئەگەرچی لە ڕابردوودا ڕۆڵەکانی کوردستان ڕاپەڕینیان دژ بە رژێمی بەعس کرد، بەڵام هێشتا ئەوانەی بەعس ئاسا بیردەکەنەوە و بە هەمان زێهنییەتی ئاگر و ئاسن مامەڵە دەکەن، هەر ماون، بۆیەش لە دژایەتی و پەراوێز خستنی کورد و قەوارەکەی بەردەوامن بۆیە پێویستە وەك ڕۆح و گیانمان بەرگری لێ بکەین و بیپارێزین».
ڕۆژنامەنووس مەریوان حەکیم جەباری ئەوە بە بیرمان دەهێنێتەوە کە «دوای شاڵاوی ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستن و تەعریب و زیندان و لەسێدارەدانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد و سەرکوتکردنی ئەم گەلە، دەیان ڕێگەی جیاواز و جۆراوجۆری پڕتاوانیان بۆ لەناوبردنی گەلی کورد تاقی کردەوە. حکومەتی عێراق بڕوای وا بوو چیتر شۆڕشی کوردی گەلی باشووری کوردستان توانای هەڵسانەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی نەماوە، بۆیە پێویست بوو کورد نیشانی ڕژێمی عێراق و جیهانی بدات، کە ئەم گەلە بە هیچ شتێك لەناو ناچێت و سوورە لەسەر بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی، جەماوەری کوردستانیش خەونی گەورەی هەبووە بۆ ڕزگاربوون لە بندەستیی بەعس، دەتوانین نموونەش بەوە بهێنینەوە کە ئەو کات زۆر لە دایك و باوکان منداڵەکانیان ناو ناوە: (ڕزگار، یان ئازاد). هەموو ئومێدەکان بریتی بوون لە ڕزگاربوون لە ستەمکاریی بەعس، تاکە هیواش بۆ بەدیهێنانی ئەم خەونە ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری بوو، بۆیە دوای جەنگی کەنداو و داگیرکردنی وڵاتی کوەیت و هاتنەدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر داگیرکارییەکەی عێراق دەرفەتێکی زێڕین بۆ گەلەکەمان ڕەخسا و ڕاپەڕین بوو بە زەروورەتێکی مێژوویی و پێویست بۆ ئەوەی دەرفەتەکە لەدەست نەدرێت. ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ی گەلی کوردستان، ڕووداوێکی گەورە و گرنگ و ناوازەی مێژوویی بوو، دەستکەوت، گۆڕانکاری و وەچەرخانێکی گەورەی هێنایە ئاراوە، کە بە دوای خۆیدا پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرەنجامی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییەی خەڵکی کوردستان بوو، کە گەلی کوردستانی لە ژێردەستەییەوە بەرەو ڕزگاری و خۆبەڕێوەبردن و ژیانی ئازاد پەلکێش کرد، بەوەش گەلەکەمان بەری ڕەنجی خەباتی چەندین ساڵەی چنییەوە و ڕۆحی شەهیدانی ئارام کرد».
ئەو ڕۆژنامەنووسە لە درێژەی وتەکانیدا گوتی: «ئێستا دوای تێپەڕبوونی ساڵ بە سەر ئەو یادە پڕشکۆیەدا، لە ڕاپەڕین گرنگتر پاراستنی بەرهەمی ڕاپەڕینە، بۆیە گرنگە دەسەڵاتدارانی کوردستان و حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە هەمان ڕۆحییەتی بەرەی کوردستانی کە بووە هەوێنی سەرکەوتنی ڕاپەڕین، هەوڵی پاراستنی ئەم هەرێمە بدەن، کە بەری ڕەنجی ڕاپەڕین و خوێنی سەدان هەزار شەهیدی ئەم نیشتمانەیە کە لە پێناوی ئازادیدا گیانی خۆیان بەخشیوە. لە ئێستادا لە هەموکات زیاتر دەبێت تاکی کورد هەمان هەڵوێست و هەمان حەماسەتی ڕاپەڕین لە ناخیاندا هەبێت، بۆ پاراستنی هەرێم و دەستکەوتە مەزنەکانی ڕووبەڕووی ئەو مەترسییانە ببێتەوە کە هەڕەشەن بۆ لەناوچوون و لاوازکردنی بەرهەمە لەدایکبووەکەی ڕاپەڕین کە ئەویش حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەستکەوتەکانیەتی بە خاك و ئاو سامەنە سرووشتییەکانیەوە بۆ ئەوەی جارێکی دی پێویستمان بە ڕاپەڕینێکی دیکە نەبێت. دەبێت زمان و کەلتوور و ئاڵا و خاك و ئازادیی و نەوەکانمان بپارێزین. دەبێت هەمان ڕۆحییەتی ڕاپەڕین لە ناخماندا بپارێزین و گەورەی بکەین بۆ بەدیهێنانی دەستکەوتی زیاتر و بەدەستهێنانی سەرجەم مافەکانی نەتەوەکەمان».

**ڕاپەڕین پەیامی کۆتاییهێنان بە داگیرکاری و ژێردەستی بوو**

**پێویستە وانەیەکی گەورە لەو ڕووداوە مێژووییە وەربگرین، کە بە بیرمان دێنێتەوە سەرکەوتنی گەورە لە یەکڕیزی و تەباییدایە**

**لە ڕاپەڕین گرنگتر پاراستنی بەرهەمی ڕاپەڕینە، بۆیە گرنگە دەسەڵاتدارانی کوردستان و حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە هەمان ڕۆحییەتی بەرەی کوردستانی کە بووە هەوێنی سەرکەوتنی ڕاپەڕین، هەوڵی پاراستنی ئەم هەرێمە بدەن**

# «یاسای توندوتیژیی خێزانی نەیتوانیوە سنوورێک بۆ ژنکوژی دابنێت»

چالاکانی مەدەنی و بواری مافی ئافرەتان جەخت لەوە دەکەنەوە کە یاسای توندوتیژیی خێزانی، نەیتوانیوە سنوورێك بۆ ژنکوژی دابنێت. هەر بۆیە چەندین پرسیار دروست دەبن. ئایا کەموکورتییەکانی یاسای توندوتیژی چین؟ ئایا گرفت لە دەستنیشانکردنی کێشەکانە، یان لە جێبەجێکردنی یاساکەدایە؟ یان یاساکە پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکەی هاوشێوە هەن کە بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی دەدەنەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی





شەنگە هاوار کاکەیی، یاساناسە و خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە چەمکی توندوتیژی و هەر لە دەستپێکی وتەکانیدا پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە «دەرچوونی یاسا ئاسانە، بەڵام جێبەجێکردنی کارێکی قورسە، بەتایبەت ئەگەر یاساکە پەیوەست بێت بە ژیانی تاکەکەسی و بواری کۆمەڵایەتی و ئاریشە خێزانییەکان، چونکە دواجار هەمووەمان زادەی کۆمەڵگەیەکی کەلتوورگەراین و لە ئاست ئەو کەلتوورە بێهێزین». هاوکات دەڵێت: «بە ناچاری تاك بە تاك ملکەچی یاسای کەلتوورئامێزەکانی کۆمەڵگەکەمانین. من هەمیشە دەڵێم پیاوی کورد زنگۆز نییە، کەلتووری کورد زنگۆزە، ئەمە وەکو دەستپێکێك بۆ سەرهەڵدانی گرێ توندوتیژەکان لە کۆمەڵگەکەمان و ئەو کەلتوورگەراییە کە بە دەستیەوە دەناڵێنین کە کەلتووری باوکسالارییە و لە سەرووی یاساکانە و زۆریش باڵادەستە. سەبارەت بە یاسای ژمارە هەشتی خێزانی بۆ ساڵی ٢٠١١یاسایەکە تایبەت بە خێزان ئەو بڕگەیە لە ١٣ خاڵ پێك هاتووە، ئامانجی دانانی ئەو یاسایە بۆ گەڕانەوەی ئاسوودەیی دەروونیی کۆمەڵایەتی بۆ خێزانەکانە، بەڵام بەڕێوەبەرایەتییەکانی توندوتیژی کە سەر بە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانن، بەرپرسن لەوەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ کەیسەکانی توندوتیژی بکەن، بەتایبەتی کەیسی کوشتنەکان . لەم دەرفەتەدا پێم باشە وەکو یاساناس و خەمخۆرێك تیشك بخەمە سەر ئاسۆی چارەسەرییەکان کە بە دیدم زۆر گرنگە بۆ سنووردارکردنی توندوتیژییەکان، خۆ ئەگەر بڵێم نەهێشتنی ڕەنگە بکەومە قەرەی مەحاڵەوە چونکە دەبێت ئەوە لە بیر نەکەین، توندوتیژی دیاردەیەکی گەردوونییە، بەڵام وڵاتانی ڕۆژئاوا بە سەروەریی یاسا ئاسایشی کۆمەڵایەتییان بۆ ناو کۆمەڵگەکەیان گەڕاندووەتەوە. سەبارەت بەو ئاڵنگارییانەی لە پشت ئەو یاسایانەی کەوا لە سنووری هەرێمی کوردستان هەموار کراون، بەڵام ناکەوێتە بواری جێبەجێکردن وەکو یاسای سزادانی عێراقی و باری کەسێتی، خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێت:

١/ هۆکاری دەرەکی حکومەتی عێراقی کە ڕێگرە لە ڕیفۆرمی یاسا مەدەنییەکان تەنیا بە ناو فیدراڵە سەرەکیترین هۆکارە، چونکە ئەو یاسایانە لە سنووری هەرێمی کوردستان هەموار کراون، بەڵام حکومەتی فیدراڵ کاری پێ ناکات، بۆیە تا ئێستا کوشتن بە پاساوی شەرەف ماوە، منداڵ بە شوودان ماوە، مافی دایەن لەدایك سەندراوەتەوە، پەرە بە هاوسەرگیریی عورفی دەدرێت، تا ئێستا ئەگەر پیاوێك کچێکی ڕفاند و بە زۆر لاقەی کرد، ئەگەر گرێبەستی هاوسەرێتی لەگەڵ ئەنجام دا، ئەوە بێبەری دەکرێت لە تاوانەکەی و بە تاوان ئەژمار ناکرێت. بەپێچەوانەوە ئەندام پەرلەمان هەبووە کاری بۆ پرۆژە یاسای باری کەسێتی کردووە کە ئەو یاسایە هانی بەشوودانی کچی تەمەن نۆ ساڵە دەدات. هەمیشە هەر تاوانبارێك لە سنووری هەرێمی کوردستان ئەگەر بیری بۆ ئەنجامدانی هەر تاوانێك چووبێت، ئەوە ڕووەدەکاتە ناوچە ژێردەستەکان کە داگیر کراوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکەی، لە کوشتن، لە مارەکردنی ژنی دووەم بە بێ ئیجازەی ژنی یەکەم، هەمیشە تاوانباران پەناگەیان حکومەتی عێراقە.

٢/ هۆکاری ناوەکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە ڕێژەی تاوان لە هەڵکشانە و ئاسایشی کۆمەڵایەتیی هاووڵاتیان هەڕەشەی لەسەرە، دیدی نیشتمانیم هاندرە کەوا ئەو داوایە بخەمە بەر ڕۆشنایی بۆ فشار خستنە سەر پەرلەمانی کوردستان بۆ گەڕانەوەی تەنفیزی یاسای لەسێدارەدان لە تاوانی کوشتنی بەئەنقەست.

٣/ هەڵوەشاندنەوە، یان ڕێکخستنی کار و ئەرکی مەکاتبی سوڵحی عەشایری سەرجەم پارتە سیاسییەکان بە یاسایەك کە ڕێگر بێ لە بێبەریکردنی تۆمەتباری کوشتنی بەئەنقەست.

٤/ پەرەپێدان بە فەلسەفەی ناتوندوتیژی لە هەرێمی کوردستان چ بە کردنەوەی زانکۆی ناتوندوتیژی کە زانکۆیەکی تایبەتمەندە بە نەهێشتنی توندوتیژی و تایبەتمەندە بە پرسی ئینسان.

٥/ تۆمارکردنی سیمکارتی ئەلیکترۆنی و نەهێشتنی فرۆشتنی سیمکارتی علوج کە خۆشبەختانە وەزارەتی ناوخۆ خەریکە ئەو بڕیارە لە ڕێگای پرۆژەی سەیف یوی ئەرمەنی جێبەجێ دەکات.

٦/ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی، کردنەوەی نووسینگە و بەڕێوەبەرایەتیی توندوتیژی لەو ناوچانەی کەوا لە سەنتەری شار دوورن زۆر پێویستە. لە کۆتاییدا دەڵێم کارکردن لە بواری پزیشکی و ئەندازیاری و تەلارسازی زۆر ئاسانترە لە بواری توندوتیژی، گۆڤاری گوڵانیش جێگای ڕێزە کە بە جدی گرنگی بە پرسی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی خێزانی داوە.

ئاشنا بابان مامۆستای زانکۆیە و ڕای وایە: «یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی لە بواری جێبەجێکردندایە، بەڵام کاریگەریی ئەوتۆی نەکردووەتە سەر بارودۆخی کۆمەڵگە و بەردەوام ئەو یاسایە پێشێل دەکرێت.» هاوکات دەڵێت: «ڕۆژانە دەبینین و دەبیستین لە کوشتن و سووتان و ئەتککردنی ژنان و خانمان، کە هەر جارەو بە جۆرێك ئازارمان دەدەن، بە زوڵم و ناحەق

**ڕۆح لێ سەندنەوە تەنیا مافی پەروەردگارە و بۆ هیچ مرۆڤێک نەهاتووە کۆتایی بە ژیانی مرۆڤێکی دی بهێنێت**

**دەرچوونی یاسا ئاسانە، بەڵام جێبەجێکردنی کارێکی قورسە، بەتایبەت ئەگەر یاساکە پەیوەست بێت بە ژیانی تاکەکەسی و بواری کۆمەڵایەتی و ئاریشە خێزانییەکان**

**بەڕێوەبەرایەتییەکانی توندوتیژی کە سەر بە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانن، بەرپرسن لەوەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ کەیسەکانی توندوتیژی بکەن، بەتایبەتی کەیسی کوشتنەکان**

لەژێر ناوی جیاجیادا لەلایەن مێرد و برا و باوکیانەوە دەکوژرێن و ئە تاوانە ئەنجام دەدرێت. لە حاڵێکدا ڕۆح لێ سەندنەوە تەنیا مافی پەروەردگارە و بۆ هیچ مرۆڤێك نەهاتووە کۆتایی بە گیانی مرۆڤێکی دی بهێنێت، بەڵام بەداخەوە ئامارەکان بەردەوام لە هەڵکشاندان و توندوتیژییەکان هەموو ئاست و بوارەکانی کۆمەڵگەی گرتووەتەوە، جا توندوتیژیی جەستەیی بێت، یان دەروونی کە دەکرێت بڵێین تەنانەت لە دامودەزگاو ژیانی ڕۆژانەشدا بەرەوڕووی ئافرەتان دەبێتەوە، ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت، ئەوەیە کە هۆکاری هەڵکشانی تاوانەکان نەبوونی یاسا نییە، یاسا هەیە، بەڵام کەموکووڕی لە جێبەجێکردن و نەبوونی لێپرسینەوە و بەدواداچوونە لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، هەروەها پشتگوێخستنی سکاڵاکان و گوێنەدان بە کێشە خێزانی تا ئەو ڕاددەی ئەو واقیعە تاڵەی لێ دەکەوێتەوە، جا ئافرەتەکە بکەوێتە ژێر بارودۆخێکی دەروونیی خراپ و کۆتایی بە ژیانی بهێنێت، یان لە لایەن کەسوکار و مێردی بکوژرێت». گوتیشی: «هەڵکشانی تاوانەکان بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێنمەوە، لە نێویاندا: نەبوونی ڕۆشنبیریی گشتی، نەبوونی دامودەزگای چالاك و بەرپرس بۆ چارەسەری کێشەکان و یەکلاکەرەوەی کۆتایی و بە پێدانی گەرەنتیی ڕاستگۆیانە، کەمتەرخەمیی دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هۆشیارکردنەوەی تاکی کۆمەڵگە لە ماف و یاساکان، بێباکیی تاوانبار لە نەبوونی سزایەکی قورس لە کاتی ئەنجامدانی ئەو تاوانە، هەروەها کەمتەرخەمیی ڕێکخراوە حکوومی و ناحکوومییەکان لە بەرامبەر پرسی ئافرەتان و کارکردن بۆ هۆشیارکردنیان و بەهێزکردنی فکریان بە ئامانجی ئارامی و سەقامگیریی کۆمەڵگە و نەهێشتنی ئەو دیاردەیە ناشیرینەی کە بووەتە مۆتەکەی ڕۆحی ئافرەتان کە لە کەلتووری کوردی دوورە و کەلتوورێکی گوازاروە و چاولێکەرییە و هاتووەتە ناو کۆمەڵگەی کوردی.» وەك دواوتەشی جەختی لەوە کردەوە کە «زۆر پێویستە بایەخی زیاتر بە هۆشیاری لە ناوەندی خوێندن و پەروەردە بدرێت، هەروەها مامۆستا ئایینییەکان ڕۆڵێکی زیاتر ببینن لە وتارەکانیادا لە هەمبەر پرسی کوشتنی ئافرەتان و لایەنی حکومەتیش زیاتر پێداگری و بەدواداچوون و لێپرسینەوە بکات، بەتایبەت لەلایەن لیژنەی ژنان و ئافرەتانی ناو پەرلەمان کە گرنگترین دەسەڵاتی سیاسییە و دەسەڵاتی یاسادانانە و لێپرسینەوەی لە دەستە. دەکرێت لە دەرئەنجامی ئەوانەی خستمانە ڕوو بتوانین باشترین ڕێگا بۆ چارەسەر و جێبەجێکردنی یاساکانی توندوتیژیی خێزانی و هاتنەدی ئامانجەکانی کەمکردنەوەی توندوتیژی و کوشتنی ژنان بۆ کۆمەڵگە دەستەبەر بکەین.

بەڕێوەبەری گشتی یاسا و مافی مرۆڤ تاڤگە عومەر، سەبارەت بە هەمان پرس بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی: «یەکێك لە خاڵە ئیجابییەکانی مەنزوومەی یاسایی لە هەرێمی کوردستان بە تاوان کردنی کردارە توندوتیژییەکانە لە چوارچێوەی خێزاندا کە یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١ یە کە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانییە بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە ١٣ تاوان کە لە چوارچێوەی خێزاندا ئەنجام دەدەرێت، بە تاوان هەژمار کراوە و سزای یاساییان بۆ دانراوە، چ سزای بەدەنی بێت، یان دارایی، بەڵام تێبینی دەکرێت لەگەڵ بوونی ئەم یاسایە و هەموارکردنی هەندێك یاسای دیکە و ڕاگرتنی زۆربەی مادده یاساییەکان لە یاسای سزادانی عێراقی، بەڵام شێوازەکانی توندوتیژی ڕۆژ دوای ڕۆژ دەگۆڕێت و تاوانەکانی دژی ئافرەتان زۆر نامرۆڤانە ئەنجام دەدرێن. ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەو خاڵەی کە تەنیا بوونی پاڵپشتییەکی یاسایی بەس نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە و کەمکردنەوەی، بەڵکو ئەوەی گرنگە جگە لەوەی یاساکە کەموکورتیی زۆری تێدایە و پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەستە بە نەبوونی دادگایەکی کەتن، یان تاوان بۆ تاوانەکانی توندوتیژی لە کاتێکدا لە ئێستادا تەنیا دادگای لێکۆڵینەوەی توندوتیژی هەیە و جگە لەوەش دەبێت لە هەمواری یاساکەدا ئەوە بێت کە تاوانبار بە تاوانی توندوتیژی نابێت سوودمەند بێت لە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە کاتێکدا پێشتر سزا درابێت بە ئەنجامدانی تاوانەکانی توندوتیژی دژی خێزان بە گوێرەی ناوەرۆکی یاساکە، جگە لەوەش نابێت بە هیچ شێوەیەك ئەم تاوانبارانە سوودمەند بن لە حوکم و ماددەکانی لێبوردنی گشتی و تایبەت و هەروەها ڕۆڵی لیژنەی ئاشتەوایی پێویستە پێش وەرگرتنی ڕێکارەکان بێت، تاوەکو زیاتر کێشەکان ئاڵۆز نەبن لە نێوان خێزانەکاندا و گرنگە کە تاوانەکان وەکو نموونە پیشان نەدرێن و یاسا کردە تاوانکارییەکان (حصر) بکات و پلەی خزمایەتیش تا پلە سێ بێت، نەك پلە چوار و یاساکە ئاماژە بە ناپاکیی هاوسەرگیری بکات، نەك تەنیا (زنا) کە لە ئێستادا ئەم تاوانە ڕوو لە زۆربوونە چەند بڕگە و مادەی دیکە کە پێویستیان بە هەموارە، هەروەها چاودێریی جێبەجێکردنی یاساکە بەوەی کە پێویستە لەسەر دامودەزگاکان لە دەسەڵاتە جیاوازەکاندا، جگە لەوەش پێویستە ئێمە کار لەسەر ئەوە بکەین، کە پێش ڕوودانی تاوانی توندوتیژی بەری لێ بگیردرێت و هەوڵەکان زیاتر چڕ بکرێتەوە لە پاراستن و ئەنجامنەدانی توندوتیژی و پێویستە نووسینگەی ڕاوێژی خێزانی بۆ ئەو کوڕو کچانە بەردەست بێت کە دەیانەوێت پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن و لێپرساوێتیی کۆمەڵایەتییان بۆ شی بکرێتەوە، هەتا ئامانجی دروستکردنی خێزانیان لەبەرچاو ڕوون بێت. زۆر گرنگە کە کار لەسەر هۆشیاریی تاکەکانی کۆمەڵگە بکرێتەوە، بۆ ئەوەی کە گرنگیی خێزان و پەروەردەی دروستی تاك و پاراستنی شیرازە و شکۆی خێزانەکانیان بۆ ڕوون بکرێتەوە، ڕاگەیاندن پێویستە ڕۆڵی گرنگی خۆی بگێڕێت لە هوشیارکردنەوە نەك تەنیا نیشاندانی شێواز و ئامرازی تاوانکاری، هەروەها بوونی ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی لە ناو دەزگاکانی ڕاگەیاندن گرنگیی خۆی هەیە و پێویستە کە پێش هەر بابەتێك پرس و ڕاوێژی پێ بکرێت، گرنگە کە پەروەردەش ڕۆڵی ئافرەت وەکو کاراکتەرێکی سەرەکیی کۆمەڵگە و خێزان پیشان بدات و تاك لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و لێبووردەیی لە بەرامبەر و دوور لە توندوتیژی پەروەردە بکات».

**تا ئێستا ئەگەر پیاوێک کچێکی ڕفاند و بە زۆر لاقەی کرد، ئەگەر گرێبەستی هاوسەرێتی لەگەڵ ئەنجام دا، ئەوە بێبەری دەکرێت لە تاوانەکەی و بە تاوان ئەژمار ناکرێت**

**دیدی نیشتمانیم هاندرە کەوا ئەو داوایە بخەمە بەر ڕۆشنایی بۆ فشار خستنە سەر پەرلەمانی کوردستان بۆ گەڕانەوەی تەنفیزی یاسای لەسێدارەدان لە تاوانی کوشتنی بەئەنقەست**

**پەرەپێدان بە فەلسەفەی ناتوندوتیژی لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە کردنەوەی زانکۆی ناتوندوتیژی کە زانکۆیەکی تایبەتمەندە بە نەهێشتنی توندوتیژی و تایبەتمەندە بە پرسی ئینسان**

# مۆزیک و تابلۆ
# هارمۆنیای دەنگ و ڕەنگ

لە کوێوە دەست پێ بکەم ؟ لە ڕەنگ، یان لە دەنگ، ئەگەر لە ڕەنگ بێت، دەبێ دەنگم بگاتە هەموو ئەو ڕەنگانەی کە تابلۆیەکی هونەری دەیانگرێتە باوەش، بەڵام گەر لە دەنگ دەستم پێ کرد، ئەوا بێگومان دەبێ هەموو ڕەنگەکانی مەقام و پەیژەکانیش بخەینە بەر ڕۆشنایی باس و لێکۆڵینەوە.

ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵە هونەرییەی لە نێوان ڕەنگە زیندووەکانی تابلۆیەکدا هەیە، بە هارمۆنیایەکی ئەوتۆ دانراون کە هەست دەکەیت ڕەنگەکان دەنگی ساز و شازن، هەمیشە لە گوێچکە و دیدەدا خەریکی هەڵەکەسەمان، ئەوەی لەم بووارەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێ و مەبەستمانە، پەردە لادانە لەسەر ئەو ئاوێنە بێ گەردەی کە لە نێو تەپوتۆزی زەمانەدا ون بووە و، گەر بێتو مشورێکی زانستیی هونەریی لێ نەخورێت و قەڵەمی ڕەخنەگرانەی بەهاناوە نەگات، خەریکە ئەو بابەتە هونەرییە هەیبەتی هونەریی خۆی لەدەست بدات.


مۆزیك وەك حاڵەت و بابەتێکی هونەری، ڕەحمی ئەو دایکە میهرەبانەیە کە تابلۆ و ڕەنگ و سەماو باڵێ و سۆناتەی خۆشەویستیی بۆ پەروەردە کردووین.

هەرکە سەرنجی هونەری دەبێتە میوانی تابلۆیەکی هەست بزوێن، ئەوا عەقڵی دەرك پێکردوو دەکەوێتە نێو دنیای شیکردنەوەی بابەتە هونەرییەکانی تابلۆکە، بە پانتایی تابلۆ و داگیرکردنی ئەو پانتاییە لەلایەن داهێنان و ئەفراندنەوە، خۆی لە خۆێدا بەستنەوەیەکی پتەوی هونەرییە لەگەڵ زەمەنی لێك دانەبڕاوی پارچە مۆزیکییەکدا، کە دەتوانێ لە ماوەیەکی کورتدا چەمکێکی دابڕاو لە گومانمان پێشکەش بکات.

ئەو هێماو لەیەکچوونانەی کە لە نێوان هونەری مۆزیك و هونەری شێوەکاریدا دەکەونە بەر ڕووناکی، شیکردنەوەی زیاتری لەیەکچوونی بابەتیانەن، واتا ئەم دوو هونەرە دوو کۆڵەگەی سەرەکین لەو سێ کۆڵەگە هونەرییەی، کە هونەرە جوانەکان پێك دەهێنن.

ڕەوتی هونەری مۆزیك و هونەری شێوەکاری دیارە لەو ئامانجە نزیکە تاچ ڕادەیەك دەتوانرێ چەمکی داهێنان لە باوەشی گەرمی کولتووری ڕەسەن، سەرخەوێك بشکێنێت، پێکهاتە سەرەکییەکانی هەردوو هونەرەکە (مۆزیك و شێوەکاری ) لە ڕووی دروستبوونی سەرەتاکانییەوە، پێویستی بە کۆمەڵێك فاکتەری هونەری هەیە، یەکێك لەو فاکتەرە هەرە گرنگانە، زامنکردنی ئەو بابەتەیە کە دەبێتە هەڵگری بنەما سەرەکییەکانی دروستبوونی قاڵبی هونەری ئەکادیمیی داهێنان ئامێز.

لە نێو هونەری شێوەکاریدا مۆزیك هەرگیز ئەو میوانە ڕەزا قورسە نییە کە ببێتە پاشکۆیەك، یان باگکراوەندێکی تێهەڵکێش لەگەڵ پێشانگەیەك کە لە گەلەرییەکی هونەری، یان لەگەڵا نمایشێکی سەرپێیدا ئەنجام دەدەرێت، مۆزیك لە هونەری شێوەکاریدا ئەو ڕۆڵە گرنگە دەبینێت، کە هەمیشە ڕووداوە هونەرییەکانی کە عەقڵا



ئامانج غازی

بۆ گوڵانی نووسیوە

بەخۆیانەوە دەگرێت، دەیانخاتە باوەشی خەیاڵی پڕ هزر و فیکر و تەعبیرەوە، ئەم کارەش دیارە دەرگای گفتوگۆ و دیالۆگە لە نێوان هونەرمەند و بینەر، کە سەرپشیان دەکات و دیمەنە شاراوەکانی تابلۆیەك دەکاتە ڕێژنەیەك لە ڕەنگی هارمۆنیائامێزدا و، دایدەبارێنێتە سەر فیکر و هزر و خەیاڵی نووستوو، ئەو بنەما هونەرییانەی کە لە تابلۆیەکی ڕیالیزمی ڕەنگ دەداتەوە، لە موزیکیشدا کۆمەڵێك لە میلۆدیی هارمۆنیاکراو لەسەر شێوازی پۆلیفۆنی (polphony) ئەو ئامانجە بەدەستەوە دەدەن و، ژەندنی ئەو میلۆدییانە لەیەك کات و ساتدا هەمان ئەو داڕشتنی ڕەنگانەیە کە لە تابلۆکەدا دانراون، بۆ نموونە: کە ڕەنگە ساردەکان ئاوێتەی یەکتر دەبن و دیمەنێك لە ستاتیکا دەخوڵقێنن، لە موزیکدا بەهەمان شێوە گەڕانێکی هونەری لە نێو پەیژەکانی مێجەر (major) بەتەنیا، یان لە پەیژەکانی ماینەر (minor) ئەنجام دەدرێت، دیارە لە نێو ئەو پەیژانەشدا کۆمەڵێك گۆڕانی لاوەکی ڕوودەدات، وەك ئەوەی لە ماینەری میلۆی (melodic minor) دەنگی شەشەم و حەوتەم لە کاتی سەرکەوتن (سەرچووندا) نیوتۆن سەردەکەوێت و لە خوارچوونیشدا هەمدیسان دەگەڕێتەوە حاڵەتی سرووشتیی خۆی (Natoral).

ئەوەی خەیاڵ هەستی پێ دەکات و مێشك دەیجوڵێنێت، دیارە لە نێو مناڵدانی دەنگەکاندا هارمۆنیایەکی ئاوێتەکراو لەدایك دەبێت و دەبێتە چەمکێکی زۆر لەبار، بۆ دەستەبەرکردنی گیانی ڕەنگەکان و، ئەم ڕەنگدانەوەیە کتومت ئەو بوارە داهێنەرانەیە کە لە عەقڵی هەموو داهێنەرەکاندا دەخرێتە سەر لاپەڕەی نۆتە و تابلۆیەکی زیندوو. دیارە ئەو گۆڕانکارییەی کە لە شێوازەکانی هەردوو هونەریشدا بە درێژایی (پێنج سەدە) واتا هەر لە چەرخی بووژانەوە و بارۆك و کلاسیك و ڕۆمانتیك و چەرخی نوێ دا ڕوویداوە و، گۆڕانکارییەکی وا بوو کە لە هەرچەرخێکدا کۆمەڵێك بنەمای تەقلیدی تێکشکێنراون و لە بری ئەو تێکشکانەش، شێوازی نوێکار و نوێخواز و ئەزموونی پڕبەهای هونەری لەدایك بوون و، هەرگیز هونەرمەندان بەوە ڕازی نەبوون کە بەرهەمی پێش خۆیان کاوێژ بکەنەوە، بەڵکو لەسەر بنەمای کۆن بنەما و بناغەیەکی نوێی بیناسازیی هونەری بنیات نراوە، ئەم کارەش هەرگیز لە کاری ئەکادیمی داهێنانئامێز دانەبڕاوە.

ئەگەر لە چاخەکانی پێش ئەمڕۆش بنەما داڕێژراوەکانی هارمۆنیا لە شێوازێکی تازەدا بابەتیان بەخشیبێتە کارە هونەرییەکانی گەورەدانەرەکانی موزیك، ئەوا بێگومان شێوازەکانی (ڕیالیزمی و سووریالی و ئیکسپرێشن و ئیمپرێشن و ئەبستراکت) لە هونەری شێوەکاریدا توانییان ململانێیەکی هونەریی گەورە لەگەڵ چاوی کامێرادا بکەن و، بە سەدەها تابلۆ بخەنە بەر زانستی لێکۆڵینەوە و دید و بۆچوونی نوێ و، سەرلەنوێ کارەکان دابڕێژنەوە و، هەمیشە قەناعەتی هونەرییان بەکارەکانیان لە سەرووی هەموو ئەو کارپێکردنە کاریگەرییانەدا بوون، کە هونەرمەندان لە ژیانی سەختی ڕۆژانەیاندا بەرەنگاری دەبوونەوە.

# ئەزموون خەڵاتی باشترین فیلمی فێستیڤاڵی نــــ

**فیلمی سینەمایی «ئەزموون» لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد شەوکەت ئەمین کورکی خەڵاتی باشترین فیلمی لە بیست و حەوتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «ڤیکتۆریا»ی لە وڵاتی کەنەدا بەدەست هێنا.**

فیلمی سینەمایی «ئەزموون» The Exam چوارەمین فیلمی بڵندی سینەماکاری کورد شەوکەت ئەمین کورکییە، کە لە بەرهەمهێنانی (مەمەد ئەکتاش)ـە و، بەرهەمی هاوبەشی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی ئەڵمانیا و قەتەرە، لە نوێترین بەشداریی نێودەوڵەتی خۆیدا لە بەشی سەرەکیی بیست و حەوتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «ڤیکتۆریا» Victo-ria لە وڵاتی کەنەدا نمایش کرا و، لەلایەن هۆگران و ڕخنەگران و نووسەرانی سینەماییەوە پێشوازیی لێ کرا و، توانی خەڵاتی باشترین فیلمی بەشی پێشبڕکێی نێودەوڵەتیی ئەم ڕووداوە گرینگە سینەماییە بەدەست بهێنێت.

ئەزموون بەرهەمی کۆمپانیای «میتۆس فیلم»ی بەرلین و کۆمپانیای «مەستی فیلم»ی سلێمانی کە بە پاڵپشتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەت هەرێمی کوردستان بەرهەم هاتووە و لە لایەن کۆمپانیای

# براد بێت سکاڵا لە دژی ئەنجلینا بەرز دەکاتەوە



براد بێتی ئەستێرەی ئەمریکی داوای یاسایی لە دژی هاوسەری پێشووی (ئەنجێلینا جولی) تۆمار کرد و، تۆمەتباری کرد بە فرۆشتنی کارگەیەکی شەرابی هاوبەش بە بازرگانێکی ڕووسی.

بەپێی ڕاپۆرتی ئێچ ئێم سی، بە بەڵگەکانی دادگا، لە مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠٢١، جولی داوای یاسایی تۆمار کرد کە داوای لابردنی قەدەغەی کاتی فرۆشتنی سەرمایەی هاوبەش لەگەڵ بێت دەکات، بەتایبەتی کە خانمە ئەکتەرەکە دەیویست پێشنیاری پشکەکەی لەو کۆمپانیایە بفرۆشێت کە شەرابی نۆڤێل لە فەرەنسا بەرهەم دەهێنێت.

لە مانگی سێپتێمبەری ڕابردوو ڕێگە بە جولی درا کارگەکە بفرۆشێت، بە مەرجێك براد لەسەر کڕیارەکە ڕازی بێت،بەڵام دوای مانگێك براد زانیی کە گرووپی «Stoli Group» کە کۆمپانیایەکی ڕووسییە، نیوەی پشکەکانی کارگەکەی کڕیوە، ئەمەش تووشی شۆکی کرد. بێت بانگەشەی ئەوە دەکات کە جۆلی ڕەزامەندیی خۆی بۆ ڕێکەوتنەکە بەدەست نەهێنا و، بە ئەنقەست وردەکارییەکانی خۆی لە ئەو شاردووەتەوە.

ئەکتەرەکە گلەیی ئەوە دەکات کە هاوکارە نوێیەکەی بووەتە هۆی ئاژاوە لە بەڕێوەبردنی ئەم کۆمپانیایەدا، داواش لە دادگا دەکات گرێبەستەکە هەڵبوەشێنێتەوە، هەروەها بەنیازە قەرەبووی ئەو زیانانەی کە لێی کەتووە وەربگرێتەوە.

**سەرچاوە: «ئێف سی ئێڵ ئەی»**

# ــــــێودەوڵەتی «ڤیکتۆریا» لە کەنەدای بەدەست هێنا




ئەڵمانی «ArtHood» لە جیهاندا بڵاودەبێتەوە.

بیست و حەوتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «ڤیکتۆریا» VFF بە سەرۆکایەتی دان مەك دۆنا (Dan McDonagh)، بە بەرپرسیاریی خاتوو کێتی کەی (Kathy Kay) و بە نمایشی بەرهەمی وڵاتانی جیهان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی پێشبڕکێی و دەرەوەی پێشبڕکێی، لەوانە: بەشی پێشبڕکێی نێودەوڵەتی، بەشی پێشبڕکێی فیلمە کەنەدییەکان، بەشی پێشبڕکێی کورتە فیلم، بەشی پێشبڕکێی بەڵگەفیلم لە ڕۆژانی ٤ تا ١٣ی شوباتی ٢٠٢٢ لە شاری ڤانکۆڤێر لە وڵاتی کەنەدا بەڕێوە چوو.



# ئەو ئەزموونەی جنێڤەر لە یادی ناکات

خانمە ئەکتەری ناسراوی ئەمریکی جنیڤەر لۆرانس لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: «بەرهەمهێنەرە سینەماییەکان لە سەرەتای هاتنە نێو بواری نواندنەوە، ناچاریان کردم کە خۆم ڕووت بکەمەوە و کێشی لە شیشم زۆر دابەزێنم، ئەو کات هەستم بەوە کرد کە ئیرادەم دزراوە».

جنیڤەر ئەوەشی ڕوون کردەووەتەوە کە دوای ئەوەی سەرکەوتوو بوو لە کاری هونەریدا و، بوو بە ئەکتەرێکی ناسراو و، لە زۆر لاوە پارێزرا، بەتایبەتی لەو جۆرە پێشێلکاری و دەستدرێژییانەی ڕووبەڕووی دەبوونەوە، هەروەها لە ژیانی ئەکادیمیدا شارەزایی زیاتری پەیدا کرد، بۆیە دەڵێت من دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ هەموو ئەو کەسانەی دوچاری ئەم جۆرە دەستدرێژییانە دەبنەوە و، هەست بەوە دەکەن کە ناتوانن خۆیان بپارێزن.

جنێڤەر کە لە ساڵی ٢٠١٣ خەڵاتی ئۆسکاری بەدەست هێنا دەڵێت: «لە سەرەتای ئەزموونی هونەریمەوە، دوای ئەوەی لەگەڵ چەند کچێکیان دانام، کە کێشیان کەمتر بوو لە من، ئافرەتێکی بەرهەمهێنەری سینەمایی لە کاتی ئەنجامدانی تێستدا داوای لێ کردم کە بە ڕووتی بوەستم، بۆ هەڵبژاردنی ئەکتەرێك لە یەکێك لە فیلمەکان، ئەم ئەزموونەش بۆ من مایەی ئیهانە و سەرشۆڕییەکی زۆر بوو و، هەمیشەش لە خەیاڵمدا دەمینێتەوە».

لۆرانس هەروەها دەڵێت: «لە یەکەم دەرکەوتنمدا بەرهەمهێنەر داوای لێ کردم کە پێویستە لە ماوەی دوو هەفتەدا نزیکەی ١٠ کیلۆگرام لە کێشم دابەزێنم و، سەرکەوتوو بووم و کارەکەشم ئەنجامدا، پێش من کچێکی دیکە دەستنیشان کرابوو، بەڵام نەیتوانی لەو ماوەیەدا کێشی وەکو پێویست دابەزێنێت».

**سەرچاوە: گولولی**

# هونەری تەلارسازیی کوردەواری

ساڵی ١٩٧١ بوو، گۆڤاری ئەلعەرەبی (١٠٠ هەزار دانەی لێ دابەش دەکرا) ناودارترین گۆڤاری وڵاتانی عەرەب لە کوێت دەردەچوو، ئەو گۆڤارە بەدەم ڕێککەوتنی نێوان شۆڕشی کوردستان و دەوڵەتی عیراقەوە، ڕیپۆرتاژێکی لە بارەی باشووری کوردستان بڵاو کردەوە. زۆربەی ئەو وێنانەی لەو ڕیپۆرتاژەدا بڵاو کراونەتەوە، ئێستا ڕواڵەتیان لە کوردستاندا نابیندرێت. تەوژمی گۆڕان هەموو لایەنێکی ژیانی خەڵکی کوردستانی گرتووەتەوە، ئەنفالیش سیمای ڕابردووی گوندەواری کوردستانی سڕییەوە. لێرەدا من تەنیا باس لە یەك وێنەی ڕیپۆرتاژەکە، (وێنەی گەلاڵە) دەکەم.

ئا/ تاریق کارێزی




بە لای تیمە ڕۆژنامەوانییەکەی ئەلعەرەبییەوە، بە لای (ئۆسکار میتری)ی وێنەگری تیمەکەشەوە، دیمەنی گەلاڵە وەك ئاواییەکی کوردستان سەرنج ڕاکێش بووە، بۆیە وێنەیان گرتووە و بڵاویشیان کردەوە. لە شوێنانی دیکەی دنیا لەوە ناچێت شێوەی دروست بوونی شار و گوند بەو تەرزە بێت کە لە کوردستاندا دەبیندرێت. ماڵەکان وەك دیمەنێکی سەرنج ڕاکێش بە قەدپاڵی چیاوە چەشنی نەخشی مافوور چندراون. ئەم تەرزە بینا کردن و تەلارسازییە وابەستەی ژینگەی شاخاویی کوردستان و ڕایەڵی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ژیانداریی نێوان مرۆڤەکانە، بەوەی لە زۆربەی وڵاتاندا چیا هەیە و ئەم تەرزە تەلارسازییە نییە، ئەمەش نیشانەیە بەوەی تەلارسازییەکی تایبەت بە کوردە.

هەورامان ناوەندێکی پاراستنی میرات و کولتووری کوردە، لە نێو سەختەنی جوگرافیای ئەو دەڤەرەدا ئەم جۆرە تەلارسازییە لە هەموو گوند و ئاواییەکدا ئامادەیە. دێرین شاری ئاکرێ بە هەمان شێوە تەلارسازی دروست کراوە. ئەگەر بە کوردستاندا بگەڕێین، لە زۆر شوێندا کە چیا و ئاوەدانی ئاوێزانی یەك دەبن، تەلار و بینا باڵانگژای بەژنی چیا دەبن. ئا لێرەدا خەسڵەتی هەرە دیاری ئەم تەرزە تەلارسازییەی کوردەواری خۆی دەنوێنێت. گەلی مایا لە ئەمریکای باشووردا چوونەتە سەر چیا و لە تەختەنی سەرچیادا بینا و تەلاریان دروست کردووە. لە کوردستاندا بینا وەك گەردانە بە قەدپاڵی بەرزایی چیادا ڕسکاوە. دوو شارستانیەت و دوو تەرزە تەلارسازیی جودا. لە شرۆڤە و لێکۆڵینەوەدا توخمەکانی ئەم تەلارسازییەی کوردەواری ڕوون دەبنەوە. ئێوە سەرنج بدەن. لە نێو چیادا زەویی کشتوکاڵ کەم دەبێت، گوندنشینان بۆ ئەوەی زەویی کشتوکاڵ بۆ چاندن و باخداری بەکار بهێنن، هاتوون بە لاپاڵی شاخدا ئاواییان دروست کردووە. لەم جۆرە ئاواییەدا ماڵان لە مەترسیی ڕێژنەی باران و لافاو دەپارێزرێت، هەوای ئاوایی پاك دەبێت، خەڵکەکەشی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا هەڵزنان بە قەدپاڵی بەرزایی و وەرزشێکی زۆری هاتن و چوون دەکەن. بەسەر یەکەوە کەڵەك بوونی ماڵانی ئاوایی لە شاخستانی کوردستاندا، بە شێوەیەکی هارمۆنی و سازندە، نیشانەی تەبایی کۆمەڵایەتییە لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا.

هەموو ماڵان پشت لە چیا و ڕوو لە ئاسۆ دروست دەکرێن. دەرگا و پەنجەرەش ڕوو لە ئاسۆن، کۆڵانی تەنگ و تەسك و باریك و پێچاوپێچ بەو جۆرەی لەگەڵ جوگرافیای سەختی لاپاڵدا دەگونجێت، ڕێچکەی هاتن و چوونی خەڵك دیاری دەکەن. کەرەستەی بینا بەرد و شاخە، کە لەگەڵ ژینگەی شوێنەکەدا تەبا و بۆ ژیانی مرۆڤ لە هەموو وەرزێکدا تەندروستن. ماڵانی ئاوایی وەك یەك سوود لە تیشکی خۆر و هەوای پاك و سازگار دەبینن. هەستی دەستەجەمعی و یەك ماڵی لە نێو دانیشتوواندا بەهێز دەبێت. لە خواری خوارێوە تا ئەو پەڕی سەرەوە، سەربانی ئەم ماڵ دەبێتە بەردەرگای ماڵەکەی پشتی. زبڵ و خاشاك لە هیچ شوێنێکی گونددا بەدی ناکرێت، ئاو و خۆراك و کەرەستە و کاڵای پێداویستی ژیانیش، لە دامەنی گوندەوە بەرەو ماڵانی قەدپاڵی چیا دەڕوات، هەر خێزانە و لە خەمی ماڵی خۆیدایە، لە پاڵ ئەوەشدا کۆمەك بە یەك و هەرەوەز بۆ کاتی پێویست، لە ئەو پەڕی تین و تاودایە.

ئەم نموونە تەلارسازی و گونجانە لەگەڵ سروشتدا دەکرێت وەك پلان و بەرنامەی ئاوەدانی بیری لێ بکرێتەوە. دەکرێت شاری مۆدێرن بە هەمان شێوە تەلارسازیی گوندی کوردەواری و بە تازەترین تەکنیك و ئەندازەی سەردەم، دروست بکرێن. ڕەنگە لە ڕووی دابین کردنی خزمەتگوزاریی ئاو و کارەبا و هی دیکەشەوە، بە سوود وەرگرتن لە ترۆپکی چیا و لاپاڵ، ئاسانتر و کەم خەرجیتر دابین بکرێن.







ساجیدە عەلی

ڕاهێنەری لەشجوانی:

# کاتێک خولیا و حەز یەکدەگرن کەسێکی سەرکەوتوو پێدەگەیەنن

**سەنتەری شارە گەورەکانی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی هۆڵەکانی وەرزشیی تێیاندا زیاتر دەبێت، ئافرەتانی کوردستانیش لە ئێستادا زیاتر ڕوو لە وەرزشی لەشڕێکی و لەشجوانی و هێزی لەش دەکەن و، ئەم یارییانە لە گەشەسەندن دایە، ئافرەتان و خانمانی شارەکانی کوردستان کە گرنگیی زۆر بەم وەرزشە دەدەن، بۆ ئەوەی ببنە خاوەن لەشولارێکی ڕێك، پێشبینی دەکرێت لە ماوەی داهاتوودا ئەم یارییە ببێتە یەکێك لەو یارییانەی کە ئافرەتانی وەرزشکار بە ڕێژەیەکی زۆر ڕووی تێدەکەن و، کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی گەورە دەکەن لە پاڵەوانیتیەکان، لە ئێستادا هۆڵەکانی شارەکانی کوردستان خاوەنی چەندین ئافرەتی بەتوانان لەم وەرزشە، یەکێك لەوانەش (ساجیدە عەلی)یە، کە ماوەی چەند ساڵێکە ڕاهێنەری لەشجوانییە و پێشتریش یاریزانی بەرزکردنەوەی قورسایی بووە، ساجیدە لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٢ی پارێزگای هەولێرە، بۆ هیچ تیپێك یاریی نەکردوە، تەنیا بۆ هۆڵەکان نەبێت، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد و، ئەویش وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** چۆن بوو بواری ڕاهێنەری لەشجوانیت هەڵبژارد؟**

-سەرەتا وەکو یاریزان دەستم بە یاریی لەشجوانی و ئاسن کرد، دوای چەندین ساڵ، وەکو یاریزان و پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرز، بڕیارم دا دەست بە خولی ڕاهێنەری بکەم و، سەرکەوتووش بووم تێیدا.

*** هەست ناکەیت وەرزشێکی قورست هەڵبژاردوە؟**

- ڕاستە وەرزشێکی قورس و گرانە، بەڵام کاتێك خولیا و حەز یەکدەگرن لە وەرزشێکدا کەسێکی سەرکەوتوو لەم بوارە پێدەگەیەنن.

*** پێشکەوتن و سەرکەوتنی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

-پێشکەوتنی ئەم وەرزشە لە قوتابیان و وەرزشوانانداا دەبینم، کە توانیومە لە بوارەکەی خۆمدا دەیان وەرزشکار پێبگەینم، تا بتوانم لەشولارێکی ڕێك و ئاستێکی باش دروست بکەین لە پاڵەوانێتییەکاندا.

***هەست ناکەیت ئەم یارییە لە کوردستان لە ئاستی خانماندا بە شێوەیەکی باش پێشوازیی لێ نەکراوە؟**

- بەڵێ ڕاستە، لە ئاستی پێویستدا نییە، بەڵام زۆر خراپیش نییە، وا خەریکە دەبێتە وەرزشێکی باش و بە تایبەتیش لە ناو ئافرەتاندا.

*** چی بکرێت باشە بۆ هێنانەپێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بەرەوپێشچوون لە وەرزشدا دەبینین، چونکە ئێستا ئافرەتان ڕێگەیان پێ دەدرێت بۆ هاتنە هۆڵەکان، خانەوادەکانیش تێگەیشتوون و بواری ئەنجامدانی خولیاکان فەراهەم کراون.

*** وەکو کچە ڕاهێنەرێك بەرنامەت چییە بۆ داهاتوو؟**

- لە هەوڵی ئەوەدام کە ئاستێکی باشتر پێشکەش بکەم، بۆ پێگەیاندنی وەرزشوانان، تا بتوانین ئەم یارییە بەرەوپێش ببەین.

*** بە گشتی ئافرەتان بۆ چ مەبەستێك سەردانتان دەکەن؟**

- زۆرترینیان بە مەبەستی لەشجوانی سەردانمان دەکەن، بەشێکیان بۆ تەندروستییان، بەشێکیان بۆ لاوازبوون.

***گرفتان چییە لەم یارییە؟**

-زۆرترین گرفتی ئێمە وەك خاوەن هۆڵەکان، وەرگرتنی باجی زۆرە، ڕێژەیەکی زۆر سووتمەنی بەکاردەهێنین بۆ بزوێنەرەکانمان لەکاتی هاویندا.

*** وەکو ڕاهێنەرێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

- وەکو ڕاهێنەرێك خەونم ئەوەیە هەموو کات بتوانم ئاستی باشتر پێشکەش بکەم، و بتوانم پارێزگاری لە نازناوەکان بکەم، چونکە یەکەمی سەر ئاستی عێراقم لە بەرزکردنەوەی قورسایی و هێزی لەشدا.

*** خانەوادەکان تا چەند هاوکارن بۆ وەرزشکردنی خانمان؟**

-پشکی شێر بەر خێزان دەکەوێت، کە هەدەم پاڵپشت و پشتیوانی خانمانیانن لە وەرزشکردن.

*** وەکو ڕاهێنەرێك بەنیازی ئەوە نیت تیپێکی کچان دروست بکەیت؟**

- حەز دەکەم تیپ لە هەموو شارەکان هەبێت، لە هەولێریش ئێستا تەنیا خۆم دەبینمەوە کە کۆنترۆڵی ئەم بوارە بکەم و بە باشی بەڕێوەی ببەم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ پشتگیریکردنی وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی، هیوادارم ئاستی ئەم وەرزشە زیاتر بەرەو پێش بچێت، چونکە ئایندەی کوردستان لەم وەرزشەدا دەبینمەوە.



## رامۆس

# نزیکە لە جێهێشتنی پاریس سانت جێرمان

سەرچاوەیەکی راگەیاندنی فەرەنسا ئاشکرای کردووە، کە سێرخیۆ رامۆس گرێبێستێکی بۆ جێهێشتنی یانەی پاریس سانت جێرمان پێگەیشتووە.

تۆڕی هەواڵی (فووت مێرکاتۆ)ی فەرەنسی، لە راپۆرتە هەواڵێکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە یانەی لۆس ئەنجلۆس گالاکسی ئەمریکا بۆ وەرزی داهاتوو گرینگی بە گواستنەوەی سێرخیۆ رامۆس دەدات.

سەرچاوەکە نووسیویەتی: دۆخی ئێستای رامۆس لەگەڵ پاریس باش نییە بەهۆی ئەو پێکانەی تووشی بووە هێشتا نەیتوانیوە ئاستی جێگیری خۆی پێشکەش بکات، لەگەڵ ئەوەشدا زەحمەتە پاریس تەواوبوونی گرێبەستەکەی دەستبەرداری بەرگریکارە ئیسپانییەکە بێت.


سێرخیۆ رامۆس هاوینی رابردوو ریال مەدریدی جێهێشت و بە گرێبەستێکی خۆرایی پەیوەندی بە پاریس سانت جێرمان کرد و گرێبەستەکەی لە هاوینی ٢٠٢٣ تەواودەبێت.

رامۆسی ٣٥ ساڵ، تەنیا پێنج یاری بە درێسی پاریس سانت جێرمان کردووە و لە زۆرینەی یارییەکانی ئەم وەرزە بەهۆی کێشەی ماسولکەکانی نەیتوانی بەشداریی لە یارییەکانی یانە پاریسییەکە بکات.

# بەرشلۆنە چاودێری یاریزانێکی ئیشبیلیە دەکات

بە گوێرەی سەرچاوەیەکی راگەیاندن لە یانەی بەرشلۆنە، یاریزانێکی ئیشبیلیە لە لایەن بەرشلۆنە داوا کراوە و دوو یانەی دیکەش لە کێبڕکێی گواستنەوەی ئەو یاریزانە دان.
رۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنیا رایگەیاند بەرشلۆنە لەسەر گواستنەوەی کۆندی بەرگریکاری ئیشبیلیە کێبڕکێی یانەکانی ریال مەدرید و چێلسی دەکات. سەرچاوەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە، یانەکانی بەرشلۆنە، ریال مەدرید و چێلسی دەرگای گفتوگۆیان بەرووی بەرێوەبەری ئەو یاریزانە کردووەتەوە.
سپۆرت ئەوەشی نووسیوە، کە ئەم یاریزانە لاوە دەیەوێت ئیشبیلیە بەجێبێلێت و ئەزموونێکی نوێ لەگەڵ یانەیەکی گەورەتر تاقی بکاتەوە و لە ئێستاشدا نرخی ئەو یاریزانە لە بۆرسەی گواستنەوە یاریزانان لە نێوان ٧٠ بۆ ٨٠ ملیۆن یۆرۆیە.
جۆلیس کوندی بەرگریکاری تەمەن ٢٣ ساڵ، لە هاوینی ٢٠١٩ بە بەهای ٢٥ ملیۆن یۆرۆ روویکردە یانەی ئیشبیلیە، ئەم وەرزە بەشداری لە سەرجەم یارییەکانی یانەکەی کردووە و لە کۆی ٣٠ یاری یەك گۆڵ و یەك ئاسیستی هەیە و لە هاوینی ٢٠٢٤ گرێبەستەکەی لەگەڵ یانە ئەندەلووسییەکە تەواو دەبێت.






# میسی
## خەڵاتێکی مێژوویی وەرگرت

لیۆنێل مێسی لە لایەن رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ ئامارە مێژووییەکانی تۆپی پێ خەڵاتێکی تایبەتی پێبەخشرا وەکو خاوەنی زۆرترین گۆڵ لەگەڵ یەك یانە.
رێکخراوی IFFHS، کە تایبەتە بە ئامارە مێژووییەکانی تۆپی پێ بۆ یازدەیەمین جار خەڵاتی لیۆنێل مێسی کرد بەهۆی ئەوەی لیۆ مێسی پێش پێلێ کەوتەوە و بووە یەکەمین یاریزان لە مێژوودا ٦٧٢ گۆڵی لەگەڵ بارسێلۆنا تۆمار کرد، لە کاتێکدا پێشتر ریکۆردەکە بە ناوی پێلێ بووە کە ٦٤٥ گۆڵی بە درێسی سانتۆس تۆمار کرد بوو.
لیۆنێل مێسی تەمەن ٣٤ ساڵ، لە شاری رۆزاریۆی ئەرژەنتین لە دایکبووە، لە هاوینی ٢٠٠٠ روویکردە بەرشلۆنە، لەگەڵ ئەو یانەیە ٧ خەڵاتی تۆپی زێرینی بردەوە، ٤ نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا و ٣ نازناوی مۆندیالی یانەکانی بردەوە، دواتر لە هاوینی ٢٠٢١ لەگەڵ تەواوبوونی گرێبەستەکەی، بەرشلۆنە جێهێشت و بە بەهای ٨٠ ملیۆن یۆرۆ پەیوەندی بە پاریس سانت جێرمان کرد، ئەم وەرزە لەگەڵ پاریس لە کۆی ٢٣ یاری، ١١ گۆڵ و ٧ ئاسیستی کرد.



# کۆڤان حەسەن چاوی لە نازناوی زیاترە



دوای ئەوەی لە پاڵەوانێتی ڕۆژئاوای ئاسیا بۆ یارییەکانی خاوەن پێداویستیی تایبەتی جیهانی، لە وڵاتی بەحرێن یاریزانانی خاوەن پێداویستیی تایبەتی هەڵبژاردەی عێراق، لە یارییەکانی هاوێشتنی قورسایی و ڕمح ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد، تاکە یاریزانی کوردی قەزای ئاکرێ و نوێنەری کوردستان لە ڕیزی هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراقی (کۆڤان حەسەن)، توانی دوو مەدالیای زێڕ لە هاوێشتنی ڕم و قورسایی بەدەست بهێنێت، لەم بارەشەوە کۆڤان حەسەن بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئاستی پاڵەوانێتییەکە زۆر بەهێز بوو، ئێمەش وەکو یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراق، توانیمان ئاست و ئەنجامی شایستە لەسەر ئاستی هەڵبژاردە بەشداربووەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا بەدەست بهێنین، وەکو تاکە یاریزانی کوردستانیش بەشداریی یارییەکانم کرد و، توانیم دوو مەدالیای زێڕ لە هەریەك لە یارییەکانی هاویشتنی ڕمح و قورسایی بەدەست بهێنم»، کۆڤان گوتیشی: «بۆ من جێگای شانازییە وەکو تاکە یاریزانی کورد کە ئەم ئەنجامە باشە بەدەست بهێنم و، بەردەوامیش دەبم لە تۆمارکردنی ئەنجامی گەورەتر لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق، ئامادەکارییش دەکەم بۆ چەند پاڵەوانێتییەك، وەك بۆ پاڵەوانێتیی ئاسیا لە چین و چەند پاڵەوانێتیەکی دیکەش لە تونس و پاڵەوانێتیی جیهانیش لە ژاپۆن، دەمەوێت لەم پاڵەوانێتییانەشدا ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنم، بۆیە ئامادەکاریی باشتر دەکەم بۆ ئەوەی لە نێو سەرجەم یاریزانە بەشداربووەکاندا بتوانم ڕیکۆردی باشتر تۆمار بکەم لەسەر ئاستی جیهان و ئاسیاو، بە ئەنجامی گەورەوە بگەڕێمەوە کوردستان، ئامانجی من بەدەستهێنانی زۆرترین مەدالیایە لە پاڵەوانێتییەکاندا، ڕۆژانە ئامادەکارییەکانی لە خۆمان بەردەوامین و دەمەوێ هەمووکات لە ئامادەکاریی تەواو دابم.

# کچانی هەولێر چاویان لەوەیە ببنە پاڵەوان



تیپی تۆپی فوتساڵی یانەی وەرزشیی ئافرەتانی هەولێر، وەکو تاکە نوێنەری یانەکانی پارێزگای هەولێر، لە یارییەکانی چوار گۆشەی زێڕینی خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان، ئێستا بەشداریی یارییەکانی دەکات و، لە یەکەم یاریشدا توانی لە کچانی پیرەمەگروون بباتەوە، لەم خولەشدا لە کۆی ١١یاریی ڕابردوو کچانی هەولێر سەرجەم یارییەکانیان بردووەتەوە، ئێستاش هەنگاو بۆ پاڵەوان بوون دەنێن، لەم بارەشەوە مەزن محەمەد ڕاهێنەری تیپی فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەر لە سەرەتای خولەکەوە ئامادەکاریی باشمان کرد بوو، چاویشمان لەوە بووە کە جامەکە بگەڕێنینەوە بۆ پایتەختی هەرێمی کوردستان، سوپاس بۆ خودای گەورە، لە سەرجەم یارییەکاندا سەرکەوتوو بووین، بەردەوامیش لە ئامادەکاریداین، وەکو کچانی هەولێر هەمووکات دەمانەوێت ئاست و ئەنجامی شایستە دەستەبەر بکەین»، لە بارەی گرفتەکانیش مەزن گوتی: «هەموو خەرجیەکانی یانەکەمان، کە ئەم خولە پارەیەکی زۆری دەوێت، هەموو لە گیرفانی سەرۆکی یانەکەمان و سکرتێری یانە



# کچانی تۆپی سەرمێزی هەڵبژاردەی پەروەردەی گشتیی هەولێر دووەمی ئاستی هەرێم بوون

وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی وەرزشیی و هونەر لە وەزارەتی پەروەردە، چەند پاڵەوانێتییەکی لەسەر ئاستی هەریەك لە هەڵبژاردەی پەروەردە گشتییەکانی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و هەڵەبجەی شەهید و کەرکووك و گەرمیان بەڕێوە برد. بە ئامادەبوونی وەزیری پەروەردە و ژمارەیەك لە بەرپرسانی پەروەردەیی لە پارێزگای دهۆك، پاڵەوانێتی تۆپی سەرمێزیش بۆ هەردوو ئاستی کچان و کوڕان بە بەشداریی هەڵبژاردە گشتییەکانی سەر ئاستی هەرێم بەڕێوە چوو، کە ماوەی دوو ڕۆژی خایاند، لە سەر ئاستی کچانیش هەردوو هەڵبژاردەی سلێمانی و هەولێر پلەکانی یەکەم و دووەمیان بەدەست هێنا و، لە ئاستی کوڕانیش هەریەك لە هەڵبژاردەکانی تۆپی سەرمێزی سلێمانی ودهۆك و هەولێر پلەکانی یەکەم تا سێیەمیان بەدەست هێنا و، لە کۆتاییشدا خەڵات و دیاری بەسەر تیپە سەرکەوتووەکاندا دابەش کرا، لە بارەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردەی پەروەردەی گشتیی هەولێریش (بێجان ئیبراهیم) بەڕێوەبەری چالاکیی وەرزشیی و دیدەوانیی پەروەردەی گشتیی هەولێر، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەکو هەڵبژاردەی پەروەردەی گشتیی هەولێر، بەشداریی پاڵەوانێتییەکەم کردووە و، ئاستی پاڵەوانێتییەکەش زۆر باش بوو، یاریزانانیش کێبڕکێیان لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە دەکرد، هەر چەندە ئێمە ئامادەکارییەکانمان ماوەی کەمی خایاند، بەڵام سوپاسی ڕاهێنەران و یاریزانانی تیپەکانی هەڵبژاردەی هەولێر دەکەم، کە توانیان ئاست و ئەنجامی باش پێشکەش بکەن، سوپاسی بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێریش دەکەین، کە لەم پاڵەوانێتییەدا پاڵپشتی تەواوی کردین و هەموو پێداویستییەکانی بۆ دابین کردین، بەڵێنی ئەوەشیان داوە کە لە پاڵەوانێتییەکانی داهاتووش لە یارمەتیدانمان درێغی ناکەن، ئێمەش بڕوامان بە تیپەکانمان هەیە کە ئاست و ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنن».

دەردەچێت، ئەوان لەسەر حیسابی خۆیان تیپەکە بەڕێوە دەبەن، بە هەموو شێوەیەك پاڵپشتن و خۆشمان هیچ گرفتێکمان نییە لە یانەکەماندا، سەرجەم تیپەکان بە ڕکابەری خۆمان دەزانین ئەگەر بمانەوێت ببینە پاڵەوان، دەبێ لە سەرجەم یارییەکاندا ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین، چونکە یارییەکان بە سیستمی چوون و هاتنە، هەموو تیپەکان زۆر باش و ئاست بەرزن و، گرنگە ئێمە یارییەکان بە هەستیارییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی گەورەتر بەدەست بهێنین.

فۆتۆ: یاسین



# خەوزڕان لە منداڵدا

خەوزڕان دوچاری منداڵیش دەبێت لە تەمەنی پێنج ساڵ و بەسەرەوە، بە شێوەی گرفت لە چوونە خەو و چەند جارێك بێداربوونەوە لە شەودا، کە لەوانەیە تا پاش تەمەنی پێگەیشتن بەردەوام بێت. نیشانە باوەکانی خەوزڕان لە منداڵدا بریتییە لە: هەستکردن بە دڵتوندی و بێزاری، زووهەڵچوون و تووڕەبوون، کەمبوونەوەی ئاستی تەرکیز، زیادبوونی چالاکیی بەدەنی، نارەحەتیی دەروونی، گرفت لە بیرهاتنەوەدا، هەروەها گۆڕانی مەزاج Mood. هۆکارەکانی خەوزڕان لە منداڵدا بریتین لە: درەنگ خەوتن، لەبەر هۆکاری جیاواز، بەتایبەتی دواختنی ئەرکی ماڵەوە لە قوتابییاندا، سەیرکردنی تەلەڤزیۆن، یان یاریی ئەلیکترۆنی و زیاد بەکارهێنانی مۆبایل، خواردنەوەی شلەمەنییە کافائینییەکان، بەتایبەتی پاش کاتژمێر شەشی ئێوارە، پەستی، خەمۆکی، سترێس، ڕەبو، ئەکزیما، یان خورشتی پێست، ئۆتیزم، گرژبوونی کۆڵۆن، لەگەڵ زیانی لابەلای بەکارهێنانی هەندێك جۆری دەرمان. لە کۆتاییدا پێویستە کە دایك و باوکان درك بەمە بکەن کە منداڵ لە تەمەنی٦-١٣ ساڵیدا، شەوانە پێویستی بە ٩-١١ کاتژمێر نووستن هەیە و، نەوجەوانان پێویستیان بە ٨-١٠ کاتژمێر نووستن هەیە.




# باشترین کات بۆ خواردنی ژەمی ئێوارە

کوالیتی و کاتی ژەمەکانی خواردن گرنگیی زۆریان هەیە، کە باس لە کاتی گونجاو بۆ خواردنی ژەمی ئێوارە دەکرێت، مەسەلەکە بەندە بە حاڵەتی کەسی و ئامانجە تەندروستییەکانەوە، بۆنموونە بۆ دابەزاندنی کێشی لەش، بەپێی لێکۆڵینەوەکان وا باشترە کە ژەمی ئێوارە پێش کاتی رۆژئاوابوون بێت، واتە پێش ئەوکاتەی کە لەش هۆرمۆنی میلاتۆنین دەربدات، کە هاندەرە بۆ هەستکردن بە بۆرژان، لەوکاتەی کە داوخستنی ژەمی ئێوارە کە مێشك خۆی بۆ نووستن ئامادە دەکات، هاندەرە بۆ زیادبوونی چەوری لە لەشدا، هاوکات لەگەڵ شێواندنی ریتمی سرووشتیی کاتژمێری بایۆلۆژیی لەش Circadian rhythm کە پەیوەندی بە زیاد وەرگرتنی کۆی کالۆریی رۆژانە هەیە لە خۆراکەوە، کە دەرەنجام دەبێتە هۆی زیادبوونی کێشی لەش. بۆ کەسانی تووشبوو بە گەڕانەوەی ترشەڵۆکی گەدە Acid reflux واباشە کە ژەمی ئێوارە بە لای کەم سێ کاتژمێر پێش پاڵکەوتن بۆ نووستن بێت، تا بوار بە کۆئەندامی هەرس بدرێت، بۆ هەرسکردنی دوا ژەمی خۆراك بە مەبەستی رێگرتن لە گەڕانەوەی ترشەڵۆکی گەدە بۆ بەشی خوارەوەی سوورێنچك لەکاتی نووستندا، کەواتە بەگشتی واباشترە کە ژەمی ئێوارە لە نزیك کاتی رۆژئاوابووندا بێت.






# دەستنیشانکردنی کۆڤید ١٩ بە تێستی هەناسە



تێستی هەناسە Breath test بۆ دەستنیشانکردنی کۆڤید١٩ڕێگەیەکی نوێیە، زۆر هەستیارە و لە ماوەی تەنیا چەند خولەکێکدا ڤایرۆسی کۆرۆنا دەستنیشان دەکات، لەوکاتەی کە تێستەکانی دیکەی وەکو PCR یان RAT کاتی زیاتریان دەوێت بۆ دەرکەوتنی ئەنجامەکان. کۆڤید١٩ هەوکردنێکی ڤایرۆسییە بەرێگەی هەوادا دەگوازرێتەوە، ڤایرۆسی کۆڤید١٩ بەرێگەی پرۆشکە وردەکانی کۆئەندامی هەناسە لەکاتی هەناسەدانەوە، قسەکردن، کۆکە، یان پژمیندا لە کەسی تووشبووەوە بە دەوروبەردا بڵاودەبنەوە. لە توێژینەوەیەکی نوێدا، پسپۆران جەختیان کردووەتەوە کە بە تێستێکی سادەی هەناسە، دەتوانرێت کۆڤید١٩ دەستنیشان بکرێت. فووکردنی چەند هەناسەیەك کە پرۆشکی زۆر ورد لەخۆ دەگرێت، بەسە بۆ دەستنیشانکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کۆئەندامی هەناسەدا، چونکە توێژەرانی زانکۆی گۆتنبێرگی سویدی جەخت لەمە دەکەنەوە، کە ڤایرۆسی کۆرۆنا کە ڤایرۆسێکە لە جۆری RNA لە کاتێکی زۆر زوو پاش تووشبوون، لە ناو پرۆشکەکانی کۆئەندامی هەناسەدا بەدی دەکرێت، کە تیرەکەیان لە پێنج مایکرۆمەتر کەمترە.

# به پیادەڕۆیی ژیانت درێژتر دەبێت!

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی گەورەی فەرمیی ئەمریکیدا هاتووە، کە پیادەڕۆیی ڕۆژانە لە تەمەنی ٤٠ساڵی و بەسەرەوەدا ئەگەری مردن بە هەموو هۆکارەکانی نەخۆشی لە ١٠ ساڵی پاشتر کەم دەکاتەوە. لە لێکۆڵینەوەکەدا باسی ئەمە کراوە کە ئەوانەی ڕۆژانە پیادەڕۆیی (١٢،٠٠٠) هەنگاو ئەنجام دەدەن، جا پیاو یان ئافرەت و لە هەر تەمەنێکدا بن، ئەوا ئەگەری مردنیان بە نەخۆشیی جۆراوجۆر تا ٦٥٪ کەم دەبێتەوە، کە نەخۆشییەکانی شێرپەنجە و کۆئەندامی دڵ و سووڕانیش دەگرێتەوە، هەروەها پیادەڕۆیی ڕۆژانە بۆ ٨،٠٠٠ هەنگاو ئەم ئەگەرە تاڕێژەی ٥١٪ کەم دەکاتەوە. ئەمەش ڕوونکراوەتەوە کە پیادەڕۆیی هەنگاوێکی کاریگەرە بۆ دابەزاندنی کێشی لەش و باشترکرنی فرمانەکانی مێشك، لەگەڵ باشترکردنی توانای لەش بۆڕاگرتنی هاوسەنگیی فیزیکی لە زۆربەی جوولە و چالاکییە جەستەییەکاندا. پسپۆڕان جەخت دەکەنەوە کە هەر چەند زیاتر بجووڵێینەوە و کەمتر دابنیشین، ئەوا تەندروستتر و ژیانێکی درێژترمان دەبێت.








# جێگرەوەکانی شیر بۆ دابینکردنی کالسیۆم

ئەوەڕوونە کە شیر جگە لە گەلێك ماددەی گرنگ، سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە بۆ کالسیۆم، بەڵام بۆ ئەو کەسانەی کە لەبەر هەر هۆکارێك شیر ناخۆنەوە، پێویستە کە بە خۆراکی دیکەی وەکو جێگرەوە بڕی پێویستی کالسیۆمی ڕۆژانە دابین بکەن، ئەم خۆراکە جێگرەوانە بریتین لە: ماسی سالمۆن، یان ماسی ساردینی تازە، یان قوتووکراو Sardines کە دەوڵەمەندن بە کالسیۆم، بۆنموونە: قوتوویەك ماسیی ساردین نزیکەی ٢٧٪ی پێویستیی ڕۆژانەی کالسیۆم بۆ کەسانی پێگەیشتوو دابین دەکات، سەوزە گەڵا تاریکەکانی وەکو سڵق و سپێناغ، کەڕێژەیەکی بەرزی کالسیۆم لەخۆ دەگرن، ماست کە بە باشترین جێگرەوەی شیر دادەنرێت بۆ دابینکردنی کالسیۆم، پەنیر کە زۆربەی جۆرەکانی دەوڵەمەندن بە کالسیۆم، پاقلەی سۆیا Soy-abeans بۆ نموونە: ڕێژەی کالسیۆم لە کوپێك پاقلەی سۆیادا دەگاتە نزیکەی ١٩٪، پاقلەمەنییەکان و نیسك کە دەوڵەمەندن بە کالسیۆم و پرۆتین و زینك و مەگنسیۆم، هەندێك جۆری میوە وەك: پرتەقاڵ، ئەناناس، میوەی پاپایا Papaya، کیوی و، قەیسی.









# ئەو خۆراکانەی هاندەرن بۆ دڵەکزێ

دڵەکزێ Heartburn باوترین نیشانەیە بۆ گەڕانەوەی ترشەڵۆکی گەدە بۆ بەشی خوارەوەی سووریێنچك GERD، کە تووشبوو زۆر نارەحەت دەکات بە شێوەی هەستکردن بە سووتانەوە و ئازار لە بەشی خوارەوە و ناوەڕاستی سینگ تا دەگاتە دەم. لە حاڵەتی ئاساییدا، ترشەڵۆکی گەدە ناگەڕێتەوە ناو سووریێنچك، چونکە زمانەیەك وەکو ئەڵقە لە نێوان گەدە و سووریێنچکدا هەیە کە پێی دەوترێت زمانەی خوارەوەی سووریێنچك LES، کە بەردەوام داخراوە و تەنیا لەکاتی قووتدانی خۆراك، یان شلەدا دەکرێتەوە، تێکچوون یان سستبوونی ئەم زمانەیە هۆکارە بۆ گەڕانەوەی ترشەڵۆکی گەدە، گەلێك خۆراك هاندەرن بۆ پەیداکردنی دڵەکزێ، یان سەختترکردنی حاڵەتەکە، بۆنموونە: خۆراکی چەور وەك پیتزا و خۆراکی سوورکراوە لە زەیت، کە هاندەرن بۆ دەردانی خوێیەکانی زەرداو Bile salts کە هۆکارن بۆ سووتانەوەی ناوپۆشی سووریێنچك، هەروەها نەعناع، شیرەی میوە مزرەکان، شوکولاتە کە زمانەی خوارەوەی سووریێنچك خاودەکاتەوە، خۆراکی تیژ چونکە دەبێتە ئەگەری سووتانەوەی ناوپۆشی سووریێنچك، پیاز بەتایبەتی پیازی خاو، خواردنەوە ئەلکهولییەکان کە هاندەرن بۆ خاوکردنەوەی زمانەی سووریێنچك، خواردنەوەی کافینییەکان، بەتایبەتی قاوە، سۆدا و خواردنەوە کاربۆکراوەکان (گازییەکان) کە دەبنە هۆی سستبوونەوەی زمانەی خوارەوەی سووریێنچك.



# راوتەری گەیمینگی چواربانده بەرهەم هات



جیهان بەرەو کوێ هەنگاو دەنێ؟ پرسیارێك هەموو رۆژێ دووپات دەبێتەوە. خێرایی ئەنتەرنێت دەگاتە کوێ؟ هەر رۆژە ئامێرێك دێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خێرایی ئینتەرنێت. راوتەری چواربانده‌ی گەیمینگی ئاسۆس هەنگاوێکی گرنگە و یەکەم راوتەرە لە جیهاندا کە بە شێوەی چواربانده و بە خێرایی wi-fi6E وەڵام بداتەوە.

راوتەرەکە بە ROG Rapture GT-AXE16000 ناسراوە. بەهۆی راوتەرەکە بە ئاسانی دەتوانی ڤیدیۆکانی کە بەکوالیتی 8K تۆماردەکرێن وەربگری. یان ئەو گەیمانەی بە شێوازی VR واتە واقیعی- مەجازی بەرهەم دێن سوود وەربگری.

راوتەرەکە دوو کەلێنی ١٠ گیگابایتی، یەك کەلێنی ٢,٥ گیگابایتی لە جۆری WAN و چوار LANی هەیە. دەتوانی لەیەك کاتدا دوو هێڵی ئینتەرنێتی بۆ بهێنی.



# لاپتۆپێک بە دوو شاشەوە

کۆمپانیای لینۆڤۆ لاپتۆپی جۆری ThinkBook Plus Gen 3 بەرهەم هێناوە کە لە یەك کاتدا دوو شاشەی هەیە، شاشەیەکی ئاسایی وەك هەر لاپتۆپێك و شاشەیەکی بچووکی دیکە لە خوارەوە لە بەشی کیبۆرد. لاپتۆپەکە شاشە ئاساییەکەی ١٧,٣ ئینجە. لە لاپتۆپێکی ئاسایی گەورەترە و زۆرتر بۆ ئەوانەی کاری گرافیك دەکەن گونجاوە. شاشەکەی بچووکی دیکەشی هەیە کە ٣ ئینجە لە پەنای کیبۆردەکەیە. شاشە بچووکەکە بە قەڵەمێکی تایبەت دەکرێ لەسەری بنووسرێ و داتاکە بگوازرێتەوە بۆ شاشە گەورەکە. دەکرێ وەك حاسیبەکیش سوود لە شاشە بچووکەکە وەربگیرێت. هەروەها دەکرێت وەك کلیلی کۆی فەرمانەکانی لاپتۆپەکەش دابندرێت. هەروەها دەتوانرێت ئاپەکانی سەر مۆبایلی ئەندرۆید بۆ سەر شاشە بچووکەکە بگوازرێنەوە.

لاپتۆپەکە رامەکەی ٣٢ گیگابایتە و داتاگەکەی یەك ترایە.



# کتێب خوێن و دەفتەری یادداشتی ئەلکترۆنی

لە پێشانگای ساڵانەی MWC 2022ی ئەمساڵدا کە تایبەتە بە خستنەڕووی ئامێرەکانی وەك مۆبایل و کۆمپیوتەر، Huawei کتێبخوێنێکی تایبەتی خستەڕوو کە بە paper واتە کاغەز ناسراوە. ئەم کتێبخوێنە رکەبەرێکی بەهێزی کیندڵی ئامازۆنە. کتێبخوێنەکەی هواوی دەکرێت وەك دەفتەری نوتی بووك واتە یادداشت هەڵگرتنەوەش سوودی لێوەربگیرێت.

کتێبخوێنەکە بە جۆرێك دروستکراوە کە پشتەوەی لووس نییە و لە هیچ شوێنێك مەترسی کەوتنە خوارەوە و خلیسکانی نییە.

شاشەکەی ١٠,٣ ئینجە. باترییەکی بەهێزی هەیە کە هەتا مانگێك شەحنەکەی دانابەزێت. لەگەڵ book shop ی هواوی دەگونجێت کە زیاتر لە ٢ ملیۆن کتێبی تێدایە. رامەکەی ٤ گیگابایتە و داتاگەکەی ٦٤ گیگابایت. لە سیستەمی وای-فای ٦ سوود وەردگرێ. کێشی ٣٦٠ گرامە. هەستەوەری پەنجەمۆری لە ژێر دوگمەی پاوەری دایە. هەروەك لەناوەکەی را دیارە paper واتە کاغەز، بەکارهێنەر بەراستی هەست بەوە دەکا کە کاغەزێکی لە ژێر دەستدایە. لەگەڵ ئەوەیدا بۆ کتێب خوێندنەوەیە، بەڵام دەکرێت ڤیدیۆ و وێنەیشی پێ سەیر بکەی.

# کامێرایەکی گۆ شێوە و تایبەتمەندییەکانی

کامێراکانی گۆ شێوە، بۆ وێنەگرتنی یا فیلمی گرتنی چوارلایی واتە پانۆرامایی دەگونجێن. ئەم تۆپە بچووکە کە بە Sphericam ناسراوە، کامێرایەکی تایبەتە و لە یەك کاتدا وێنەی فیلمی ٣٦٠ پلەیی بە کوالیتی 4K دەگرێت. ڤیدیۆکان دەکرێت بە سیستەمی VR سەیر بکرێن. کامێراکە لەبەر بەربوونەوە و زەربە پێکەوتن لە ئەلەمینیۆم دروستکراوە. کامێراکە شەش چاوی هەیە، هەرکام لە چاوەکان هەستەوەری تایبەت بەخۆی هەیە. فیلمەکان بە خێرایی ١,٢ گیگابایت لە چرکەدا لە میمۆریدا تۆمار دەکرێن. لە یەك کاتدا شەش میمۆری کارت دەخوێنێتەوە. توانای تۆمارکردنی ٧٦٨ گیگابایتی هەیە.






# وێبکەمی جۆری Anker PowerConf C300

ئەگەر کارێکی ئاسایی دەکەی و چات و گفتوگۆکانت لە بازنەیەکی کەمدایە، بێگومان هەر کامێرای خودی لاپتۆپەکە بەسە، بەڵام ئەگەر نیازت هەیە گفتوگۆ و چات بەمەبەستی کۆڕ یا بەشداریکردن لە کۆنفرانس و خولێکی راهێنان و فێربووندا بکەی، ئەوە دەبێت وێبکەمێکی باشت هەبێت. وێبکەمی جۆری Anker PowerConf C300 بۆ ئەم مەبەستە زۆر گونجاوە.

وێبکەمەکە فول ئیچ دییە. تەنانەت دەتوانێ ڤیدیۆی بە خێرایی ٦٠ فرێم لە چرکەیەکیشدا تۆمار بکا. بەکارهێنەر بەویستی خۆی دەتوانێ مەودای دیدی زیاد و کەم بکا.




## مایکرۆسکۆپی مۆبایل

دوور نییە پاش چەند ساڵی دیکە مۆبایلەکانتان شوێنی زۆربەی ئامێرەکانی دیکە بگرێتەوە، هەرچەندە ئێستاش زۆر ئەرکی دیکە سەرەڕای پەیوەندی ئەنجام دەدا. ئێستا نیاز هەیە وەك تاقیگەیەکی جەستەیی گەڕۆك سەیر بکرێ، بۆ نموونە، فشاری خوێن، ڕێژەی هەڵمژینی ئۆکسیجێن، سووتانی کالۆری، چاودێری خەو...تاد. هەندێك ئەرکی دیکەش کە گشتگیر نەبوونە بەڵام پێدەچێ گشتگیر ببن، وەك زانینی ڕێژەی شەکر لە جەستەدا و هەروەها نازۆری جەستەش.

ئەو ئامێرەی دەبینن، ناوی TinyScope ە، ئەوە مایکرۆسکۆپێکە تایبەت بە مۆبایل، بۆ ناسین و زانیاری لەبارەی زیڕ، کانزا گرانبەهاکان و ئەو شتانەی کە بە چاوی ئاسایی نابیندرێن.

مایکرۆسکۆپەکە بچووکە، کێشی کەمە، بۆ هەموو شوێنێك دەگونجێت. هەتا ٤٠٠ بەرابەر گەورە دەکاتەوە. لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس دەگونجێت. بۆ کاغەز، ئاو و شلەمەنی، ڕووەکان، پارچە، کانزا گرانباییەکان دەگونجێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت ئایا دەکرێت لە ڕێگەی کێبڵی مۆبایلەوە ئینتەرنێت بدەمە لاپتۆپەکەم؟**

بەڵێ خوێنەری بەڕێز. ئەم ڕێگایە بەر لە سیستەمی وای-فای و بلوتوس زۆر باو بوو. ئەم شێوازە بەمجۆرە دەکرێ. دوای ئەوەی بە کێبڵ پەیوەندی نێوان لاپتۆپ و مۆبایل دامەزرا، لە لاپتۆپەکەدا بچۆ سەر ئەم بەشە Settings > Network & internet > Hotspot & tethering و دواتر پەنجەرەیەك دەکرێتەوە و لەوێدا بچۆ سەر ئەم بەشە USB tethering، پەیامێك بۆ مۆبایلەکەت دێ کە پەیوەندی داتایی لە نێوان مۆبایل و لاپتۆپەکە نامێنێ، ئیزن دەدەی؟ فەرمانی بەڵێ دابگرە. دوای ئەوە ئینتەرنێتی مۆبایلەکەت لە ڕێگەی کێبڵەوە بۆ لاپتۆپەکەت دەگوازرێتەوە و خێراییەکی باشی هەیە.

## پرۆگرامێک بۆ نیشاندانی فیلمی 4K

هەتا ئێستا لە ناساندنی پرۆگرامەکاندا، دەیان پرۆگرامی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی فایلی ڤیدیۆیی و دەنگی ناساندووە. بەڵام جیهانی تەکنەلۆژیا و لەپاڵ ئەویشدا جیهانی فۆرماتە ڤیدیۆیی دەنگییەکان زیاتر دەبن، بۆ نموونە چەند ساڵ لەمەوبەر فۆرماتی 4K یا 3D نەبوو، کەچی ئێستا ئەوانەش هەن بۆیە پێویستیان بە پرۆگرامی تایبەتە.




پرۆگرامی DVDFab Player یەکێك لەو پرۆگرامانەیە کە پشتیوانی لە زۆربەی فۆرماتە باوەکان دەکا و لەگەڵ ئەوەیدا لەکاتی نیشانداندا بەشێوەیەکی گرافیکی سەرنج ڕاکێش فیلمەکان نیشان دەدا. فیلمە 4K و 3Dکان دەکاتەوە. هەروەها DVDیە بلورییەکان دەکاتەوە. نوێترین تەکنەلۆژی دەنگی بە شێوەی Dolby Atmos هەیە.



# لاپتۆپ- تەبلێتی هواوی و تایبەتمەندییەکانی

هواوی ئەگەرچی وەك سامسۆنگ و ئەپل مێژوویەکی لەمێژینەی لە بواری بەرهەمهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان نییە، بەڵام لەو ماوەیەدا هەوڵیداوە خۆی بێنێتە ریزی یەکەمەکان. ئەویش نەك لەبەر لەسەروو بوونی تەکنەلۆژیاکە، بەڵکو لەبەر هەرزانی کەلوپەلەکانی.

لەم ماوەیەدا هواوی نوێترین لاپتۆپ، تەبلێتی خۆی بەناوی Matebook E لە پێشانگای MWC2022ی ئەمساڵ خستەروو. شاشەی تەبلێت- لاپتۆپەکە لە جۆری OLEDیە. قەوارەکەی ۱۲،٦ ئینجە. پێنووسی زیرەکی تایبەت بەخۆی لەگەڵدایە. لاپتۆپەکە بارستاییەکەی تەنیا ۸ ملمە. یەکەی لێکدانەوەی Core i7، رامەکەی ۱٦ گیگابایتە. داتاگەی لە جۆری SSDیە و ٥۱۲ گیگابایتە.

بەکارهێنەر دەتوانی وەك تەبلێتیش سوودی لێوەربگرێ. چوارسپیکەری هەیە و سیستەمی دەنگی زۆر باشە.



## ماڵپەڕێك بۆ دۆزینەوەی ناو بۆ کۆمپانیا و نووسینگەکان

گەلێك جاران، کە پرۆژەیەکی نوێت هەیە، یا نیازت هەیە بۆ کۆمپانیا یا نووسینگە یا هەر شوێنێکی بازرگانی و پیشەیی ناوێك هەڵبژێری، تووشی کێشە دەبی، نازانی ئەو ناوەی کە هەڵیدەبژێری، پێشتر کۆمپانیایەکی دیکە هەڵیبژاردووە؟ یا ناوێکی وەك ئەوە هەیە.

بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، سەر لەماڵپەڕی https://knowem.com/ بدە، لەو ماڵپەڕەدا بە ئاسانی ناوی دڵخوازی خۆت و نزیك لە ویستی تۆ دەدۆزێتەوە، هەروەها ئاگادارت دەکاتەوە کە ئەو ناوەی تۆ دیارت کردووە، ناوی لەم شێوەیە هەیە، یا نا؟ ئەگەر هەیە لە چ بوارێکدایە. ماڵپەڕەکە پەیوەندی هەیە لەگەڵ زیاتر لە ۱٥۰ تۆڕی کۆمەڵایەتی و هەروەها زیاتر لە ٥۰۰ ماڵپەڕی تایبەت بەم بوارە.



## داتاشۆیەکی تایبەت بۆ منداڵان

داتاشۆ یا ڤیدیۆ پرۆژکتەرەکان بۆ نیشاندانی داتاکان لەسەر دیوار یا پارچەیەکی سپی سوودیان لێوەردەگیرێ، لەم سەردەمەدا شوێنی سینەمای گرتۆتەوە. داتاشۆکان هەمیشە بۆ گەورەکانن و منداڵان سوودێکی ئەوتۆی لێنابینن.

کۆمپانیای ئامازۆن، داتاشۆیەکی تایبەتی بۆ منداڵان بەناوی Ama-zon Glow بەرهەم هێناوە. داتاشۆیەکە پارچەیەکی تایبەتی لەگەڵدایە کە لەگەڵ یەك پەیوەند دەدرێن و منداڵان دەتوانن، نە تەنیا چاو لە فیلمی تایبەت بەخۆیان بکەن، بەڵکو دەتوانن یاری ئەلکترۆنیش بکەن. مەودای نیشاندانی داتاشۆیەکە ۸ ئینجە. بۆ پەیوەندییە ڤیدیۆییەکانیش گونجاوە، منداڵ دەتوانێت وانەی ئۆنلاینی لەسەر بخوێنێ. منداڵان دەتوانن بە هاوکاری داتاشۆ وپارچە سمارتەکە، وێنە بکێشنەوە و بە قەڵەمی تایبەت رەنگیشی بکەن.



# شێوازەکانی چێککردنی برۆ

ماکیاژ و ئامادەکاری لە هەنگاوەکانی جوانکردن و شیککردنی ڕوخساردا، گرنگترین ڕێکارن تا ڕوخسارێکی گەش و سەرنجڕاکێشت هەبێت، چاو و برۆت، دەروازەی جوانیتە، بۆیە گرنگیپێدانیان تا چەند زیاتر بێت، هێشتا دەبێ کاری لەسەر بکەیت، مۆدەکانی نەخش و ستایلی برۆ چەندین جۆریان هەیە، بەڵام گرنگە بتوانیت ئەو جۆر و شێوازە هەڵبژێریت کە لەگەڵ ڕوخسارتدا گەنجاوە.

لێرەوە ئاشنای مۆدەکانی برۆ بە، سەرەتا بە برۆی هێڵی ڕاست دەست پێ دەکەین، کە مۆدێکی کلاسیکە و سەرنجڕاکێشتر و باوترین شێوازی برۆیە، بۆ ئەوانەش گونجاوە کە ڕوخساریان خڕ و بازنەییە، برۆی بەرز یان دەستکاریکراو، واتا ئەو جۆرە برۆیەی کە بەرەو سەرەوە دەچێت، بەتایبەت لە هێڵی کۆتایی برۆدا، بەڵام مەرجە لە ناوەڕاستەوە کەوانە بێت، ئەو مۆدە لە ساڵانی نەوەدەکانەوە باو بوون، بەڵام لە ئێستادا کەمترە، شێوازی برۆی سرووشتی بۆ ئەوانەیە کە حەز بە دەستکاریی برۆیان ناکەن، زیاتر لە شێوەی سرووشتی خۆی دەچێت، تەنیا دەستکاریی بەشی دەرەوەیان دەکرێت، شێوازی برۆی ئەستوور و پان، مۆدێکی نایابە و لەلایەن خانمانی نمایشکار باوە، کە داواکاریی زۆری لەسەرە، بۆ ئەوانە گونجاوە کە شێوەی ڕوخساریان باریکە، ئەویش بۆ ئەوەی یەکسانییەك لە شێوەی ڕوخسارياندا دروست بکات.

# هەنگاوەکانی بۆنخۆشکردنی ناوماڵ





بۆن خۆشیی ماڵ یەکێکە لە دەسترەنگینی و کارامەییت وەك ڕێکخەری سەرەکی و ڕازێنەری یەکەمی ماڵ، هەوڵ بدە هەمیشە ماڵەکەت بە بۆن خۆشی بەناوبانگ بێت، چونکە ئەگەر دیکۆر و کەرەستەیەکی نایاب و بەرزیشت هەبێت، بەڵام کاتێك میوانان و دەستەخوشکانت گلەیی لە بۆنی ناخۆشی ناوماڵەکەت بکەن، ئەو کاتە دەبێتە جێگەی، لەم وەرزەی ئێستادا کە زۆربەی کات دەرگا و پەنجەرەکان دادەخرێن، بەمەش بۆن و دووکەڵی ئامێرەکانی گەرمکردنەوە لە ناوماڵدا بڵاو دەبنەوە و کەرەستەکان بۆن دەگرن، بەتایبەت فەرش و مۆکێت و ڕایەخەکان، بۆیە ئەگەر هەستت کرد بۆنی ماڵەکەت ناخۆشە و بە دڵت نییە، مەشڵەژێ و بە هێمنی بۆ لەناوبردنی بۆنەکە بەم چەشنە مامەڵە بکە: سەرەتا ئەو شوێنەی بۆنی هەیە، هەندێك خوێی بەسەردا بکە، دوای ٣٠ خولەك پاشان بە گسکی کارەبایی پاکی بکەرەوە، دەبینیت کە بۆنەکە نامێنێت، هەندێك کاتیش بەکارهێنانی شلە بۆندارەکان و موعەتەر کاریگەریی کاتی لەسەر لەناوبردنی بۆنەکان دەکات، هەروەها کردنەوەی دەرگا و پەنجەرەکان لە بەیانیاندا، وا لە بۆنەکە دەکات کە بچێتە دەرەوە، بۆنی لیمۆ و نەعناع بۆ بۆنخۆشکردنی مۆکێت و فەرشەکان گونجاون، یان ئەگە هیچ بۆنحۆشکەرێکت لە بەردەستدا نەبوو، دەتوانیت لە ڕێگەی لیمۆ و ئاوەوە شلەیەك بگریتەوە و بۆ ماوەی پێنج خولەك بەو شوێنانەدا بیرشێنە کە بۆنی ناخۆشیان گرتووە.

# لە هەڵبژاردنی دەستە جلەکان کارامە بە



دوودڵی مەکە لە پۆشینی جلی هێڵکار و نەخشدار و، وا هەست مەکە جلێکی ئاساییە و تەنیا گاڵتە جارەکان دەیپۆشن، بەڵکو لە هاویندا جلێکی نایابە لە جوانیدا، بەتایبەت ئەگەر نەخش و دیزاینەکەی گوزارشت لە سرووشت و باڵندەکان بکات، لە جلی ڕەنگاوڕەنگ دوور مەکەوە، مەرج نییە چەند ڕەنگێك بێت، بەڵکو لە هەموو ڕەنگەکان نزیك بە، گۆڕانکاری لە ڕەنگی جلەکانیشدا بکە، وەك ئەوەی قەمیس و بۆدی لە چەند ڕەنگێك بێت، یان تاك ڕەنگ بێت. لەگەڵ مۆدە تازەکاندا بڕۆ، ئەگەر جلێکی هەرزانیشت دەستکەوت، پێویست ناکات نیگەران بیت و شك لە جوانییەکەی بکەیت، بەڵکو تۆ جلەکە جوان دەکەی نەوەك جلەکە تۆ جوان بکات، بۆیە پایە بەرزی بکە و بیپۆشە، با جلەکانت لە مۆدەوە تێکەڵ بێت، واتە مۆدی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی پێوە دیار بێت، بۆنموونە دەتوانیت کاوبۆیەکی جینز لەگەڵ قەمیسێکی کراوە لەبەر بکەیت، بەمەش دوو مۆدە کۆ دەکەیتەوە کە یەکێکان ڕۆژئاواییە و ئەوەی دیکە ڕۆژهەڵاتی، ستایلی شیك هەڵبژێرە و هەوڵ بدە زیاتر لەگەڵ شێوە و لەشولارت بگونجێت، لە نەریت و ڕێسای گشتی لامەدە، بەڵکو با جلێك بێت لەگەڵ خۆت و کەسایەتیت گونجاو بێت، ئەو جۆرە جلەش لەبەر بکە کە گوزارشت لە ناخ و هەستت دەکات.

ئەگەر خاوەن پیشە و کاریت، یان قوتابی زانکۆیت، با جلەکەت لە نێوان سادەیی و شیك بووندا بێت، هەوڵ مەدە جلەکانت ڕەنگاورەنگ بن، بەڵکو وا جوانترە کە ستایلێکی فەرمی و تایبەتی پێوە دیار بێت، کە گونجاو بێت لەگەڵ دەوروبەرت.



# چوارگۆشەی زێڕ

نیکۆلاس کاستیلۆ، هونەرمەندی ئەڵمانی کە هەردەم بە سەرکێشیە سەیرەکانی زۆربەی ناوچە و وڵاتانی جیهان سەرسام دەکات، دواجار چوارگۆشەیەکی لە زێڕ دروست کراوی لە شوێنێکی گشتی داناوە، کە کێشی ١٨٦ کیلۆگرامە و لە زێڕی عەیار ٢٤ دروست کراوە، وەك خۆی دەڵێت: «بۆ ئەوەی خەڵك لە نزیکەوە جوانی و گرنگیی زێڕ بزانن، ئەو کارەم کردووە»، زێڕ مانای کانزای تاهەتایی و هێمای ڕەنگی خۆر و خێر دەبەخشێت، کارەکەی بە ناوی (The Castello CUB)ە و، ماوەی دروستکردنی ئەو چوارگۆشە لەزێر دروستکراوە (٤٥٠٠) کاتژمێری خایاندووە، جگە لەوەی لە باخچەی سێنترال پارك لە شاری نیویۆرکی ئەمریکی بۆ نمایش دایناوە، هەروەها سەرکێشییەکی سەیریشی کردووە، ئەویش ئەوەیە کە هەرکەسێك بتوانێت چوارگۆشە زێڕەکە هەڵبگرێت، بە دیاری پێشکەشی دەکرێت.

## کوللەکان جیهان داگیر دەکەن





بە هەزاران و بگرە ملیۆنان کوللە خەریکن زۆربەی ناوچە و شارە گەورەکانی ئەفریقیا داگیر دەکەن، دواجار ڕێژەیەکی زۆری کوللە هێرشیان کردە سەر وڵاتی کینیا و چەندین شوێنیان داگیر کرد، پێشتر ئەو کوللانە لە نێو زنجیرە چیاکانی ئەو وڵاتە دەژیان، بەڵام بەم دواییە هاتوونەتە نێو شارەکان و هێرشەکانیان بەرەو کێلگە کشتوکاڵییەکان چڕ کردووەتەوە، و هەرچی بکەوێتە بەردەمیان دەیخۆن، تەنانەت ژیانیان لە خەڵکی ناوچەکەش تێك داوە، بۆیە داوای هاوکارییان لە نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە تا چارەسەری ئەو گرفتەیان بکەن، جگە لەوەی ساڵانە بڕێکی زۆریان ڕاو دەکرێن و بۆ وڵاتانی چین و ژاپۆن دەنێردرێن، تا بکرێنە خواردن، بەڵام ژمارەیان هێندە زۆرە کە لە بن نایەن، پسپۆڕانی باڵندە و خشۆکەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە نەمانی خواردن لە شوێنی ئەو کوللانە وای کردووە کە کۆچ بکەن.





# تەسبێح
# خشڵێکی سەرنجڕاکێش و گرانبەها لە کوردستان



لە دێر زەمانەوە پیاوان تەسبیحیان وەك خشڵ و کەرەستەیەکی پێویست و گرنگ لە دەست و مەچەکیان ئاڵاندووە، یان بۆ زیکر و هەندێك جاریش بۆ جوانی هەڵیدەگرن. لەگەڵ نزیکبوونەوە لە وەرزی بەهار و نەورۆز، ئەو خشڵە خواستێکی زۆری دەکەوێتە سەر و نرخیشی بەرز دەبێتەوە، بە جۆرێك تا (٢٥٠٠) دۆلار (٢٥)وەرەقە دەڕوات، ئەو نرخەش بۆ ئەو تەسبیحانەیە کە کوالیێتیان زۆر باشە و لە ماددەی ڕەسەن دروست کراون، لەم بارەیەوە (موحەمەد عوسمان) کە کاری فرۆشتنی تەسبیح دەکات و ساڵانێکی زۆرە ئەو کارە دەکات، دەڵێت: تەسبێح چەندین جۆریان هەن، بەڵام ئەوەی باوە لە ناو کورددا تەسبیحی قەزوان و کارەبایە، ئەوەی باوە لە (٣٠٠) دەنك زیاتر پێك دێت و درێژیشی لە نیو مەتر زیاترە، لاسورە و لاڕەشەی ئەسڵی هەن، کە بەشێوازێکی دەستڕەنگینیی کوردەواری دروست دەکرێن، ئەوانە تا حەوت سەد دۆلار(٧) وەرەقە وهەندێك جار زیاتریش دەڕوات، جەماوەری تەسبیح هەمەجۆرن، هەم گەنجان و هەمیش پیاوانی بە تەمەوە داوای دەکەن، ئەوەندەی من ئاگادار بم تا ئێستا گرانترین تەسبیح بە ناوی کارەبا بە ٢٥ وەرەقە فرۆشراوە، ئێستاش کە بەرەو جەژنی نەوروز دەچین، تەسبیحی قەزوان لەگەڵ جلی کوردی زۆر بە جوانی دەگونجێت و بازاڕی گەرم دەبێت. ڕەنگی تەسبیحی قەزوانی لاسوورە باوی هەیە و خەڵك زۆر داوای دەکات، هەشە پلاستیکە، کە بە نرخێکی زۆر هەرزان دروست دەکرێت و، لە ڕواڵەتدا وەك جۆرە گرانەکەیە، هەندێك جار خەڵك بۆ دیاری بۆ خۆشەویستانیان گرانترین تەسبیح دەکرن، هەمیشە بازاڕی تەسبیح جمەی دێت و خەڵکێکی زۆر هەواداری ئەو خشڵەیە.









# کاریکاتێر

باسی لەناوچوونی کۆرۆنا دەکات لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢، هەرچەندە ڤایرۆسەکە شێوەی خۆی گۆڕیوە، بەڵام ڕێگەی نادرێت لە ساڵی تازەدا کار بکات.

# کێوی شەپۆڵدار



کێوێکی گەورەی شێوە شەپۆڵدار هەیە دەکەوێتە ناوچەی (هایدن) کە بە دووری سێ کیلۆمەتر دەکەوێتە ڕۆژئاوای وڵاتی ئوسترالیا، بەرزیی ئەو کێوە دەگاتە (١٤) مەتر و بە درێژایی (١١٠) مەتریش بنارەکانیشی لە شێوەی شەپۆلی ئاو و دەریایە، دەگوترێت ئەو شوێنە بۆ (٢٧٣) ملیار ساڵ دەگەڕێتەوە، لەو کاتەی کە زەوی دروست بووە، لەم شوێنەدا ئاو و هەوای بەهێز هەبووە و کاریگەریی ئاو و هەوایەکە وای کردووە کە شێوەی ئەو کێوە شەپۆلدار بێت، هەندێکی دیکەش نەشارەزایی خۆیان لەو دیاردەیە نیشانداوە، کە زانیاریان لەبارەیەوە نییە ئاخۆ ئەو کێوە شەپۆڵدارە چۆن دروست بووە.

# نوکتە

جارێکیان کەسێك لەسەر بیرێك دانیشتبوو، لە خۆیەوە دەیگوت (هەشت هەشت هەشت هەشت) کەسێکی دیکەش بەوێدا تێدەپەڕێت، دەڵێت بزانم مەسەلە چییە، دەچێتە لای، کەسی سەر بیرەکەش پاڵێکی پیوە دەنێت بۆ ناو بیرەکەو، دەڵێت (نۆ نۆ نۆ)!

# فیلم

## لە پەنجەرەکەمەوە - Through My Window




فیلمێکی ڕۆمانسی و سەرکێشییە، باس لە کچێکی هەژار دەکات، کە لەگەڵ هاوڕێیەکی کوری دەوڵەمەندیدا دراوسێیە، کچەکە ناوی ڕیکوێلە، کاتێك هاوڕێ کوڕە لووتبەرزە دەوڵەمەندە دراوسێکەیان دەناسێت و دەکەوێتە داوی خۆشەویستییەوە، بەڵام بە هۆی ڕازینەبوونی هەردوولا سەرکێشی یەکتر دەکەن، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٥٦ خولەکە، لە دەرهێنانی مارچاڵ فۆریسی ئیسپانیی و، لە مانگی یەکی ئەم ساڵ تەواو بووەو، نمایش کراوە، لە نواندنی (دیلۆ پینا و کلارا گالی و هیوکو ئاربویس و گیلیرمۆ لاشێرز)ە.

## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەگەر پلانی ئەوەت هەیە کە کارەکەت بگۆڕیت، ئۆفەرێکی باش دێتە بەردەمت، پێویستە پەیوەندیی سۆزداری لەسەر بنەمای دروست و گونجاو بێت، بۆیە دەکرێت ئەو بابەتانەی کە بێزاریان کردویت، ڕاستگۆیانە لەگەڵ خۆشەویستەکەت باسی بکەیت، بۆ تەندروستییەکی باش پێویستت بە خەوی زیاترهەیە.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

با هەستت بۆ کێشەکان ئەرێنی بێت، ئەم ماوەیە لە چارەسەری ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی کارەکەت دەبێتەوە پێویستە بیرکردنەوەت ئەرێنی بێت، لە لایەنی شۆزدرییەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەت هەست بە ئاسودەیی دەکەیت، سیستمی خواردنی باش گرنگە بۆ تەندروستیت، بەتایبەت بایەخدان بە خواردنی سەوزە و میوە.

## جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

لە لایەنی پیشەییەوە هێندە پشت بە کەسانی دیکە مەبەستە و بەدیهێنانی خواست و هیواکانت بەکەسانی دیکە مەسپێرە، چونکە ڕەنگە دواتر بێهیوا ببیت، پێویستە پشت بەخۆت ببەستیت، بۆنە کۆمەڵایەتییەکان باشترین چانسە بۆ ئەوەی هاوبەشی ژیانت بدۆزیتەوە، لە لایەنی تەندروستییەوە هەندێك ئازاری جەستەیت تووش دەبێت، بەڵام کاتییە.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

بڕیادەری ژیانی خۆت بە و مەهێڵە کەسانی دیکە بڕیار لەسەر چارەنووست بدەن، لە لایەنی پیشەییەوە لە کارەکەتدا چانسی نوێت دێتەپێش، وا باشترە زیاتر سەرنج بدەیت لە تەواوی کارەکانت، هەرگیز بە بیانوی بێ کاتی خۆشەویستەکەت فەرامۆش مەکە، لە لایەنی تەندروستییەوە سوود لە ڕێنماییەکانی پزیشك وەربگرە و بە باشی جێبەجێیان بکە.

## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لە لایەنی پیشەییەوە ڕەنگە کێشەی زۆر چاوەڕێت بکات، بەڵام دەبێت لە ئاستی بەرپرسیاریەتیدا بیت، ڕێگەمەدە خۆشەویستەکەت بەتەنیا بڕیاردەر بێت، پێویستە تۆش بۆچونت هەبێت و بابەتەکان پێکەوە تاوتوێ بکەن، لەلایەنی تەدروستییەوە ڕاهێنانی وەرزشی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی تەندروستیت باش بێت و خاوەن لەشولارێکی ڕێك بیت.


## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لەلایەنی پیشەییەوە خۆت بە بیرکردنەوە لە داهاتوو خەریك بکە و، پلانی باش دابنێ بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانت، ڕاستگۆیی و ڕوونی لە گفتوگۆکردندا باشترین بنەمایە بۆ سەرکەوتنی پەیوەندیی سۆزداری و دواڕۆژێکی ڕوون، لە پێنای تەندروستییەکی باشتردا هەمیشە بایەخ بە سیستمی خۆراك و تەندروست بدە.

بۆ زانیاریت

## جەمسەری موگناتیسی

پێچەوانەبوونەوەی جەمسەرە موگناتیسییەکان دەکرێت شتێکی سرووشتی بێت، کە لە سیستمی ژینگەیی زەویدا ڕوو دەدات، بەڵام ئەم جارەیان دەکرێت کارەساتبار بێت، بەشێکی زۆری کەرەستە تەکنەلۆجییەکان پەیوەستن بە مانگە دەستکردەکانەوە، ئەم پێچەوانەبوونەوەش هەر ٧٨٠ هەزار ساڵێك ڕوودەدات، سەرەتا بە کەمبوونەوەی توندیی بوارە موگناتیسییەکە دەست پێ دەکات، لە دواییدا جەمسەرەکان پێچەوانە دەبنەوە، لە ڕووداوی پێچەوانەبوونەوەکانی پێشوودا نە خاوەنی ئەم تەکنەلۆجیایەی ئەمڕۆ بووین، نە خاوەنی مانگە دەستکردەکان، کە زۆربەی ئامرازەکانی پەیوەندیی پێوە پەیوەستە، هەر بۆیە لە پێشتردا کاریگەرییەکی وا بەرچاوی نەبووە. لە ماوەی ٥٠ ساڵی ڕابردوودا زانایان تێبینیی ناوچەیەکیان کردووە لە نێوان ئەفریقیا و ئەمریکای باشووردا، کە توندیی بوارە موگناتیسییەکەی بە ڕێژەی ٪٨ ڕووی لە کەمبوونەوە کردووە و، لەم دوو هەفتەیەی دواییدا ئەو ڕێژەیە زیادی کردووە بۆ ٪٨,٤، ئەمەش ناهاوسەنگی و تێکچوونی لە هەندێك لە مانگە دەستکردەکانی ئەو ناوچەیە دروستکردووە، بوارە موگناتیسییەکەی زەوی، کە بەرهەمی جووڵەی ئاسنی تواوەی نێو کرۆکەکەیەتی، کە وەك پارێزەرێك بە دەوری زەویدا کاردەکات و زەوی لە هەندێك لە تیشك و بڵێسە زیانبەخشەکان دەپارێزێت کە لە خۆرەوە دێن، بە نەمان یان کەمکردنی، تیشکە زیانبەخشەکان لە کاتی تێپەڕبوون بە بەرگە هەوای زەویدا چیتر ڕووبەڕووی هیچ ئاستەنگییەك نابنەوە و، زیان بە مانگە دەستکردەکان دەگەیەنن و تەنانەت کاریگەریی نەرێنییشیان لەسەر شتە زیندووەکانیش دەبێت.



## ئۆتۆمبێل - Cars


**شووتە**

شوتە، یان فلتەری هەوا، بریتیە لە پاڵێوەری ئەو هاوایەی کە بزوێنەر پێویستی پێیەتی بۆ کردای سوتان لە ژووی سوتاندا، فلتەری هەوا کاری ئەوەیە کە هەوایەکی باش بنێرێت بۆ بزوێنەر، بۆئەوەی لەکاتی سوتاندا هەوای تەواوی پێ بگات، لە کەتەلۆگی زوربەی ئۆتۆمبێلەکاندا نووسراوە کە لەپاش ٤٠٠٠٠کم بگۆڕدێت و لە هەموو٢٠٠٠کیلۆمەترێکدا پاك بکرێتەوە، گەر شوتەی هەوا بگیرێت ئەوا ڕاستەوخۆ کاریگەری دەکاتە سەر بزوێنەر و دەبێتە هۆی دروست بونی کێشە لە ژووری سوتاندا، دواتریش دەبێتە هۆی دروست بوونی فشار لەسەر بزوێنەر وە سووتاندنی بەنزین، گەر بۆ ماوەیەکی درێژ فلتەری هەوانەگۆڕدرێت، ئەوا دەبێتە هۆی خراپبوونی ڕینگی پستۆن و دەبێتە هۆکاری ڕۆن کەمکردن، گیرانی شوتە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کێشی بزوێنەر دروست دەکات، بەردەوام هەست دەکەیت ئۆتۆمبێلەکەت کێش کەمە، گەر ئۆتۆمبێلت هەیە و تا ئێستا شوتەکەت نەگۆڕیوە، پێویستە بگۆڕدرێت.



## پەند و وتە

گیرترۆد ستاین، ڕۆماننووس و شاعیری ئەمریکی، لە ساڵی ١٨٧٤ لە شاری ئەلیگینی لە ئەمریکا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٤٦ لە فەرەنسا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی تەنیایی و تێکەڵاوی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەڵێت: سەیرە کەسان هەنێك کاتێك تەنیا دەبن، حەز و خولیای تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی دیکە دەکەن، کاتێك لەگەڵ کەسانی دیکە دەبن، حەز دەکەن تەنیا بن، ئەوانەی ئەو جۆرە کارانە دەکەن تەنانەت خۆشیان تێناگەن کە چییان دەوێت.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا پەیکەرێکی سەر و دوو کەسی دیکە هەن، هەوڵ بدە بە وردی سەیری بکەیت و شوێنی دوو کەسەکە بدۆزیتەوە و دەستنیشانیان بکەیت.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

چالاککردنی پەیوەندییەکانت لەگەڵ هاوپیشەکانت هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەرەوپێشچونی کارەکانت، بە هۆی تێگەیشتن و گفتوگۆی ئارامی نێوانتانەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەت پەیوەندیی سۆزداریت زۆر باش و سەرکەتوو دەبێت، لە لایەنی جەستەیی و دەروونییەوە ئەم ماوەیە هەست بە ئارامی دەکەیت، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت فەرامۆش مەکە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

وا باشترە ئاگاداری هەندێك بنەمای سەرەکیی کارەکەت بیت و، بەر لە هەر پرۆژەیەك بەدواداچوونی تەواوی بۆ بکە، لەپێناو پەیوەندییەکی نەهێزتر، لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ خۆشەویستەکەت هەڵبدەرەوە و ناکۆکییەکان کۆتایی پێ بهێنە،لە ڕووی تەندرووستییەوە سیستمی خۆراکی تەندروست پەیرەوبکە و، وەرزش و پیادەڕوی لەبیر مەکە.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

وا باشترە تەواوی کارەکانت ڕێك بخەیتەوە و زیاتر خۆت ماندو بکەیت، چونکە ئەم ماوەیە کەمێك گرووپەکەت فەرامۆش کردووە، خۆڕاگری و تێگەیشتن دوو بنەمای سەرەکیی سەرکەوتنی پەیوەندیی سۆزداریین و، هەرگیز راستگۆیی لەگەڵ خۆشەویستەکەت فەرامۆش مەکە،لە ڕووی تەندروستییەوە وەرزشکردن باشترین ڕێگایە بۆ هێورکردنەوەی دەروون.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**


یارمەتی کەسانی دیکە بدە،بەڵام خۆت مەخەرە ناو کێشەکانیان، هاوکاریی هاوپیشەکانت لە لایەنی پیشەییەوە گرنگە، بۆ ئەوەی متمانە دروست بکەیت، قۆناغێکی هەستیاری خۆشەویستی لە بەردەمتدا هەیە، دەبێت بزانیت چۆن ئەو پەیوەندییە باش دەکەیت، تەندروستیت ئەم ماوەیە جێگیرە، وەرزشکردن و خۆراکی تەندروست لەبیر مەکە.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ڕابردوو لە بیر بکە، هەرگیز لە بەردەم کێشەکاندا بێدەسەڵات مەبە، چونکە کاریگەریی نەرێنی هەیە و دەبێت بوێرانە ڕووبەڕوویان بیتەوە، پەیوەندیی سۆزداریت لە ئێستادا لەسەر ڕێڕەوێکی ڕاستە و بەردەوام بە لەو ڕێچکەیە، تەندروستیت نابێت فەرامۆش بکرێت، هەوڵ بدە ئەم ماوەیە زیاتر بچیتە ناو سرووشت و سەوزایی.


**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

لەگەڵ ئەوەی بەدواداچوون بۆ کارەکەت گرنگە، خەمی داهاتووت نەبێت و کێشەکان چارەسەر دەبن، بۆ ئەوەی ئاستی تواناکانت بەرزبێتەوە، پشتیوانی خۆشەویست و هاوبەشی ژیانت هەنگاوێکی گرنگە، ڕۆژێکی گونجاوە بۆ ئەوەی لە سرووشتدا بگەڕێیت و چێژ لە کەشوهەوای پاك وەر بگریت، هەوڵ بدە زیاتر چێژ لە کاتەکانی پشوو وەربگریت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly March 7, 2022 Issue,No.1308


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626